# ڕەسمیەی سەربازگەی دووبز

ژنێکی چالاک و بوێر، تەتەری حیزب،
مامان و پەرستار، وەرگێڕ و ڕێکخەری
ناڕەزایەتیی ئەنفالکراوانی زیندانەکانی
دووبز و تۆبزاوە و تکریت..

عەلی مەحمود

پێداچوونەوە: ڕابەر ڕەشید

2026

ناوی کتێب: ڕەسمیەی سەربازگەی دووبز....
نووسەر: عەلی مەحمود
بابەت: چاوپێکەوتن
پێداوچوونەوە: ڕابەر رەشید

هەڵەچنی و دیزاینی ناوەوەی کتێب: ڕزگار حەساری
دیزاینی بەرگ: هێمن حەساری
چاپ: چاپی یەکەم - 2026
نرخ: (      ) دینار
چاپخانە:

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی سپاردنی (   )ی ساڵی 2026ی پێدراوە**

***زۆر سوپاسی رۆژنامەنوس هەوار محەمەد سابیر,
کاروان عەبدولڕەحمان مەلا عومەر و کاردۆ نیازی تەها
دەکەم، کە هاوکارم بوون لە ئەنجامدانی دیدارەکە و
تۆمارکردن و تایپکردنی...***

پێشکەشە:

* بە هەموو ژنان و کچان و منداڵانی سەربازگەی دووبز، بە تـایبەت ئەوانەی دڕنـدەکانی بـەعس بردنـی و نەگەڕانەوە، هەموو ئەو دووبزیانەی هاوکاریی ئەنفالکراوانیان کرد.

* بە هـاوڕێ مـام سـاڵەح، کە دادە ڕەسـمییەی بـۆ ئەنفالکراوان پەروەردە کرد.

## پێشەکی

هەڵوێست وەرگرتن و ئازایەتی، لە ساتە ترسناکەکانی ژیاندا دەردەکەوێت، ئەو کاتانەی مرۆڤەکان بە موو لە مەرگەوە نزیکن، ئەو ململانێیە لە نێوان ژیان و مەرگ، لە کاتە مەترسیدارەکان چۆنە، مرۆڤ ئاوا لە تەرازووی لێکدانەوە و خەیاڵدانی خۆیدا وێنای دەکات، وەلێ بە داخەوە؛ مرۆڤە بوێرەکان زۆریان خۆیان بەخشی بێ ئەوەی کامیرای ژیان وێنای هەڵوێستەکانیان بگوازێتەوە بۆ ناو مێژوو. زۆر جار مێژووش غەدر لە مرۆڤ دەکات.

یەکێک لەوانەی لە پرۆسەی ئەنفال غەدری لێکراوە، وەک ئەوەی هەیە نەخراوەتە بەردەم مێژوو، (خاتوو رەسمیە)یە، ڕەسمییە کەسوکارەکەی لە ناسکترین بارودۆخدا لە مجەمەعەکەی قادرکەرەم کە (پێیان دەگوت مجەمەع قورەوی)

جێ نـاهێڵێ، خـۆی و چـوار گلێـنەی چـاوی دەکـات بە قوربـانی ئەوان و، ڕێگای مەرگ هەڵدەبژێرێت.

ڕەسـمییە، ئەو کـچەی لە هەڕەتـی لاویـدا، گەڕەکە هەژارنشینەکانی کەرکووك تەی دەکـات، هاوکـاری و دەرمـان بۆ خێزانی شەهیدان و گەریـلا سوورەکانی قەواڵـی کۆدەکـاتەوە، لە ماڵە حیزبییە نهێنییەکان ژیان بە سـەر دەبـات و، دەبێـتە تەتەری حیزبـی شـەهیدان، شـار بە شـار نـامە و بڵاوکراوەکـان دەگـوازێتەوە، لە ئەنفالیشـدا دەبێـتە دەم سـپی ژنـان و کچـان و منـداڵانی ئەنفـال، ڕۆڵـی وەرگێـڕو پەرسـتارو مامـان و ڕابەر دەگێڕێت، لە نەخۆشیدا پزیشک، لە دایک بووندا مامان، لە کـاتی ڕەتکردنەی سووکایەتی ڕۆڵی پێشەنگ و ڕابەر دەگێڕێت.

هیـوادارم لە ڕێـی ئەم چاوپێکەوتنەوە، تـوانیبێتم کەمێـک تیشـک بـخەمە سـەر ژیـانی ئەم ژنە تێکۆشـەرە، کە سـەرتاپای ژیانی تژییە لە هەوڵ و تێکۆشان.

ئەو بە هۆی سـەربازی هاوسـەرەکەیەوە چەنـدین سـاڵ لە ناوەڕاستی عێراق دەژێت، فێـری زمـانی عەرەبـی و چارەسـەری سەرەتایی پزیشکی دەبێت، لە خەباتی سیاسییدا فێـری هەڵوێسـت وەرگـرتن و بەرەو ڕووبـوونەوەو فیـداکاری دەبێـت، لە زینـدانـدا زمـانەکەی لە خزمەتـی زینـدانیان بەکـار دەهێنێـت، ئەزمـوونی سیاسیشـی دەیکـات بە ڕابەرێـک لە کـاتی پێویسـتدا هەڵوێسـت وەربگرێت و ببێتە پارێزەری کەرامەتـی قوربانیـانی پرۆسـەیەکی تاوانکاری نەگریس، کە نـاوی ئەنفـالە، ئەو لە کـاتی منداڵبوونـدا دەبێـت بە مامـان، لە نەخۆشـکەوتندا پەرسـتارو لە گفتوگـۆدا وەرگێڕو لە ڕووبەڕووبوونەوەی غەدرو سووکایەتی و پاراستنی کەرامەتدا ڕابەر دەبێت.

ئەو خۆی ناکاتە پاڵەوان، چیرۆک دروست ناکات بۆ خۆی، ئەوە خەڵکە هەمیشە باسی هاوکارییەکانی دەکەن، لە هەموو وێستگەکانی ئەنفالکردندا ئەو خزمەتکاری قوربانیان بووە.

ئێمە بە زمانێکی سادە و کەرکووکیانە چاوپێکەوتنەکەمان ئەنجامداوە، لە کاتی دارشتنەوەی گفتوگۆکان، زۆر کەم دەستکاری کراوە، بۆ ئەوەی هەمووان تێی بگەن، بۆیە هەندێک وشە دەستکاری کراوە، لە جیاتی ئەو نە قسەم کردووە، نە بۆچوونی خۆم سەپاندووە، نەبوومەتە زمانحاڵ و قسەکەری ئەویش.

بە داخەوە لە کاتێکدا تیشک دەخەینە سەر ژیانی زیاتر لە 7000 قوربانی ژن و منداڵ لە سەربازگەی دووبز، سەربازگەکە لە دوای روخانی دەسەڵاتی ئەنفال، دەسەڵاتی کوردی شوێنەوارەکەیان سڕییەوە، هەندێک بەرپرسی نا بەرپرس ئەو سەربازگەیەیان تێکدا، بەردیان بەسەر بەردییەوە نەهێشت.

**عەلی مەحمود**

(https://shorturl.at/UpDtL)

# ڕەسمییە کێیە؟



ڕەسمییە نەجمەدین، باوکی لە ڕەگ و ڕیشەی شێخەکانی "کۆشک"، کۆشکی شێخ محێدینە و دایکیشی "باوەیی"یە؛ هەردووکیان لە بنەڕەتدا تاڵەبانین، بەڵام چارەنووس وای ویستووە کە لە جێگەی گەورەیی و دەسەڵاتی گوندەوە، سادەیی و هەژاریی شار هەڵبژێرێت.. باوکی بە دڵنیایی تەختی پاکی و ڕاستیی بەرز کردەوە؛ بوو بە باخەوانێکی ماندوو و پاسەوانێکی شەونخوون لە گۆڕەپانەکانی کەرکووک و بە ڕەنجی شانی خۆی ژیانێکی پاک و بێگەردی بۆ منداڵەکانی بونیاد ناوە، کە ئاسان نەبووە کەسێک بتوانێ بەدەستی بهێنێت.

**- تاقە ژوورێک بە فراوانیی ئاسمان**

له ساڵی ١٩٤٧، له گەڕەکی" پریادی "ی شاری کەرکووک، ڕەسمییه چاوی به ژیان هەڵهێنا. ئەو گەڕەکه له موسەڵلایه، وەک خودی خۆی باسی دەکات: "ئاوا بەرەو ژوور ئەڕۆی به دەستی چەپدا، ئاوا ئەڕۆی بۆ فلکەکەی موسەڵلا، بەڵێ ئیتر به دەستی ڕاستا بەرەو کۆڵانەکه ئەچیته ژوورەوه، ئا لەوێ بووین".

هەژده ساڵی ژیانیان لەو گەڕەکەدا بەسەر بردووه، له تاقه ژوورێکی قایه و گەچدا، که ببووه جیهانێک بۆ ئەوان. مام ساڵەح، برای گەورەشیان، خۆی له ڕێگای کۆچی خێزانەکەیاندا، له گوندی (قەواڵی) له دایک دەبێ، کاتێک هاتوونەته ناو شاری کەرکووک. قەدەر وا دەکات که ژیانیان لەو تاقه ژوورەدا بەسەر بەرن، و هەمان شوێن ببێته مەیدانی خەون و سەیران و له دایکبوون و مەرگیش.

ڕەسمییه خۆی دەڵێت: "هەر لەو ژووره چەند منداڵێک له دایک بوون، جگه له مام ساڵەح، دایکم یانزه منداڵی دیکەی بووه، دوای ئەو، سەڵاح، سەڵاحی دووەم، خەیرییه، فەزیلە، جیهاد، ڕەسمییه، ئیلهام، ئەمیره، شوانه، سەعدییه، قەدرییه، نەسرین...، و پێنجیان مردوون، یەکیشیان دووانه بوو و به منداڵی مرد"...

لەو گۆشه تەسکەدا، خەیاڵەکانیان لەو دیوارانه گەورەتر بوون، پازده کەس له ناخی تاکه ژوورێکدا هەناسەیان دەدا و شەویان بەڕێ دەکرد. پێنج کۆرپەی جوانیان به بێدەنگی بوونه

نێچیـری مەرگ و نەخۆشـی سـورێژە، و نەنە حەلـیمەی خـاوەن ماڵیـان، کـە بە زمـانی تورکمـانی و دڵێکـی کـوردییەوە، سـێبەری میهرەبانیی بۆ دروستکردبوون.

ڕەسـمییە خـۆی وەسـفی ئەو ڕۆژانە دەکـات و دەڵێـت: "بـەو جـۆرە ژیانمـان دەبـردە سـەرو لەگەڵـی ڕاهـاتبووین، زەرورەت شێوازی ژیان دروست دەکـات، مەجبوور بـووین لە گەڵیـا خۆمـان بگونجێنین، زۆربەی خەڵک ئەو کات وابوو، بە تایبەت کوردەکانی ناو کەرکووک".

**- منداڵی، لە نێو تۆزی کۆڵانەکاندا**

ڕەسمییە لە نێو تۆز و خۆڵی کۆڵانەکـانی پریـادی، بە یـارییە سـادەکانی منـداڵان و لەسـەر زەویـیە ڕەقەکە، سـاتەکانی تەمەنـی دەنەخشاند. ئێـوارانیش بە تـامەزرۆییەوە چـاوەڕوانی هەنگاوەکـانی بـاوکی دەکـرد، تـا بزانێـت لە نێـو دەستەسـڕەکەیدا چ شـتێکی بـۆ هێناون.. خەونە پەمەییەکانی رەسمییە زۆری نەخایاند؛ پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە پازدە بەهارێ، مەرگی لەناکاوی دایکی بـاڵی ڕەشـی بەسەر ماڵە یەك ژوورەکەیاندا کێشا.

**- مەرگی دایک و پەیمانە گەورەکەی باوک**

کاتێ بەو جۆرە ژیانیان دەگوزەراند، کەچی زەردەخەنەکـانی ئەم خێزانە تەمەنیان کـورت بـوون. پێش ئەوەی ڕەسـمییە تەمەنـی

بگــاتە پــازدە ســاڵ، كــۆڵەكەی ماڵەكەیــان ڕووخــا و دایكیــان ماڵئــاواییەكی یەكجــاری لێیــان كــرد.. بــەڵام لەو ســاتە تاریــك و سەختەدا، باوكیـان پەیمـانێكی مەردانەی دا، بڕیاریـدا هەرگیـز ژن نەهێنێتەوە، تاكو منداڵەكانی نەكەونە ژێر دەستی باوەژن.

ڕەســمییە تــا تەمەنــی بیســت ســاڵی و تەنانــەت ڕۆژی بووكێنییەكەشــی، گونــدەكەی باوباپیرانیشــی نەبینیبــوو، بەڵام لە ناخەوە هەڵگری گەورەترین ئازار و شاكاری فیداكاری بـوو. ئەمە سەرەتایەكە بۆ چیرۆكێك، نەك كۆتایی... چیرۆكێك كە دواتر ئەو كچە دەبێتە پاڵەوان و خەمخۆرو دەوا و دەرزی و دەنگ و پەناگەی هەزاران ژن و منداڵ لە ناخی سەربازگەی دووبزدا، ئەمە بەشێكی ئەم داستانە گەورەیەیە.

**- تاجی دایكایەتی لەسەر سەری كچۆڵەیەك**

لەگــەڵ مــەرگی دایكیــان، ئیــدی لەو ڕۆژە تــاریكەوە، ڕەسمییەی بچووك گەورەترین قوربانییدا؛ وازی لە یارییەكانی نێو كۆڵان هێنـا، جلـی منـداڵیی داكەنـد و تـاجی دایكـایەتی خستە سـەر سەری، تا ببێتە دایك بۆ خوشك و برا بێنازەكانی، ئەو ناچار بـوو پێشــوەختە گەورە بێــت و بەرگێكــی گەورەتــر لە بــاڵای خــۆی بپۆشێت..

ژیــــانی ئەم ژنە فیــــداكارە بــــووە داســــتانێك لە لەخۆبووردووییەكی بێسنوور بۆ گەورەكردنی خوشك و براكـانی؛

گۆڕینی خەون و خەیاڵەکانی ناو کۆڵانی بۆ بەرپرسیارێتییەکی قورسی مێژوویی، و هەڵگرتنی خەمی نیشتیمانێک لە ناخی کچێکدا کە تا ساڵی ١٩٦٧ گوندی باوباپیرانی نەبینیبوو.

ئەمە تەنها سەرەتای ژیانێکی پڕ لە فیداکاری ئەو پاڵەوانە بوو؛ دەروازەیەک بوو بۆ تراژیدیایەکی گەورەتر کاتێک ڕەشەبای ئەنفال ڕەسمییەی ڕاپێچی زیندانە تاریکەکانی سەربازگەی دووبز کرد، و تا لەوێش ببێتە قەڵغانێك، شوعلەیەك بۆ ڕووناککردنەوەی شەوی تاریکی تەواونەبووی هاوچارەنووسەکانی..

با پێکەوە لەگەڵ نووسەر وشەکان بکەینە وێنەی تارمایی ئازارەکانی ناو ئەو سەربازگەیە.. (ڕووداوەکان لێرەوە دەست پێ دەکەن)..

## تێکەڵاوبوونی مام ساڵەح بە سیاسەت

لە پڕ هەواڵی ئەوەیان پێ دەگات، کە فەخرەدین کوڕە گەورەیان تێکەڵاوی سیاسەت بووە، لە ناو سیاسەتیش حیزبی شیوعی هەڵبژاردووە، کە لەو ڕۆژگارەی سەردەمی رژێمی پاشایەتی حیزبێکی زۆر بڤە بووە، هەمیشە ئەندامەکانی حوکمی

قورست تر و سەنگین تر دراون، بە بەراورد لە حیزبە ئۆپۆزسیۆن و نەتەوەییەکانی دیکە.

**پ: چۆن زانیتان کاکەت تێکەڵاوی سیاسەت بووە؟**

**و:** کاکەم کە تێکەڵاوی سیاسەت بوو، کوڕێک هەبوو ناوی تەحسین بوو، تورکمان بوو لە گەڕەکەکەی خۆمان، هات وتی: باجی هەندێ ئاگاداری (فەخرەدین)ی کوڕت بە تێکەڵاوی جەماعەتی حزبی شیوعی بووە.

**پ: ئەو چۆن زانی؟**

**و:** نازانم تەحسین برادەری بوو، هات بە دایکمی وت: ئاگاداری بە، دایکمیش ئیتر کە کاکەم هاتەوە، وتی: کوڕم من پێم ناخۆش نییە، قەیناکە تۆ مەسەلەن رەئی خۆتە و خواستی خۆتە، بەس ئاگاداری خۆت بە، خۆت ئەزانی ئەم حکومەتە چۆنە و چەن زاڵمە.

**پ: بۆ ئەو کاتە حکومەت زاڵم بوو؟**

**و:** ئەی چۆن، ئەی چۆن زاڵم نەبوو، وەڵا تا بڵێی زاڵم بوو، ئەرێوەڵا زۆر زۆریش.

**پ: ئێستا خەڵک هەیە دەڵێن خۆزگەم بە وەختی پاشایەتی، پاشایەتی وا باش بوو کە خۆزگەی بۆ بخوازرێت؟**

**و:** کورە خۆزگەی چی؟ نازانم چۆن ئێستا خەڵکێک هەیە دەڵێن خۆزگەمان بە کاتی سەدام حوسێن، ئەوەش هەر وایە، عەینەنە، زاڵمە تازەکان زاڵمە کۆنەکان لە بیر دەبەنەوە.

**پ: خەڵکیان بە قەنارەوە هەڵئەواسی، بە ڕۆژ لە بەرچاوی خەڵـک دەمـایەوە، ملـی بە پەتەکەوە لە شـەقام پیشـانی خەڵکیـان ئەدا؟**

**و:** ئەی چی وابـوو، ئیتـر وەڵا ڕۆژێـک دایکـم وەرەقەیەکـی دۆزییەوە لە ماڵەوە، دایکم خوێندەواری نەبوو، کاکەم هـاتەوە وتـی: فـــەخرەدین، کـــاکەم وتـــی: بەڵـــێ، دایکـــم وتـــی: ئەم وەرەقەیەم دۆزیوەتەوە لە فڵان شـوێن دۆزیـومەتەوە، مـن بە بیـرم دێـت، ئیتـر منیش وەستا بووم سەیرم ئەکرد، دایکم بە منـی وت: تـۆ بـڕۆ، هەر ئەوەنە گوێم لێ بوو، نەمزانـی چـی پـێ وت، چـی پـێ نەوت، بەس ئەزانـم وتـی: فـەخرەدین ئەم وەرەقەیەم دۆزیـوەتەوە، ئیتـر چـوومە ژوورەکەی تر، لە گەڵ کاکەم نازانم خۆیان قسەی چییان کرد.

**پ: باوکت هەر خەریکی کاسبی خۆی بوو؟**

**و:** خەریکی کاسبی خۆی بوو، دایکم هەمـوو بەرپرسـیارێتی ئـێمە و مـاڵەوەی وەرگرتبـوو، میـوان بهاتـایە، میـوان بڕۆیشـتایە، منـداڵ چـی بکـردایە نەکـردایە، چـی بـۆ ئەکەن، هەمـوو دایکـم تەحەمولی مەسئولیاتی ئەکرد، ئەو لە ماڵەوە کول فی کول بوو.

**پ: دایکت داوای نەکرد کاکەت واز لە سیاسەت بێنێت؟**

**و:** دایکـم زۆر ژیـر بـوو، زۆر تێگەیشـتوو بـوو زۆر زۆر، یەعنی ئافرەتێکی ئەوە نەبێ بڵێم دایکی خۆمە، ئێستاش خەڵکانی تر ئەوەی ڕۆژێک دایکمیان بینیبێ هەمـوو وەسفی ئەکەن، ئیتـر بەس

باوکم تۆزێ فەقیر بوو یەعنی تێکەڵی شت نە ئەبوو، بەڵام زۆر دڵ گەورە بوو، دڵی جێگای هەموو دنیای تیا دەبوەوە.

بە ڕاستی کە ڕابیتە (کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق) کرایەوە ئەویش چووە ناو سیاسەتەوە دایکم بووە ئەندامی ڕابیتە، هاتوچۆی ڕابیتەی ئەکرد، دایکم بەم شێوەیە هاوردمان، ئیتر لە کاتی ڕژێمی پاشایەتیش نەگیرا.

**پ: لە جیاتی ئەوەی تەمێی کوڕەکەی بکات وازبێنێت لە سیاسەت و شیوعییەت، کچە شێخەکەش خۆی تێکەڵ بوو؟**

**و:** بەڵێ خۆی تێکەڵ بوو، دایکم ناڵێم مرۆڤێکی زۆر ژیرو زانا بوو، وەڵا ئیتر خۆیشی داخل بوو.

**پ: ساڵی چەند پەیوەندی بە ڕابیتەوە کرد ؟**

**و:** وەڵاهی ڕێک نازانم ساڵی چەند بوو، ڕەنگە پەنجاکان بێت (53) و (54) بێت، هەر ئەو کاتە بوو ناڵێم لە فکرم نییە بە تەواوەتی.

**پ: ئیتر دایک و کوڕ بوونە هاوڕێی خەباتی نهێنی؟**

**و:** بەڵێ

## سەرکەوتنی شۆڕش

**پ: تۆ لە ساڵی پەنجاو هەشتا، (11) ساڵ بووی، کە شۆڕش سەرکەوت، تۆ ئەو کاتە هەستت بە چی دەکرد؟**

**و:** وەڵڵاهی ئەمەنە دڵخۆش بووم کە کاکەم هاتەوە ڕایدیۆیەکمان هەبوو، ڕادیۆکەی لێدا وتی: دایە نەجاتمان بوو؟ تێ ئەگەی چارەکە قاڵبێک بەفری کڕیبوو لە بن هەنگڵی بوو، لەگەڵ

دەست خۆی هاوردبووی داینا، وەڵا ئیتر ڕادیۆیان کردەوە، ئەمەنە پێم خۆشبوو ئەمەنە حەزم ئەکرد، وەک دەڵێن لە خۆشییا خەریک بوو بفڕم، یەعنی وەک چۆن بڵێی لەم زوڵم و زۆرە نەجاتمان بێت، هەمووومان لە خۆشییا خەنی بووین.

**پ: ئەو کات لە گەڕەکی شۆڕیجە بوون ؟**

**و:** بەڵێ لە گەڕەکی شۆڕیجە بووین.

**پ: لە شۆڕیجە، بە تەنیا لە حەوشێک بوون، یان ماڵی دیکەتان لەگەڵ بوو؟**

**و:** لەگەڵ 3 ماڵی تر پێکەوە بووین لە حەوشێک.

**پ: خانووەکە لە کوێوە بوو؟، چۆن بوو؟**

**و:** لای مزگەوتی شێخ سمایل، لە گەڕەکی شێخانییەکان بووین، قایەوگەچ بوو.

**پ: ئەوێش جەوەکەی وا بوو، شۆڕیجەش زۆرینە لەگەڵ شۆڕش بوون؟**

**و:** ئا ئا، هەمووی لەگەڵیا بوو، خەڵک دەستی کردە هەڵپەڕکێ کردن و خۆشی، زۆر شتەکەمان پێ خۆشبوو.

**پ: وەک ماڵ خۆتان، ئێوە چیتان کرد؟**

**و:** وەڵڵاهی ئەمجا لە خۆشییا چیمان نەکرد، ئێمەش وەک خەڵکەکە، لە ناو خۆشیا غەرق بووین، ئەوجا منیش تێکەڵ بووم.

**پ: تۆ (11) ساڵ بووی، ئاخر (11) ساڵ بچووک نییە؟!، تێکەڵی چی بووی؟**

**و:** نـاوەڵڵا نـاوەڵڵا (11) سـاڵ بچـووک نیـیە، بە بیـرم دێ، کـاکەم تـێکەڵ بـوو لە گەڵ جەماعەتـا ئەهـاتن، بڕادەرەکـانی هاتوچۆیـان ئەکـردین، ئیعلانیـان کـرد وەک بڵـێن ئـێمە شـیوعین و ئەمە، ئیتر شەبیبە (لاوان)مان دانا.

**پ: لە گەڕەکی شۆڕیجە؟**

**و:** لە بیـرم دێ کـاکەم بەرپرسـی شـەبیبە بـوو لە گەڕەکـی شـۆڕیجە، شـەبیبەیان دانـا ئیتـر هاوڕێکـانی (عەول قـادر بـاش باخەوان) هاوڕێی بوو، (تـایەر فـاتە شـانە) هـاوڕێی بـوو، (ئەمـین مەولوود) هاوڕێی بوو، من وەک ئەمانە ئەیزانم، بە بیرم نـایە زۆر هاوڕێی هەبوو ئەهاتن هاتووچۆمانیان ئەکرد.

**پ: تـۆ وەک کچێکـی هەرزەکـار، ئەوانـیش بیروبـاوەڕێکی تازەیان بڵاو کردبێتەوە لە ناو ژنانا چۆن ئەمەت وەرگرت؟**

**و:** وەڵڵاهی زۆر پێم خۆش بوو، ئەمزانی شـتێک لە زوڵـم و زۆر ڕزگارمان بووە، ئەم زانی دایکم لە ڕابیتە ئیش ئەکات.

**پ: دایکت بەرپرس نەبوو؟**

**و:** نا بەرپرس نەبوو، نـا نـا مەسـئولییەتی نـاگرتە دەسـەوە، ئەویش تەبعێکی هەبوو وەک من وابوو، یانی من چوومەتەوە سـەر ئەو.

**پ: ئەی بابە شێخەی باوکت چی کرد؟، کە ئێـوە دایە و کـچ و کوڕ هەمووی تێکەڵاوی شیوعییەت بوون؟**

**و:** باوکم پێی خۆش بوو، باوکم، ئینسانێکی ئەزانی چۆن بوو؟ باوکم زۆر فەقیر بوو، فەقیر عەقڵ نا، فەقیر بوو وەک هەڵسوکەوتی لەگەڵمان لە ماڵەوە میهرەبان بوو، یەعنی ئەوەی نەبوو موحاسەبەمان بکات، زۆر میهرەبان بوو، دڵ گەورە بوو، یان نەهێڵێ بە ئازادی خۆمان هەڵستین و دابنیشین و بیربکەینەوە، هیچ ڕێگری ناکرد، قەت پێمانی نەوت بۆ.

**پ: نەبوونە مقاوەمەی شەعبی؟**

و: نا کەسمان نەبووینە مقاوەمەی شەعبی، کچێ بوو لە شۆڕیجە، ناوی ئامینە بوو، ئەو بووە هێزی چەکداری مقاوەمەی شەعبی لە شۆڕیجە ئەوەندەی لە یادم بێت، لە شۆڕیجە من هەر ئەو ئەناسم بوو بێت، دایکم تەنها هاتوچۆی ڕابیتەی ئافرەتانی ئەکرد و بەس.

## چوون بۆ قوتابخانە

**پ: کەی چویتە قوتابخانە؟**

**و:** لە تەمەنی مەکتەب نەنێردرامە قوتابخانە، بە گەورەیی من چووم، نازانم ئیتر بۆچی منیان زوو لە مەکتەب دانەنابوو، هەرچەندە خۆم زۆر حەزم ئەکرد ئەو کات، کە ماڵمان لە پریادی

باری کرد هاتینە شۆڕیجە، دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی، مەکتەب لەوێ کرایەوە، تێکەڵاو کچ و کوڕ پێکەوە بوو، ئیتر خرامە قوتابخانە، ڕۆژێکی خۆش بوو بۆ من.

**پ: کچ و کوڕ پێکەوە؟ خەڵکەکە قبووڵیان ئەکرد؟**

**و:** یەعنی ئەو ساڵە لە ئێستا باشتر بوو، خەڵکەکە ئەوسا قەبووڵی ئەکرد، ئاخر ئەو کات خەڵک ئەوەندە حەزی بە مەکتەب نە ئەکرد، ئەوەندە فکری لە لای چوون بۆ مەکتەب نەبوو وەک ئێستا، ئیتر چوومە مەکتەب تاکو پۆلی سێی سەرەتاییم خوێند.

**پ: بە چەند ساڵی چوویتە مەکتەب؟**

**و:** نازانم 10 ساڵ بووم، 12 ساڵ بووم، زۆر گەورە بووم بە گەورەیی چوومە مەکتەب.

**پ: بە پێی موالیدەکەت بێت، ئەوەی بۆ منت باس کردووە ئەوکات 12 ساڵ بوویتە.**

**و:** بەڵێ بە گەورەیی چوومە قوتابخانە، گەڕاینەوە ساڵی داهاتووی شۆڕش چوومە مەکتەب، پۆلی یەک و دوو تاکو پۆلی سێ، دەرچووم بۆ پۆلی چوار، دایکم کۆچی دوایی کرد، ئیتر منیان دەرکرد لە مەکتەب، لە بەر کێ؟ لە بەر ئەمیرەی خوشکم، ئیلهامە، شوانەی برام، ئەمانە هەموو منداڵ بوون، باوکیشم بوو، ئێ ئەمانە گشتی من خۆم بوومە سەر گەورەی ناویان، ئیدارەیانم ئەدا خزمەتیان لەسەر من بوو هەموویان، بۆیە بە ناچاری دەرچووم.

**پ: ئەی کە تۆ وازت هێنـا، هاوڕێکانـت ئەچـوون، هەسـتی چیت هەبوو؟**

**و:** وەڵڵاهـی هەسـتم ئەوە بـوو پـێم نـاخۆش بـوو بە ڕاسـتی، یەعنی سەیریانم ئەکرد ئەوان ئەچـوون بـۆ مەکـتەب، بە تـایبەتی لە دوای ئەوەی کە بڵێین عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم کە چوومە مەکتەب زۆر زۆر زیرەک بووم، یەکەم دەرچووم لە مەکـتەب، پـێم نـاخۆش بـوو زۆر بە ڕاسـتی دەرکـرام، بەڵام بە ویسـتی خـۆم و بە ناچاری بوو.

**پ: دایکت نەخۆش بوو ؟**

**و:** بەڵێ نەخۆش بوو، بزانن چۆن نەخـۆش کەوت، برایەکـی مرد، ئینجـا هەمـوو جـارێ خـۆی ئـەیوت، ئەگەر (فەریـق)ی بـرام بمرێ، منیش خوا ڕۆحـم دەرەکـا و دەمـرم، وەڵا دوای ئەوەی خـاڵم مـرد، ئیتـر یەکسـەر ئەویـش نەخـۆش کەوت، حەوت مانـگ دوای خاڵۆم، ئیتر ئەویش نەخـۆش کەوت و عەمـری خـوای کـردو مـرد، ئێمە بە تەنیا ماینەوە، دایکم لە ساڵی 1961 عەمری خوای کرد.

**پ: مەکتەبت پێ خۆش بوو؟**

**و:** وەڵا ئەمەندە پـێم خۆشبوو، بەرپرسـیارێتیم لە مەکـتەبەکە وەرگـــرت، لەوێ سەرپەرشـــتیاری گشـــتی قوتابخـــانە بـــووم، سەرپەرشـتیاری گشـتی پـۆل بـووم، هەمـوو شـت بـووم دوای مامۆستاکان.

**پ: هی هەموو مەکتەب؟**

**و:** کوڕە هی هەموو مەکتەب، ئەی چی هەر هەمووی.

**پ: ئێ تۆ پۆلی یەکی چۆن ئەبی بە سەرپەرشتیاری گشتی هەمووان؟**

**و:** وەڵا بە سەرپەرشتیاری گشتی منیان دانا چونکە زیرەک بووم.

**پ: خەبەرت لە تەلەبە ئەدا هیچ؟**

**و:** بۆ ئەوەی بڕۆم خەبەر بدەم؟ نا بانگیانم ئەکرد و ئینزارم پێیان ئەدا، یەکەم جار ئینزارم پێیان ئەدا.

**پ: ئەی دووەم جار؟**

**و:** ئەگەر دووەم جار، سێیەم جار، هەر وایان بکردایەتەوە ئەڕۆیشتم خەبەرم ئەدا لە دەستیان.

**پ: ئەی ئەگەر لێدانیان بخواردایە؟**

**و:** لێدانیان نە ئەخوارد بانگیان ئەکرد، ئاخر کێ بوون مامۆستاکان قوتابخانەکەمان؟ ست (نەسرین) شیوعی بوو، ست (مەلیحە) شیوعی بوو، لەوێ ئەو دوو کەسە من ئەمزانی ئەوانە هەردووکیان شیوعین، ئەوانیش ئەیانزانی من لە بنەماڵەی شیوعیم، زۆر ڕێزیان لێم ئەگرت، بۆیە منیان کردە بەرپرسی هەموو مەکتەبەکە، لە پۆلیشدا بەرپرس بووم، ئیتر هانمیان ئەدا بۆ وەرزش، یاری کورەت سەلە (سەبەتە) هەبوو، ئەو کات دەیانوت تۆپێن، ئا منیانیش داخل کرد لە گەڵیانا بۆ ناو تیپی قوتابخانە.

**پ: بەرگی چیت لە بەر ئەکرد؟**

**و:** وەڵا کەلوپەل کەشافە هەبوو، کەشافە شین و سپی، شینی تۆخ بوو، تەنوورەکەشمان شینی کاڵ بوو.

**پ: تەنوورەتان دەکرد؟**

**و:** وەڵا تەنوورەم دەکرد، ئەو کاتە وابوو، ئیتر بۆ کەشافە داخڵمیان کرد.

**پ: کەس نەیەوت ئەم تەنوورەیە نابێ ئەمە بکەیتە پێت؟**

**و:** نەوەڵا کەس هەقی نەبوو بە سەرمەوە.

**پ: لە بنەماڵەکەتان خاڵێک، مامێک، کەس نەبوو بڵێت نابێت؟**

**و:** سێ خاڵۆ و پێنج مامەم هەبوو، تەداخولیان لە سیاسەتی ئێمە ناکرد، ئامۆزاکانم پێیان ناخۆش بوو، بەڵام ئێمە بڕیاری خۆمان دابوو.

**پ: ئەوان چی بوون لە سیاسەتدا؟**

**و:** هیچ نەبوون، کاسب ماڵی خۆیان بوون، بەس مەحاسەبەی کاکەمیان ئەکرد، ئەیانوت: بێ واز لە شیوعییەت بێنە، ئیتر تەبعیان وابوو، شێخیش بوون ناحەقیان ناگرم، شێخبوون، نەوعێ نەفسییەتیان هەبوو، کاکەم لە بۆچوونی سیاسی هەر حیسابی بۆیان ناکرد، ئێمە کەسمان لە سیاسەت حیسابمان بۆیان ناکرد، ئاوەڵا، وەلێ وەک خزمایەتی و باری کۆمەڵایەتی خۆشیانمان ئەویست، مرۆڤی باش بوون، ڕێزی زۆرمان لێیان

ئەگــرت، ئەویــش سیاســەتەکەمان وای فێــر کــردین کە مــرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە.

**پ: بۆچی ئەوان حەقیان چی بوو بە سەر ئێوەوە؟**

**و:** ئیتر وەک ئامۆزای ئەوساکە، وەک چۆن بڵێ ئـامۆزامە و خوێنمان تێکەڵە، ئێمەش چەنێ ئەوان وابوون، گوێمـان پـێ نە ئەدا، لە سەر سیاسەتی خۆمان بەردەوام بووین، ڕێگای خۆمان بەرنەدا.

**پ: چالاکی دیکەت چی بوو لەو کاتەی قوتابی بوویت؟**

**و:** وەڵا کەشــافە، ئــێ یــاری ســەبەتە، نمایشــی شــانۆگەری قوتابخانە داخڵ ئەبووم لە گەڵیانا، هەموو شت هەر ڕەسمییە بوو.

**پ: هەمووی کـچ بـوون؟، یـان تـێکەڵاو بـوو؟، کـوڕ و کـچ پێکەوە شانۆگەریتان ئەکرد؟**

**و:** بەڵێ.. بەڵێ پێکەوە دەمان کرد، تێکەڵ بوو.

**پ: کەسێ نەبوو، باوکێ.. برایێ، کەسـێ نـاڕازی بـێ، هەر تۆ بەشداریت دەکرد؟، یان کچەکانی تریش؟**

**و:** یەکێــک لەو کچــانە فەخــرییە بــوو، ماڵیــان لە گەڕەکــی حــوڕییە لە شــاری کەرکــووک ئەویــش بەشــداری دەکــرد، نــا هــی دیکەش بەشداری دەکرد.

**پ: فەخریە کێیە؟**

**و:** بەڵێ، فەخریەی ناوبوو، فەخرییە ژنی ڕەزا کەباب چـی، ژنــی دووەمــی ڕەزا کەبــابچی، ئەو لەگەڵ منـا پـێکەوە بەشداریمان ئەکرد، ئەو بنەماڵەی شیوعی نەبوون ئەوکات ناوەڵا، بەس مــاڵێکی

چـۆن بڵێـی ڕۆشـنبیر بـوون، بەڵـێ بە گشـتی زۆریـنەی کچەکـان تەنوورەیان ئا لێرە لە سەر چۆکیان بوو، کەسیش نەبوو بڵێت ئەمانە کافرن، نا نەوەڵا نەبوو، کەس قسەی ناکرد ئەو کات.

**پ: لەوانەیە ڕەمەزانـــان بەو تەنـــوورەیەوە بە ڕۆژووش بووبێتن؟**

**و:** کـوڕە ئەی چـی، ئەرەوەڵا زۆر کەس هەبـوو جلـوبەرگی واش بوو بە ڕۆژووش بوو.

**پ: کە بڕیـــارت دا لە مەکـــتەب دەرچیـــت، مامۆســـتاکان هەوڵیان نەدا لە گەڵتان بەردەوام بیت؟**

**و:** وەک وتم سێیەم سـاڵ کە نـاجح بـووم دەرچـووم بـۆ پـۆلی چوار، دایکم کۆچی دوایی کرد، لە قوتابخانە هەموو ساڵەکان یەکەم دەرەچووم، کە دەرکرام لە مەکتەب حەتاکو چی مامۆستاو معاون و بەڕێـوەبەری قوتابخـانە گشـتیان هـاتن بـۆ لای کـاکەم، وتیـان: چـی ئەڵێـی ئـێمە هاوکاریـت ئەکەیـن، بەس بـا ڕەسـمییە دەرنەچـێ لە قوتابخـــانە، دوواڕۆژی نەفەوتـــێ، کاکەشـــم وتـــی: خوشـــکەکان و بـراکەم منـداڵن، بـاوکم کرێکـارە، یەعنـی ئەبـێ خـواردنێ شـتێ حازرکات بۆی، ئێ چیبکەم شتەکە لە دەسـەڵاتمان نییە، ئیتـر مـن بووم بە (قوربانی) بۆ ئەوان، لە قوتابخانە دەرکرام.

**پ: ئەوان ئێستا هەستی پێ ئەکەن؟**

**و:** ئەرەوەڵا زۆر هەستی پێ ئەکەن، ئەوە شوانەی ڕەحمەتی برام، هەتا مرد هەستی پـێ ئەکـرد، ئـەیوت تـۆ دایکایەتیـت بـۆ مـن

کرد، ئێ ئیلهامی خوشکمیش بەخوا بڕوا ئەکەی ئێستا بڵێم ئیلهام خوشکم ناخۆشترین شت زەحمەتترین شت ئەوەیە کە بڵێم واز لە ماڵ و منداڵ بێنە بێ بۆ لای من، بە قسەی من ئەکا و دێت و ئەمیرەش هەروا، کاکەمیش وەک جەرگ خۆی سەیرمی ئەکرد.

**پ: کە دەرچووی لە قوتابخانە خەفەتت ناخوارد؟**

**و:** وەڵا خەفەتم ئەخوارد، بەڵام لێرەیا شتێک تریش هەبوو، هەستی ئەوەم هەبوو وەک دایکایەتییەک مەجموعەیەک کەسی زۆر خۆشەویست پەروەردە ئەکەم، پێیان ئەگەیەنم، بەرپرسیارێتیش خۆشە بەرامبەر بە خۆشەویستەکانت، مەکتەب بۆ بەرهەمە، ئێ منیش بەرهەمم هەبووە، کۆمەڵێ مرۆڤی نموونەییم پێگەیاند، لە هەموویان ڕازیم.

## سەرپەرشتی کردنی ماڵەوە

**پ: ئیتر بوویتە سەرۆکی خێزان؟**

**و:** ئەڕێ وەڵا بوومە سەرۆکی خێزان بۆ ئەوەی مەجموعەیەک کەس خزمەت بکەم.

**پ: چی بە دەستت بوو لە ماڵەوە؟**

**و:** چی بەدەست من بوو لە ماڵەوە؟، باوکم کرێکاری ئەکرد، گەچی ئەشێلا، پارەکەی وەردەگرت، ئەیهێنا ئەیخستە ناو دەستمەوە، هەموو شت لە ماڵەوە بە دەست من بوو.

**پ: ئەی کوڕەکەی بووە مەسئول! کەچی هەر عەمەلەن؟**

**و:** بڕوات بێ مەسئولی چی، ئەرەوەڵا بۆ دواوە ئەگەڕاییینەوە، ئەرەوەڵا ئێمە هەروا بووینە تاکو ئێستاش هەر واین، ئەو وەختە جیا بوو کە لە سەر حوکم بوون، لە کاتی شۆڕشی 1958 بە دوواوە فەزلەدین تاڵەبانی بووە سەرۆکی شارەوانی کەرکووک، کاکەم بووە چاودێری شارەوانی، سەرپەرشتی کرێکارەکانی دەکرد. باوکم هەڵستا دەستی کرد بە گەچ شێلان کرێکاری دەکرد، گەچی دەشێلا ئیتر دیوارو ئەمانەیان پێ دروست ئەکرد بە قایە، ئیتر ئێواران ئەهاتەوە گیانی بەگەچەوە بوو، خۆی ئەشۆری و کەلوپەل پاکی ئەکردە بەری و لە ماڵەوە دائەنیشت.

**پ: یەعنی تۆ جلوبەرگی هەمووانت دەشۆری و چێشتیشت بۆیان لێ دەنا؟**

**و:** بەڵێ بە داخەوە منداڵەکان زۆریان مردبوون زووتر، لەوانە شوانەی برام ماوە، ئیلهام خوشکم، ئەمیرەی خوشکم، باوکم و دلێر برازام، دوای ئەوساکە شلێر برازام لە بنکەی پێشمەرگە لە قەواڵی، لە دایک بوو لە ساڵی 1963.

**پ: واتا بە هەمووی 8 کەس بوونە؟**

**و:** ئا ئەمەندە، هەتا بڕازەکەشم بڵێن، کاکەم گیراوە ساڵێک لە ژوورەوە بوو لە ساڵی 1961، ئەویش لەگەڵ ئێمە بوو.

**پ: لە ماڵەوە هەموو شتێ بە دەستی خۆت بوو، هەموویان ئەهاتنەوە لای تۆ؟**

**و:** ئا هەمووی ئەهاتەوە لای من، من ئەوەم نەبوو بڵێم ها دەسەڵاتم هەیە، پێی بوغرا ببم و ئەم شتانە، خۆت ئەزانی مەسئولییەت شتێکی زۆر قورس و گرانە، وا نییە؟، منیش تەمەنم وا نەبوو جارێ، بڕوات بێ، دەسەڵاتم هەبوو، بۆ ئەوەی بڕۆیشتمایە بۆ مەکتەبەکەیان ناجحیان بکەم، دایانم ئەنا جوان، پێیانم ئەوت ئەوەی بمزانیایە دەرسم پێیان ئەوت و هاوکاریانم ئەکرد، ئارەوەڵا یەک یەک لێیانم دەپرسییەوە.

**پ: تا کەی ئەمە بەردەوام بوو؟**

**و:** تاکو ئەو کاتەی هاوسەرگیریم کرد.

## بوومە ئەندامی حزب

**پ: قەت داپڕاوی لە حزب؟**

**و:** نا قەت دانەبڕاوم لە حزب، ئێستاش مانگانە 2 دیناری ئابوونەوەی خۆم دەدەم.

**پ: کەی تێکەڵاوی سیاسەت بوویت؟**

**و:** وەڵا لە ساڵی 1963 دوای کودەتای ڕەشی بەعسییەکان لە ساڵی 1963، ها لەو بەینە یەکسەر من بوومە ئەندام لە حزبی شیوعی عێراق.

**پ: ئێ ئەو کات تەمەنت 16 ساڵ بووە؟ هێشتا نەبوویتە بە 18 ساڵ؟**

**و:** ئەزانم 16 ساڵ بووم، دوو ساڵم مابوو بۆ 18 ساڵی، بەڵام قەبووڵمیان کرد، خۆ من لە خۆشییەکە نەبوومە ئەندام، لە گرتن گرتن و ئیعدامەکە بە دوواوە بووم، من لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵدا بووم، لەبەرئەوەی زۆر زیرەک بووم، ئیشکەر بووم کرام بە ئەندام.

**پ: پەیرەوی ناوخۆ ڕێ بەم شتانە نادات.**

**و:** وەڵا کردمیان بە ئەندام، ئیتر نازانم، پەیڕەوی ناوخۆ و ئەو شتانەم نازانی، موهیم بووم.

**پ: لە ڕێی کێوە بووی بە حزبی؟**

**و:** کاکەم تەزکییەی منی کرد، بەس جەماعەت هاتن بۆ لام، ئەوەی هات بۆ لای من و پێمی وت ببمە حزبی تایر فاتە شانە بوو، وتی: باجی (ڕەسمییە) تۆ ئینسانێکی زیرەکی، پێویستیمان پێتە، وتم: ئێ فەرموو، وتی وەرە کارمان بۆ بکە.

**پ: مێژووەکەیت لە یاد نییە؟**

**و:** هەر لە دوای ئینقلابەکەی ساڵی 1963ی بەعسییەکان بوو، ئاوا ئیتر لە بەینی (63) بۆ ساڵی (64) بوو، ئەو کاتە حزب لێی درابوو، زۆری ئیعدام کرابوو، هەندێکی دەرچوو بووە دەرەوە بۆ دێیەکان لە قەواڵی بوون، زۆریان لە زیندان بوون، حزب زۆر نهێنی بوو، وتم باشە من هاوکاریتان ئەکەم لە ناو شار، وتی: کەواتە ببە حزبی، وتی ئیتر تۆ ڕەسمییە خان بەشێکی لە حزبی ئێمە، ناوت ئەنووسین، ئیتر دەستم کرد بە ئیشکردن لەگەڵیانا.

**پ: ئەو کارانەی بە تۆیان دەسپارد چی بوون؟**

**و:** لە گەڕەکەکەی خۆمان لە ماڵەکەی دراوسێمانەوە دەستم پێکرد، تا گەیشتمە بەغدا، ئافرەتێکی خەڵکی مەندەلی خێزانی (سەی عەلی مەندەلاوی)، بەشکەم ناوتان بیستبێت دراوسێمان بوو، پیاوەکەی ئەویش دەرچوو بوو بۆ پێشمەرگایەتی، سەی عەلی مەندەلاوی لە گەڵ کاکەم ڕۆیشتن بۆ قەواڵی، ئیتر ئافرەتەکە خۆی و سێ منداڵی بە تەنها و بێکەس و غەریب بە تەنها مانەوە، ماڵیان بەرامبەر ماڵمان بوون، ئێ حزب دابڕا لێیان، نەیان ئەتوانی هاوکارییان بکەن، من هەستام چیم کرد، باوکم ڕۆژانە 6 پەنجایی وەرئەگرت، هەڵستام ڕۆژانە 3 پەنجاییم ئەدایە باجی ڕوقەیە بۆ خۆی و منداڵەکانی، بۆ بژێوی ژیانی خۆیان، سێ پەنجاییەکەی تریشم بۆ خۆمان دائەنا، ئەمەم بە بێ ئاگاداری باوکم ئەکرد، باوکم ئەیوت باشە من شەش پەنجاییت ئەدەمێ کوانی پارە هیچت نەماوە دیار نییە، منیش ئەمووت دامە چی وچی ئیتر ئەم تولْمان.

**پ: باشە ڕۆژێک، دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ؟**

**و:** ئەم تولّمــان، ئەم تولّمــان، بەردەوام بــووم، لە ســاڵی 63 ئەوە بـوو خـانووی جمهوورییەکـان هەبـوو لە گەڕەکـی شۆڕیجە، دوای ئینقلابی بەعسییەکان هەموویان ڕووخاند.

**پ: ئێـــوە وەک خۆتـــان خانووتـــان دروســـت کردبـــوو لە جمهوورییەکان؟**

**و:** ئـێمە نەمــان کردبــوو، نەچــووینە جمهــوورییەکە، وەک ئێســتای پەنجــا عەلــی وابــوو، ئەوە لە دوای ڕووخانــدنی ڕژێمــی پاشــایەتی دروســتیان کــرد، وەک چــۆن بڵێــی تەجــاوز بــوو، ئیتــر شــوعییەکان کەرکــووک کە لە ســاڵی 1963 ئیعــدام کــران، شــێخ حوسێن، شێخ مارف و هاوڕێکانیان، ئیتر ئینزاریـان دایە شۆڕیجە وتیان نابێ یەک کوردی تێدا بمێنێت.

**پ: هەموو گەڕەکی شۆڕیجە؟**

**و:** بەڵــێ هەمــوو شــۆڕیجە، وتیــان ئەبێــت دەرچــن، بــارکەن هەموو.

**پ: بۆ؟**

**و:** وەڵا ئیتر نازانم ئاخر ئەو وەختە پارتی ڕێک کەوتبـوو لە گەڵ بەعسـییەکانا، وەڵا ئەوسـا ئـاوابوو، ئـا دەرمانیـان کـرد، ئـێمە چیمان کرد؟، ئەنجا من و ئامۆزایەکم هەبوو عەسکەری بوو، وتی: من ئەڕۆم لۆری عەسکەری دەهێنم، بە منی وت خۆت و منداڵەکان

و مـاڵەکە حـازر بـکەو بیـان پـێچەوە، ئەیـکەمە نـاوی لە گەڵ مـاڵ خۆمانا پێکەوە ئەڕۆین لە گەڕەکی عەرەفە خانوو ئەگرم.

**پ: بۆ عەرەفە؟**

**و:** ئیتــر بــۆ ئەوەی هەر لە شــۆڕیجە دەرچــین بــڕۆین، لە بەرچاو بزربین.

**پ: شۆڕیجە قەدەغە کرا؟**

**و:** ئا شۆڕیجە قەدەغە کرا، ئیتر ئـێمەش مـاڵی بـاجی ڕوقەیە هەیە، دراوسێمان بوو، پیاوەکەی لەگەڵ کـاکەم بـوو، ئـێ باشـە مـن چــۆن بــڕۆم و بــاجی ڕوقەیە بەجــێ بــێڵم؟، ئــامۆزاکەم نــاوی (عەزیزوڵڵا عەبدوڵڵا) بوو، وتم: با پێـت بڵـێم، بە خـوا مـاڵی بـاجی ڕوقەیە پێش ماڵەکەی خۆم ئەکەیتە ناو زیلی عەسکەرییەکە، ئەوجـا لەگەڵتا دێم، ئەوەم بۆ نەکەی بە قورعان لێرە جێ ئەمێـنم نـایەم، ئـێ ئەوانیش پێیان ناخۆشبوو، ئامۆزاکەی مەسەلەن کچـێ عـازەب بـوو جێ بمێنێ، عینادیم کرد لە گەڵ باوکم، وتی: بۆچی، تۆ حەقت چییە بە سەر ئەمانەوە؟ وتم: باوە وازبێنە، من ئەگەر ئەمـان نەبەن چۆن بەرەڵڵایان بـکەم، وتـم: سـەی عەلـی ئەوەتـا هـا لە قەواڵییە، لەگەڵ کاکەم ئەمـان چـوار نەفەرن، مەعقـولە مـن جێیـان بـێڵم؟، ئەی چـی بخۆن بۆ کوێ بڕۆن؟ ئەمان لێرە غەریبن، کەس ناناسن، وتـی: وەڵا ئیتـر تـۆ کەیـف خـۆت نییە، هەمـوو شـتێ خـۆت دەبـری ئەکەیـت، گرنــگ فەرزم کــردە ســەریان شــتومەکەکان بــاجی ڕوقەیە بەر لە شتومەکەکان خۆم کردمە ناو لۆرییە عەسکەرییەکەوە، بـردم لەگەڵ

خۆمانا. وەڵا خۆم و ڕوقەیە و منداڵ گشتیم پێچایەوە و هەموویانم برد، بەس براژنم لەگەڵ ئەمیرەو منداڵەکانی خۆیا ها لە قەواڵپن، من و شوانەی برام و ئیلهام خوشکم لەگەڵ باوکم ئێمە چوار کەس لە کەرکووک ماوینەتەوە، ڕوقەیەو منداڵەکانیش چوار کەس، هەموو بووینە (8) نەفەر ڕۆیشتین، من لەوێ لە عەرەفە چیم کرد، ڕوقەیەم کردە باوەژنی خۆم، وتم ئەمە باوەژنمە، ئینجا باجی ڕوقەیە پێ ئەکەنی ئەیوت: وەڵا لەم دوا دوایە بوومە ژنی باوکتیش، ئاخر چی بکەین ئەبێ بیسازێنین، ئاخر دێن هەواڵ ئەپرسن حەرەس قەومی ئەهات پرسیاریان ئەکرد و بێ ناموس بوون، زۆر خەتەر بوون.

**پ: دوای کودەتای بەعسییەکان لە 8ی شوباتی 1963، چۆن مام ساڵح و منداڵەکانی لە ناو کەرکووک دەرچوون؟**

**و:** کاکەم خۆی و ئەمیرەی خوشکم و منداڵەکانی سەید عەلی مەندەلاویشی لەگەڵ خۆیا برد ، بە سەیارە تا دێی باوە ڕۆیشتن، لە باوەوە بە سواری چوار پێ ڕۆیشتن بۆ دێی قەواڵی.

**پ: حەرەس قەومی بە ناو شارا دەگەڕان ؟**

**و:** بەڵێ، ئەڕێوەڵا کون بە کون بە دوای خەڵکا ئەگەڕان، بە تایبەت شیوعییەکان.

**پ: حەرەس قەومییەکان چی بوون؟ کورد، یان عەرەب، یاخود تورکمان بوون؟**

**و:** وەڵایی بە عەرەبی قسەیان ئەکرد، ئینجا بە نیسبەت ئەو کوڕەی ئامۆزامەوە چی کردبوو، هەویەیەکی کردبوو لە فەرماندەی فەوجەکەیەوە، لە ئامر فەوجی عەسکەری وەرەقەیەکی کردبوو، بۆ ئەوەی بە حەرەس قەومییەکان بڵێ ئەم خێزانە نابێت هەقتان هەبێ بە سەریانەوە، هەر کەسێ لە حەرەس قەومی بهاتنایە، وەرەقەکەم پێیان پیشان ئەدا، ئیتر ئەڕۆیشتن، یان ئەهاتنە ژوورەوە، ئەیانوت: ئەمە کێیە؟، ئەموت: ئەمە باوەژنەمە، ئەمانەش خوشک و برامن، دایکمان مردووە ئەو سیانەش لە باوکمانە، ئاوها بەو شێوەیە ڕێکم ئەخست، لە عەرەفە تەنها سێ هەفتە ماینەوە.

**پ: ئەی دوایی؟**

**و:** کە شێخ مارف و شێخ حوسێن و هاوڕێکانیان ئیعدام کران، من هەستام چیم کرد، هەستام بە نهێنی ئەڕۆیشتم لەگەڵ ماڵ حەلاو خانا بۆ سەر قەبری شێخ حوسێن و شێخ مارف.

**پ: بۆ بە ئاشکرا ناتان توانی بچنە سەر گۆڕەکانیان؟**

**و:** نا مەراقەبەیان لە سەر بوو، حەرەس قەومی نەیدەهێشت.

**پ: خەڵک کەرکووک غەمبار بوون بۆیان؟**

**و:** زۆر زۆر ئەی چۆن ئەرێوەڵا، بە تایبەت ئەوەی ئێمە بیناسین لە کوردەکان.

**پ: لەو 28 تێکۆشەرەی کە ئیعدام کران هی شۆڕیجەی تیابوو؟**

**و:** نازانم نایانم ناسی، ئەوەی من بزانم، بە بیرم نایە، تیا نەبووە هی شۆڕیجە، جەبار پیرۆز خاڵۆی ڕەزا کەبابچی بوو، شێخ مارف و شێخ حوسێن بوو، ئیتر ئەوەکانی تریش هەر شیوعی بوون ئیعدام کران، بەس من وەک ناسین نەیانم ئەناسی.

**پ: لە عەرەفە ڕوقەیەت چی لێ کرد؟**

**و:** ڕوقەیە لە عەرەفە مایەوە لەگەڵمان، هەموومان پێکەوە لە یەک ژوورا بووین.

**پ: ئیتر ئازاد بووی بۆ ئەوەی خەرجییان بکێشیت؟**

**و:** ئا ئازاد بووم بۆ ئەوەی خەرجی ئەوان بخەمە سەر خۆمان، وتم باوە دنیا لێقەومانە، گوناحن کەسیان لێرە نییە ، ئینجا دوایی ئەو وتی قەیچێکە کوڕم تۆ باسی کە لای من، مەعقولە من ئەمەندە بێ وێژدان بم، پیاوی لێرە نەبێ و کەسی لێرە نەبێ وەڵا ئەم هاوردە ناو ماڵەکەی خۆم دەبووایە دەنگت بکردایە، ئینجا گاڵتەم لە گەڵ باوکم دەکرد پێم دەوت: ئەوە چونکە کردمە ژنی تۆ بۆیە وا ئەڵێی، ئەویش پێ ئەکەنی و ئەیوت: وەڵا ڕۆڵە ئارەزووی خۆت نییە چی ئەڵێی بڵێ، ئیتر ڕوقەیەش فەقیرە چی بکات، ڕۆژێک هەستام چووم بۆ سەر قەبران، چووم بۆ لای (حەلاوەخان)، حەلاوە خان ژن شێخ حەسەن شێخ عەبدولکەریم قەرە چێوار بوو، ئەویش هاوڕێی خۆمان بوو، ماڵی حەلاوەخان ئەوەی گیرابوو گیرابوو، ئەوەشی ڕایکردبوو ڕایکردبوو، دووانیانیش ئیعدام بوون شێخ حوسێن و شێخ مارف.

**پ: ئەدی شێخ حەسەن چی بەسەر هات؟ تەکیە و مـاڵی لە ناو یەکدا بوون؟**

**و:** ئا ئا ئەویش ڕایکردبوو، ڕەئـووف ئەبێتە بـرازای ئەو لە زینـــدان بـــوو، ماڵەکەیـــان هەر وەک تەکــیە وابـــوو، بــێجگە لە ژوورەکان، لە ناو حەوشەکەشیان تەکیە هەبوو، کـاتێ ڕۆیشـتم بـۆ ئەوێ، حەلاوەخان وتی: لە کوێی؟ وتم: وەڵا حەلاوەخان من هـام لە عەرەفە لە ناو حەرەس قەومی، وتی: کچێ بۆ نایەی بۆ ئێـرە؟ بێـرە ناو تەکیەکە، کاتێ ئەڕۆمە ناو تەکیەکە، تەماشا ئەکەم لێرە تـا ئەوێ بەین بەینێ کراوە وەک ژوور، بە بەتانی هەموو جیـاکراونەتەوە لە یەکتـــر، هەر یەکەی خێزانێکـــی تیـــایە، وتـــی: وەرە بـــۆ ئێـــرە هەرچۆنێــک بــێ بــا یەکەوە بــین، وتــم: وەڵا بــاجی حەلاو مــن مەمنوونتم، وەڵا ڕۆیشتم بە ئامۆزاکەم وت ئێمە ئەڕۆین بۆ گەڕەکی ئاخر حوسێن بار ئەکەین.

**پ: ئیشـــی یەکەمـــت جـــوان بـــوو، هاوکـــاری ڕوقەیە زۆر مـــوهیم بـــوو، شـــیوعییەت بەم گیـــانی هاوکـــاری و یەکســـانییەوە جوانە، یەکسانیخوازی و هاوکاری لێ دەربکەیت هیچی نامێنێت، ئەی ڕوقەیە چی لێهات؟**

**و:** ڕوقەیە زۆری مـاوە ڕاوەسـتێ، هێشـتا بـا ئەمەیـان تەواو بکەم لێم گەڕێ، ئینجا کە هاتم بۆ ماڵ حەلاوەخـان، هەمـوو هـاتین، ئـێمە خۆشـمان و مـاڵ ڕوقەیەخـان گشـتمان عەینـەن وەک جـاران خەرجیمان لە گیرفـان بـاوەیە و یەکە، لەوەش گرنـگتـر سـەیر بـکە،

حەلاوەخان تەمەنی گەورە تر بوو لە گشتمان، ئێمەش گەنج بووین نەمان ئەوێرا لە ترس حەرەس قەومی دەربچینە دەرەوە، بێ ناموس بوون، ئەمان وت نەک بمانگرن و تەعدامان لێ بکەن، ئیتر ڕۆژانە ئەومان ئەنارد بازاڕی بۆمان ئەکرد، مەسەلەن چەند ماڵ بووین هەرکەس بایی خۆی پارەمان پێ ئەدا بە یەکسانی پێکەوە نانمان درووست ئەکردو ئەمانخوارد، بە هەرەوەزی.

**پ: هەمووتان ئەوانەی لەو خانووە بوون خێزانی شیوعی بوون؟ چەند ماڵ لە ناو تەکییەکە بوون؟**

**و:** باجی حەلاوەو باجی نەسرینی هاوسەری شێخ ڕەئووفی خزمیان لە دوو ژوورا بوون، ماڵی سەمیمەش کە عارەب بوو هاوسەری شێخ عەبدولکەریمی کرمچنە بوو لە سەرەوە بوو، بە قادڵمە دەهاتە خوارەوە، ئێمەش چوار ماڵ لە ناو تەکییەکە بووین، ئەوانەی بە بەتانی خانوومان درووست کردبوو، هەموو عائیلەی شیوعی بووین، هەموومان پارەمان ئەدا پێی، هەر یەکێ (150) فلس، کۆی ئەکردەوە باجی حەلاوە ئەڕۆیی زەمبیلەی ئەبرد ئەی دایە خواردن و ئەهاتەوە، بە هەمووی دوو قازان گەورە خواردنمان لێ ئەنا و پێکەوە ئەمان خوارد، ئینجا تۆ سەیرکە، ئەو وەختە ئەو ماڵانە چوونەتە ناو تەکیەی شێخ، تەکیە داڵدەیانی داوە؟ هەموو ماڵە شیوعین، کەچی دوێنێ کچێ لە سلێمانی مردووە، نەیان هێشتووە لە مزگەوت بیشۆرنەوە، تۆ سەیری ئەو جیاوازییە بکە، ئا دەبزان، ئیتر چوومانە ئەوێ چیمان ئەکرد بە شەو، دوو

قازان مس ئاو ئەمان کولان، تابووکمان بردبووە بان خانوو لای دیواری دیوی دەرەوە، تابووکمان ئاوا کۆکردبووەوە، دوو کەس لای دەرگاکە بووەستێت هی خۆمان، دوو کەسیش لای ئاوەکە بووەستێ ئاوە کولاوەکە، وەڵا ئیتر دوو کەس لە سەر ئاوەکە دامان ئەنا، دوو کەسیش لە بەردەم دەرگا، دوو کەسیش لە سەربان بۆ سەر تابووکەکان، ئەمان وت ئەگەر حەرەس قەومی هاتە گیانمان لە بانەوە بە تابووک لێیان بدەن، دەرگا بکەنەوە ئاو گەرم بکەن بە سەرو چاویانا بەم مێکوتەش بە دارەکە بزماری پێوەیە بەوەش لێیان بدەن، دووان سیانیش بە قوەتمان دانا ئەمانە چەکەکانیان لێ بسێنن و چەکیان بکەن.

**پ: هەمووتان ژن بوون یان پیاوتانیش لەگەڵ بوو؟**

**و:** پیاو بەس باوکم بوو لە ناومانا، پیاوی دیکەمان تیا نەبوو.

**پ: ئەی ئەو وەختە باوکت بە ڕۆژ ئەچوو بۆ ئیش، یان هەر لەگەڵ ئێوە لە تەکیە دەمایەوە؟**

**و:** نا نا ئەو ئەڕۆیشت بۆ ئیش، کرێکاری دەکرد، بەیانییان پێش شەبەق دەرئەچوو، ئێواران ئەهاتەوە بۆ ئەوێ.

**پ: باشە حەرەس قەومییەکان لە کەرکووک ئەیانتوانی ئاوها بە ئاسانی بجووڵێنەوە، کەرکووک ئەو وەختە زۆربەی کورد و تورکمان بوو؟**

**و:** وەڵا ئەیانکرد، چەندماڵیان وا لێ کرد، تەعدایان زۆر لە خەڵک بە تایبەت کورد و شیوعییەکان ئەکرد، بیستبوومان بۆیە هەستاین بەو دەورە، بەس نەهاتن نەوەڵا نەهاتن بۆ گیانمان.

**پ: چالاکی دیکەی خۆتم بۆ باس بکە؟**

**و:** ئەوەم لەوێ، ئینجا وتیان حەملەیەک دەرئەچێ بۆ کۆکردنەوەی پیتاک بۆ خێزانی ئیعدامکراوەکان، دەواو دەرمانیش بۆ بارەگای پێشمەرگەی حزبی شیوعی لە ئاوایی قەواڵی، من هەڵستام بەم ئەرکە، یەکەم ڕۆیشتنم بۆ لای سەیدەلی فەخری بوو، ئەم زانی ئینسانێکی وەتەنییە، مرۆڤێکی نیشتمان پەروەرو چاک بوو، چووم بۆ لای، وتی ها باجی دەرمانت گەرەکە، وتم ئەمانە بەڕێخە من دەرمانم زۆر ئەوێ، ئەبێ تێم بگەیەنی و تێت بگەیەنم، ئیتر ئەوانەی هەموو بەڕێخست موشتەرییەکان دەڵێم، وەڵا ڕۆیشتم بۆ لای وتم: کاک فەخری وتی: بەڵێ وتم: کاک فەخری من هاتووم بۆ دەواو دەرمان بۆ یارمەتی بۆ حزبی شیوعی، ئەوانەی جەماعەتمان ها لە قەواڵین، پێویستیان بە دەواو دەرمانە، ئەوەی پێویست بێ بە هەموو شێوەیەک خۆت لە بانەکەی بۆم بنووسە هی چییە و هی چی نییە، گشتی بنووسە لە سەریان، ئەمە یەک دووەهەمیش وەک پارە ئەبێ هاوکاریمان بکەی جگە لە دەرمان، بە خوا ئاوام پێی وت، وەڵا وتی باشە بە سەرچاو باجی، خۆ نابێ تۆ هەر لێرە بوەستی، تۆ بڕۆ خۆت خەریک بکە لە دەرەوە کاتێ تر مەسەلەن چۆن بڵێی سەعاتێ تر بێرەوە بۆ ئەوەی یەکسەر

کـارتۆنەکە کە ئامـادەی ئەکەم هەڵبگریـت و بیبەیـت، 5 دینـاریش حازر ئەکەم بۆت، ئەوسا 5 دینار زۆر بوو، وەڵا ڕۆیشتم چووم بـۆ مـاڵ جـدە عەفـرە هەیە، جـدە عەفـرە مامـانی ئەکـرد، بـرای ئیعـدام کرابوو، وەڵا هەڵستام چوومە ماڵیان، سەیرم کرد کچەکەی لەوێـیە، وتـی: دایکـم لە مـاڵ نییە ئیشـت چییە؟، وتـم: مـن ئیشـم بە دایکـتە، کەمێکی پێچوو هاتەوە، وتم جدە عەفرە من هـاتوومە بـۆ یـارمەتی، ئەزانـم تـۆش بـرات ئیعـدام کـراوە، منـیش مەجمـوعەیەک کەس ئیعدام کراون لێرە گشتی کەسوکاری منە، هاتوومە بۆ یـارمەتی بـۆ ئەو خێزانـانە کـۆ بـکەمەوە، هەرچەنـێ لە ژێـر دەسـتت دەرچـێ مەمنوونین، وەڵا دەریکرد پێـنج دینـاری داپێم، ئەوجـا هـاتمەوە بـۆ لای دەرمانخـانەی فەخـری کـارتۆنەکە و پێـنج دینـارەکەی ئامـادە کردبـوو، ئەوەشـم وەرگـرت، هەڵسـتام ئەوەم هـاورد بـۆ مـاڵ، لە ئەوبەر هین هەبوو مەخـزەن ڕەشـید، ئەمزانـی کەسـێکی وەتەنیـیە، ئینسانێکی باشە، چووم بۆ مەخزەن ڕەشید بۆ ئەوێ وتم: کامە کـاک ڕەشیدە، وتیان ئەوە کاک ڕەشیدە، ئیتر خەڵکی دێـت شـت ئەکـرێ، ئیتر هاوردمە ئەولاوە، وتـم: کـاک ڕەشـید هـاتوومە بـۆ هاوکـاری، وتــی: بـۆ چـی و بـۆ کـێ؟ وتـم: وەڵا بـۆ جەمـاعەت ئیعـدامەکان و کەسوکاری ئیعـدامەکان و حزبـی شـیوعی، جەماعەتمـان لە ئـاوایی قەواڵییە، پێشمەرگەن لەوێ بریندارییان هەیە، نەخۆشـیان هەیە، ئـێ ئەمـانەش کە ئیعـدام کـراون کەسـوکاریان چـۆن بڵـێ کەس نیـیە هاوکارییان بکات، هاتمە تەبەڕوعـات کـۆ ئەکەینەوە، وەڵا ئەویـش

پێنج دیناری دا پێم، وتی: ئەمە هەمـوو سـەر مانگێـک وەرەوە، مـن ئەم پێنج دینارەت ئەدەمێ بەس نەکەی ناوم بێری، وتم: موسـتەحیلە چۆن ناوت تێرم، وتم: وەڵاهی بشمگرن ئیعدامم کەن نـاوت نـاهێنم، ئا وەڵا ئیتر لەوێ پێنج لەوێ، بە هەمووی 15 دینـارم کـۆ کـردەوە، 15 دینار ئەو کاتە پارە بوو زۆر بوو.

شێخەکان بـاش بـوون، بـوون لە قـادرکەرەم لە قەرەچێـوار هەموو هاوکارییانیان ئەکرد، ڕاسـتی بەس مـن یەعنـی کە بە نـاوی ئەوانەوە وتـم شـێخ مـارفە و شـێخ حوسـێنە مەسـەلەن فـڵانەو فـڵانە کەسوکاری ئیعدامکراوەکان کە ژمارەیـان (28) کەس بـوو هەمـوو ئیعـدام کـران، چـونکە ئەوان ناسـراو بـوون لە نـاو خەڵـک، دەنـا پێویستیان نەبوو، وەک ئەوانی دیکە نەبوون، وەرە بـزانە چـی تـرم ئەگەیاندە حزب.

ئەمـانەم ئەگەیانـدە دەسـتی حـزب بە تەنیـا، هەڵسـتام لە نـاو شارو لەم لاوو لەولا چوومە شۆڕیجە، چوومە ئیمام قاسم، زەخیرەم کـۆکردەوە، مـن یەکەم بـووم بـڕوات بـێ یەکەم بـووم لە نـاو هەر هەموویانا.

**پ: هێشتا 16 ساڵیشیت؟**

**و:** ئا 16 ساڵم یەکەمیش بووم، یەکەم بووم لە ناو هەموویانا، بۆیە دشداشەیەکیان بۆم کرد بە ڕێزلێنان، لە بەر ئەوەی یەکەم بووم لە کۆکردنەوەی یارمەتی، تێ ئەگەی؟ حزب هەدیەیەکی بـۆم کـرد، کراسـێکی دشداشـە ئەڕێـوەڵا، زۆر دڵـی خۆشـکردم، کراسـکردن

تامی خۆی هەبوو بۆ کچان، ئەگەر کراسی حزبیش بێت، ئەوە هەر زیاتر.

**پ: کێ بۆتی کرد؟**

**و:** نەفەرەکە با پێت بڵێم، نەفەرەکە (ئەمین مەولوود) بوو، ئەمین مەولوود ماڵیان لە دەوروبەری گەڕەکی ئیسکان و ئەو ناوە بوو، وتی ئەمە حزب بۆتی کردووە بە دیاری، هەموو چشتمان کۆکردبووەوە، ئیتر بردیان بۆ ماڵەکان دابەشیان کرد بە سەریانا، ئیتر بردیان زەخیرە بێ، دەواو دەرمانیش هین ئەی برد بۆ قەواڵی، محەمەد کاکەیی هەبوو، محەمەدی ناو بوو کاکەیی بوو، ئەو دەواو دەرمانەکەی بە کۆڵ لە ناو شارەوە ئەبرد بۆ دێی قەواڵی، بەڵێ ئەرێ وەڵا بە کۆڵ ئەی برد تاکو قەواڵی، ماندوو بوونی نازانی.

**پ: ئەی لە ماڵەوە چیت ئەکرد هەر بەردەوام بوویت لە بەخێوکردنی منداڵەکان؟**

**و:** بەردەوام بووم، لە ئیشکردن، بەردەوام بووم لە ماڵەوە، تەنانەت سەرپەرشتی منداڵەکان کاکەمیشم ئەکرد لەم دوایە، ئەویش گشتی هاتنە سەرم.

**پ: کابرا لە خۆی نەبوو، بۆ ژنی هێنا؟**

**و:** ئاخر کاتێ ژنی هێنا وەزعەکە باش بوو، لە کاتی عەبدولکەریم قاسما هێنای، ئا ئەو کاتە وەزعی باش بوو لە شەبیبە دەوامی ئەکرد.

**پ: ئەی لە دائیرەو شتی وا دەوامی نە ئەکرد؟**

**و:** موراقیب بەلەدیەش بوو، ئێواران موراقیب بەلەدی بوو وەزعی باشبوو. ئیتر لەم دواییە وای لێ هات، کە ژنی هێنا دوایی براژنم هاوڕێ دلێر برازام لە زگیا بوو، موالید شەست و یەکە، کاکەم گیرا یەک ساڵ لە ژوورەوە بوو.

**پ: یەک ســــــــاڵ؟ هیچ دەچوویت بۆ لای لە زیندان؟**

**و:** هەموو هەفتەیەک ئەچووم بۆ زیندان بۆ لای، تەنانەت سێ هەفتە پشکنینی ژنانم کرد ئەو کاتەی ئەو ژنە تەفتیشی دەکرد نەهات بۆ دەوام، ئەو کارە بە من سپێردرا، ئەوەندە ڕۆیشتبووم بۆ لای کاکەم هەموو ئەمیان ناسی، کاکەم وتی: ئەوەی دەستتی بە توندی گوشی ئاگات لێ بێت هی ئێمەیە تەفتیشی مەکە، منیش ئەوەی دەسمی بگوشیایە تەفتیشم ناکردو بەڕێم دەکردە ژوورەوە.

**پ: کاکەت چەند منداڵی هەبوو؟، کە هاتنە سەر ئێوە؟ لە چەند ژوورا بوون؟**

**و:** هەر دلێر و هاوسەرەکەی بوون، لە یەک ژوورا بووین هەموو.

**پ: شتێکت کردبێت لە تێکۆشانی نهێنی گرنگ بێت بەلاتەوە، جگە لەوانەی باست کرد؟**

**و:** چی بوو ئیتر موهیمەکە ئەوە بوو، چییان ئەدا پێم، چەکیان ئەدا پێم، ئەمکردە ژێر عاباوە و ئەمبرد بۆ ماڵ (حوسێن شاڵی)، لە شۆڕیجە، تێئەگەی، ئەمبرد بۆ ماڵ ئەوان لە ژێر عاباوە بە پێ.

**پ: لە تەمەنی چەند ساڵییەوە عابات ئەپۆشی؟**

**و:** کە گەورە بووم ئیتر عابام ئەکرد، ئیتر عابا لە سەرمان بوو، جار جار پێویستی پێ بکردایە، پێچەشمان ئەکرد.

**پ: بۆ پێویستی بوو یا هەر خۆتان ئەتانکرد؟**

**و:** نا نا بۆ پێویستی کاری حزب بوو، نەک بڵێم لەبەر ئەوە پێچەشمان ئەکرد بۆ ئەوەی دیار نەبم، نە ناسرێمەوە، هەر بۆ ئەوەبوو.

**پ: قەد بێ عابا سوڕاویتەتەوە؟**

**و:** ئەزانی کەی بێ عابا ئەسووڕامەوە، ئەو کاتەی وا کاکەم زیندان بوو، ئەڕۆیشتم محاوەلەم ئەکرد لە دائیرەکان بۆ کاکەم بە بێ عابا بووم، تەمەنم 14 ساڵ بوو.

**پ: کاکت لە ساڵی 1961 لە سەر چی گیرا؟**

**و:** بەڵێ لە ساڵی 1961 گیرا، لە ماڵ غەریب میمکزام گیرا، لە یەک حەوشا بووین، لە سەر قەبری شەهید شیعری ئەخوێندەوە، ئەوەیان کردە بەڵگە بۆ کاکەم، ئەویان گووم کردبوو، تەقریبەن ساڵێک لە ژوورەوە بوو، منیش هەڵستام ڕۆیشتم عەریزەم دا بۆ پارێزگار، عەریزەم دا بۆ بەڕێوەبەری ئەمن بۆ بەردانی، ئەمجا جگە لە گرتن لە ناو شاری کەرکووک ئیغتیالاتیش پەیدا بوو، بەخوا کاکەم چەند کەڕەت هەوڵیاندا ئیغتیالی بکەن و بیکوژن و لە ناوی ببەن.

**پ: کێ بوون ئەوانەی دەیانەویست تیرۆری بکەن؟**

**و:** تورکمانەکان بوون، بە پاسکیل هات و چۆی ئەکرد لای گەڕەکی موسەڵلا، بۆیە لە ترسی کوشتن وازی لە شارەوانی هێنا، ئەوان دژی شیوعی بوون، وایان ئەزانی شیوعی ئەوانی وا لێ کردووە لە کەرکووک ساڵی شەڕی کورد و تورکمانەکە، لەم دوایانەدا کاکەم لە دیدارێکدا، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنییان لە گەڵی کرد، کاکەم بە جوانی تەوزیحی مەوزوعەکەی کردووە، قەناعەتیان بەوە هێنا کە حزبی شیوعی هۆکاری ئەو کارە نەبووە.

## تەتەرەکەی حزب

**پ: لە ناو حزبی شیوعی لەگەڵ کێ پەیوەندیت هەبوو؟**

**و:** لەگەڵ (ئوستاز خزەیر) ئەبوو وەلیدیان پێ ئەوت، لەگەڵ ئەبوو حیکمەت (مەسیحییەکە)، لەگەڵ ئەبوو حەسەن خەڵک مووسڵ بوو، لە گەڵ هاوڕێ ماجد، ماجدی ناو بوو پێمان ئەوت دایی بە زمانی تورکمانی یەعنی خاڵۆ، پەیوەندیم لەگەڵ ئەمانە هەمووی هەبوو، با بێینەوە سەر کارەکانم، دوایی ئینجا ماڵی حزبییان بۆمان جیاکردەوە، لە گەڕەکی بەگلەر لە کەرکووک، لەوێ خانوویەکیان بۆمان بە کرێ گرت، مانگانە بە 18 دینار.

**پ: گەڕەکی بەگلەر هەمووی تورکمان بوو.**

**و:** بابە ئێمە وەک بولبول تورکمانیمان ئەزانی، قسەمان ئەکرد بە تورکمانی، خەڵک حەقی نەبوو، لەوێ ماڵ عاسی حاجی

جەوهەر و ئێمە پێکەوە چووینە ناو ئەو ماڵە حزبییە، هاوسەرەکەی ناوی فکری بوو.

**پ: باوکیشتان بردە ماڵە حزبییەکە؟**

**و:** ئارەواڵا باوکیشمان برد بۆ ئەوێ.

**پ: ئەی ئەو فەقیرە بۆچی؟**

**و:** بڵێ چی، باوکم و ئیلهام بوونە بەرید (پۆست) ی حزبی بەینی نێوان شاری خانەقین و شاری کەرکووک، جار جارە ئەمیرەی خوشکمیش بەشداری دەکرد، سێ جار لەگەڵ باوکم پۆستی حزبی برد بۆ شاری خانەقین، هەروەها فکری خان هاوسەری عاسی حاجی جەوهەریش وابزانم خەڵکی حەفت تەغار بوو پۆستی ناو شاری کەرکووکی ئەبرد، جارێکیان پێکەوە بووین ئەمن کەوتە شوێنمان.

**پ: ئێ ئەو فەقیرانە، نە ئاڵیان نە وێڵیان وەک تورکمانەکان دەڵێن، ئیتر بەریدی چی، خۆ حزبی نەبوون؟**

**و:** ئەوەیە بوونە بەریدی بەینی ئەو شوێنانە، لەوێ لە خانووەکەمان چاپخانە دانرابوو، ئەمەندە بڵاوکراوەیان دەرئەکرد، بە شەو، ڕاوەستانیان نەبوو.

**پ: لە ناو ماڵە حزبییەکەی گەڕەکی بەگلەر؟**

**و:** لە ماڵە حزبییەکەی ئێمە، بەڵێ، لە ناو ماڵە حزبییەکە دەرئەکرا، ئاو بووەستایە ئەوان ناوەستان.

**پ: کێ بوون ئەوانە؟**

**و:** نازانم ناویان چی بوو؟ به هاوڕێ ناوی یەکیان به یەکتر ئەوت، ئیتر لەوێ ئەوەیان ئەکرد، بڵاوکراوەیان دەرئەکرد، ڕاوەستان نەبوو، بزانه من چیمه کرد. من بۆ سلێمانی و بۆ بەغدا پۆستی حزبیم ئەبرد، ئەو مەناشیرانەم بۆ بەغداو بۆ سلێمانی ئەبرد، باجی ڕوقەیه لەگەڵ براژنما بۆ مووسڵ ئەیانبرد، باوکم و ئیلهام خوشکم و ئەمیره بۆ خانەقین ئەیانبرد، وەک وتم ناو کەرکووکیش باجی فکری ئەیبرد، ئێمه ئەمەنده ئیشمان کرد نەبێتەوه.

**پ: تۆ چەنێکت بۆ بەغدا ئەبرد ؟**

**و:** جگه له پسووله، نامەیان ئەنووسی هی کەرکووک ڕەبتی هەبوو له گەڵ بەغدا، کراس کەرنەک فش بوو دەمکردە بەرم، پۆستەکەم ئەکردە پشتم حەڵقەم ئەکردە دەستم یەعنی شووم کردووەو ئەمه زگم هەیه، ئێ ئەگەر سوار سەیاره ئەبووم شوێن دوو نەفەرم بۆ خۆم ئەگرت، ئەمووت نەخۆشم ناتوانم بۆ ئەوەی نەک یەکێک خۆی بدا له قەدم و خشەی بێ و هەستی پێ بکات، پارچەیەک پەڕۆی سووریان ئەدا پێم، به چی لەونێک بڕۆم له گەراج دابەزم، ئەم پارچه سووره چەمکێکی له عاباکەمەوه دەربکەمه دەرەوه، سەیرم ئەکرد لەو لاشەوه یەکێک عابا له سەریەتی پارچەیه سوور ها به دەستییەوه، بەو شێوەیه ئەهاته پیریمەوه، ئەیوت هاوڕێ با بڕۆین، ئیتر یەکترمان ئەدۆزییەوه، ئەکەوتمه شوێنی ئەڕۆیشتم به دوایدا، ئەچوومه ئەو ماڵەی ئەو

ئەچــووە ژوورەوە، ئیتــر شــتەکانم دائەگــرت و تەســلیمم ئەکــرد و ئەگەڕامەوە.

**پ: ئەی باوکـت نـەی ئەوت ئەم کـچە عـازەبە بـۆ بە تەنیـا بنێرم بۆ بەغدا؟**

**و:** کاکە موحاسـەبەمی نـە ئەکـرد، خـۆم کوێخـا بـووم، خـۆم کەیبانوو بووم، سیاسی بـووم، خـۆی ئەیزانـی مـن چـۆنم، متمـانەی تەواوی پێم بوو، گشتیان ئەیانزانی من چـۆنم، هەڵسـوکەوتی خـۆمم ئەزانــی، تێـئەگەی بەس لە لایەنــی مەترسـییەوە ئەمەنـدە ناترسـام، بنەماڵەی ئێمە ناترسین، لە بڕاژنـمەوە هەمووومان، ترسمان نازانی.

با ئەوەم لە یاد نەچێت لە ڕووی ڕێکخسـتنەوە، مـن سـەرۆک شانە بـووم، ئەو کـات خەلیەیـان پـێ ئەوت، دوو خەلـیەی حـزب بە دەستمەوە بوو لە ناو شاری کەرکووک، لە دوای ئیعدامکردنی شێخ مارف و شێخ حوسێن و ئەوان، ئەوەندە بە دەسمەوە بوو.

**پ: لەو ماڵە حزبییە خواردنتان چۆن بوو؟**

**و:** مـانگی شـەش دینـارم بـۆ مەسـڕووفاتی ڕۆژانە لە دایـی وەرئەگرت ، خانووەکە چوار ژووری تیا بوو، ژوورێکی بۆ ئەوان بوو، سێ ژوورەکەی دیکە بۆ ئێمە بوو، بە 18 دینار گرتبوومان بە کــرێ، جــار وا هەبــوو 6 دینــارەکە زیــادی ئەکــرد، بــاقیەکەیم ئەگەڕانـدەوە بـۆ دایـی، ئەویـش دەیـووت ئەمە بەشـی خۆتـانە بـۆ ئەیگەڕێنیــــتەوە، باوکیشــــم عەمەلەی ئەکـــــرد ڕۆژانە شـــــەش پەنجاییەکەی ئەخستە ناو مەسرەفەوە.

**پ: ئەوان چەند کەس لەو چاپخانەیە کاریان دەکرد؟**

**و:** سێ کەس ئیشـرافیان ئەکـرد (ئەبـو حـیکمەت، دایـی، ئوستاز خزێر)، تەنها ئەمانمان دەبینی، دووکەسیش چاپیـان ئەکـرد، ئەهاتن چاپی خۆیان ئەکرد و ئەڕۆیشتن، بێ ئەوەی بیان بینین.

**پ: باشـە لەو کـۆڵانە تەسـکانەی بەگـلەر دراوسـێکانتان هەستیان بە هیچ ناکرد، ئەم هەموو هاتوچۆیە؟**

**و:** شەوان ئەهاتن چاپیان ئەکـرد، بە شـەویش ئەڕۆیشـتنەوە، ساڵێکمان ئاوا تەواو کرد، کەس نایانی بینی.

## هاوسەرگیری

**پ: چۆن هاوسەرگیریت کرد؟**

**و:** هاوسەرگیری کردنم بە فشاری مامەم فەیزوڵڵا بوو، ئیتـر چۆن بڵێی بە ڕاستی بە ڕاستی زەختی مامەم نەبوایە هاوسـەرگیریم نە ئەکـرد لەو کـاتە، ئەو مـامەیەم زۆر خـۆش گەرەک بـوو، وەک باوکێک دەوری ئەبینی لەگەڵمانا، بۆیە لە قسـەی دەرنـەچووم، دەنـا خووم بە حزبایەتی و سیاسەتەوە گرتبوو، تێکەڵ خوێنم بووبوو.

**پ: ئەو کاتە باوکت مابوو؟**

**و:** باوکم مابوو، هەشت ساڵ دوای ئەوە باوکە میهرەبانە زەحمەتکێشە خۆشەویستەکەمان کۆچی دوایی کرد، بەس ئەو مامەیەم بڵێین پارتی بوو، بەس ئینسانێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بوو، خۆی ژنەکەی مرد، کچەکەی موعتەبەر هاوردە سەر ئێمە، ئێمە بەخێومان ئەکرد.

**پ: لەگەڵ ماڵی مامیشت تێکەڵ بوون؟ خۆتان لە خۆتان نەبوون ئەوانیش زیادیان کرد؟**

**و:** ئا، لەگەڵیانا تێکەڵ بووین، ئەوانیش هاتنە سەرمان، ئیتر بڵێین باوکی هاوسەرەکەم (خاڵۆ نەجمەدین)ی ناو بوو، خاڵۆزا و میمکزای باوکمە، خزمی خۆمان بوو.

**پ: ئەویش عەشیرەت تاڵەبانییە؟**

**و:** نا ئەوان زەنگنەن، بەس چییە زەنگنە و تاڵەبانی تێکەڵن لە ناو خۆیانا، ژن و ژنخوازی زۆر لە نێوانیانا هەیە.

**پ: وتت شووم کردووە بە دێی کەریم باسام؟**

**و:** بەڵێ خەڵکی دێی کەریم باسامن، دادای هاوسەرەکەم تاڵەبانییە، میمک باوکمە، تێئەگەی، خوشک بابام (شێ محێدینە) شووی کردۆتە بابای ئەو، خاڵۆ نەجمەدینم هات بۆ داخوازیم.

**پ: پرسیان پێت کرد؟**

**و:** بەڵێ ئەی چۆن، کاکەم لە قەواڵی بوو من خۆم نامەم بۆ کاکەم نووسی. لە ناو نامەکە نووسیم کاکە ئەوە خاڵۆ نەجمەدین هاتووە داوای من ئەکا بۆ کوڕەکەی.

**پ: بە چەند ڕۆژ جوابیانتان دایەوە؟، جوابەکەی کەی هاتەوە؟**

**و:** ئەی هین بوو، ئەزانم لەگەڵ بارا، لەگەڵ محەمەد دا نامەکەم نارد، تەقریبەن دوو هەفتە زیاتری پێ چوو تا گەیشت، تا وەڵامی یەکجاری ئەوانمان دایەوە نزیک ساڵێکی پێ چوو، ئەوسا وا من شووم پێی کرد، یەعنی ساڵێکی پێ چوو تاکو ڕێککەوتین، ئەم شووکردنەی منە، خۆ کتوپڕ شووم پێی نەکرد، دوای ساڵێکی پێچوو تەقریبەن حەتا مامەم موافقەی کرد، ئەوان هەر دانیشتنە دیار منەوە.

**پ: بۆ ئەمە بۆچی ئاوها مایەوە ساڵێک چاوەڕێ کردن؟**

**و:** بەخوا ئیتر حەزی ئەوان بوو، زۆر پێیان خۆشبوو، حەزیان ئەکرد تێکەڵیان بین، هیچ تر نەبوو بە سەر کاکەم، بە نیسبەت منەوە هیچی تر نەبوو، لەوانەیە ئەو لە لای خۆیەوە وتبێتی ئیللا ئیللا، ئیتر لەوانەشە لە دڵ خۆیەوە ئاوا بێ، ئەی بۆ دانیشتە دیار من ساڵێک؟، وا نییە، حەزی کردووە ئیتر ئاوایە.

**پ: هەر کاک ئەحمەد چاوەڕێی وەڵامی کرد؟**

**و:** کوڕە چی چاوەڕێ بکا، مەجبورە چاوەڕێ بکا، ئێ ئیتر ناڵێم شتەکە چۆن بڵێم قسمەت بوو، خۆ بە خوا کوڕەکەشم نەبینیبوو

پێشتر، سەرەتا کوڕەکەم نەبینیبوو، لە دواییا بینیم ئیتر هەندێ شت بووە هۆی ئەوەی کە شوو بکەم بتوانم بە ڕێگەی پیاوەکەشمەوە هاوکاری کەسوکارم بکەم.

**پ: ئەمە بەهانە نییە؟**

**و:** بەهانە ببێ و نەبێ ئیتر ئەوەیە، خۆ دڵداریم نەکرد لەگەڵیا بە خوا.

**پ: داوای چیت کرد لە ماڵە زاوا؟**

**و:** داواکاری من چی بوو؟، وەڵا ئەوەی بۆم کرا سیسەمێکی تەنەکە هەیە بۆمیان کرد، ئەم تەنەکەکان ئیتر ئەوەو سۆپایەک و فەرشێکی لەم عادییەکان و ئەمانەو هەرچی جلم هەبوو لە ناو جانتا بوو، ناو باوڵ، باوڵە تەنەکەکان، ئەیچی ئەرێوەڵا هەر ئەمەندە، هیچی تر.

**پ: ئەی مارەییت چەند بوو؟**

**و:** مارەییم 200 دینار، نا شیربابییەکەم 200 دینار بوو، مارەییەکەم 150 دینار بوو، ئیتر نووسییان، ماڵ ئاغایە با بیدەن.

**پ: ئەوان ئاغا بوون؟ یەعنی تۆ لە شیوعیەتەوە هاتی گڕگڕ، چوویت شووت بە ئاغا کرد؟**

**و:** ئینجا تەئسیراتم هەبووە بۆ سەریان، بە خوا لەم دواییە ماڵ و دیوەخانمان بووە بە لانەی حیزب شیوعی، ماڵ خاڵۆ نەجمەدین، لە وەزعی ماڵ کاکەم یەعنی ئەوەی ئەو کردوویەتی لەگەڵ من، بڕوات بێ یەك شیوعی ئاوای نە ئەکرد لەگەڵ منا، ئا

زۆر زۆر هاوکارم بوو، رێزی لە شیوعی گرتووە بە خوا، ئەوە هاورێ حەمە ڕەشید، ئەوە بڕۆ بڵێ کاك ئەحمەد لە گوندی کەریم باسام چۆن بوو لەگەڵتانا، ئەوساکە کە ئەهاتن پێشمەرگە بوون، هاتوچۆی کەریم باسامیان ئەکرد، ئەوە عەبدوڵڵا جەلال، ئەوە مام سابیر کۆچی دوایی کرد، کێی تریش لەگەڵیان بوو ، ئا هاتە بیرم مامۆستا عەلی زەنگەنە، بڕۆ لە هەمووی بپرسە، تەنانەت دەنگەکەی وەرئەگرم بۆ حیزب بەس دەنگەکەی لەوە زیاتر نا.

**پ: ئەی ئەگەر نەیدا؟**

**و:** خۆم بە یەکەوەین، چۆن پێی ئەکەم، ئەڵێم بێ لە بەر چاو خۆم بیکە ئەیکا، دەنگەکەی پێ ئەدەم، گرنگ دەنگە ئێستا، خاڵۆم نەجمەدین بە رەحمەت بێ، بە خوا بموتایە ماست ڕەشە، ئەیوت ڕەشە، ئاغاش بوو .

**پ: شیوعییەکان دەردیان پێ نەدابوو ساڵی شەعب شەعبەکە؟**

**و:** بە کێ؟

**پ: بە خاڵت نەجمەدین دەردی بدەنێ و عەرزی داگیر بکەن و بڵێن بۆ جووتیارو ئەمانە؟**

**و:** نا ئاخر خاڵم ناوی تەنها ئاغا بوو وەك نازناو، مەسەلەن نەجمەدین ئاغا، یان مجید ئاغا بەس ناویان ئاغا بوو، ئاغایەکی چۆن بڵێی بەس ناویان ئاغا بوو، دەسەڵات و زوڵمیان نەبوو.

**پ: خۆ زەوییان هەبوو؟**

**و:** زەوییان هەبوو بەڵێ، ئێستاش زەوییان هەیە، زۆریش .

**پ: حکومەتی ئەو کاتە هەندێك زەوییان لێ سەندوون بۆ جووتیارەکان؟**

**و:** خۆیان دایانە پێیان کاتی خۆی بە هەندێك جووتیار، ئێستاش لێیانیان نەسەنەوە، خۆیان داویانە، داویانەتە جەماعەتێ ماڵ وەهاب حەکیم هەیە عەرزیان داوە پێیان، هەتا وتوویەتی زەکاتەکەشیان لێ مەسێنن، ئێمەش ئێستا 300 دۆنممان هەیە لە باوا هی بەشی دایکم، ماڵ ئەحمەدیش ئێستا لە دێی کەریم باسام، بڵێم زیاتر لە (600-700) دۆنم زەوییان هەیە.

**پ: بۆ زەکاتیش بۆ ئاغا بوو جاران؟**

**و:** ئەی چی، ئەرێوەڵا.

**پ: زەکاتیشیان ئەخوارد ئاغا، ئەی نالێن زەکات بۆ هەژارو نەدارە؟**

**و:** نا ئاغا زەکاتی ئەخوارد، خاڵۆ نەجمەدین زەکاتی ناسەند، زەوی داوەپێیان ئێستاش هان لە بانی، دوو وەچەیان و سێ وەچەیان ماوە ئێستاش لە سەر ئەو زەویانەن، خاڵۆ نەجمەدین، نا ئەحمەد نا، بابایان زەکاتی وەرئەگرت، باس ئەمانە ناکەم، ئەم وەچانە هیچیان لە فەلاح نەسەندووە نا، بە ڕەنجی شان و ئارەقی ناوچەوان خۆیان ئەژێن.

**پ: تۆ دیفاعی خزمایەتی لێ مەکە.**

**و:** نا وەعد نا، خزمایەتی نییە، بە شەرەف هەموو ئینسانێ خزمایەتی نییە، من وەك حەق چی هاتە پێش چاوم ئەوە ئەڵێم، نالێم ئێستاش بە بەڵگە و دەلیلەوە بە ئیسپاتەوە، ئێستاش 3 وەچە 4 وەچەیان لەسەر ئەو عەرزەن. ئەوان وا نەبوون لەو ئاغایانە نین، کاکە لەو ئاغایانە نین، شێخ وا هەبووە ئاغایەتی خۆی نواندووە، مەسەلەن فەلاحێك بە دڵی نەبوایە حەوز چیمەنتۆ پڕ بەفر بوو ئاوا، ئەمری ئەکرد ئەیوت بیکەنە ناو حەوزەکەوە، یان فەلاقەیان بکات، یان لە دێیەکە دەریان بکات، فەلاحەکانیان ئاوا سزا داوە، زۆر بێویژدان بوون.

**پ: دوای هاوسەرگیری ماڵت لە کوێ دانا؟**

**و:** لە ناو شاری کەرکووک، ژوورم بە کرێ گرت.

**پ: بوویتەوە بە کرێچی؟**

**و:** ئەی چی ئەرێوەڵا بە کرێ گرتم، لەگەڵ ماڵ ئامۆزایەکم، ستاری ناوە ئەبێتە بابای ئەم چۆمانە (چۆمان دراوسێیانە)، ئا لەگەڵ ئەوانە ئێمە ژوورێك و ئەوانیش ژوورێك پێکەوە حەوشێکمان بە قاپی باغڵەمە بە کرێ گرت.

**پ: بۆ نەچوونە کەریم باسام؟**

**و:** لە بەر ئەوەی ئەحمەد هاوسەرم تەتەوعی عەسکەری بوو، تەتەوعی کردبوو لە سوپا.

## باركردن بۆ قەزای موسەیەب

**پ: هەر لە کەرکووک مانەوە؟، ئێوە ماڵتان چووە چ گەڕەکێك؟**

**و:** ئێمە ماوەیەك کەم لە شاری کەرکووک ماینەوە لە گەڕەکی ئیسکان بووین، دوایی ئەو ئەحمەد دەڵێم نەقڵ بوو رۆییشتین بۆ قەزای موسەیەب لە خوار بەغداوەیە، (9) ساڵ لە موسەیب بووم لە نزیك شاری بەغدا، لەوێ مامەوە، ماڵ کاکەم ئەوانیش هاتن بۆ بەغدا.

**پ: لە قەزای موسەیەب لە چ گەڕەکێك بوون؟**

**و:** لە دوور ئەربەعین، نزیك سەربازگەکە بووین، لە حەوشێکا بووین بە تەنیا، دوو ژووری تیا بوو، لە تابووك دروست کرابوو.

**پ: ئەو 9 ساڵە لە موسەیەب هەر لەگەڵ حزب بەردەوام بوویت؟**

**و:** عەینەن ئابوونەم ئەدا، بەس نەم ئەتوانی راستەوخۆ ئیش بکەم لەوێ؟، کەسیان پێم نە ناساند، هەتا داوای ئەوەشم کرد لە ئەبو وەلید بۆ ئەوەی پەیوەندی تاکە کەسیم لە گەڵدا بکا، داواشم کرد لێیان، ئەبو وەلید وتی: لە بەر ئەوەی پیاوەکەت عەسکەرییە، ئێمە حەز ناکەین خەڵك بنێرین بۆ لات، خۆت دوو مانگ جارێ بێ لە کەرکووک ئابوونەکەت بدە.

**پ: ساڵ چەند چوون بۆ مسەیەب ؟**

**و:** ساڵ چەند؟ وەڵاهی نـازانم بڵـێم سـاڵ چـەن چـووین، ئـەو کاتەی ماڵ کاکەم هاتن بۆ بەغدا، لە بەغدا بـوون ئـاخر یەکـەم جـار لای من بوو کاکەم، ئێمە سەرەتا ماڵمان باری کرد بـۆ قـەزای ئـەبو غرێب، سەرەتای هاوینی ساڵی 1968 چووین بـۆ ئـەبو غرێـب، ئـا بزانە ئێمە لە ئەبو غرێب بووین، ئەبو وەلید نامەیەکی بۆم نارد، بـە ژنێکـی عـەرەبا لـە کـاتی خـۆی بەیەکـەوە ئیشـمان کردبـوو لـە نـاو کەرکووک، تەوسیەی کردبوو ناونیشانەکەی لە کاکەم وەرگرتبـوو، هـات بـۆ مـاڵ ئێمـە بـە عەلاگەیـەك پـڕەوە، ئیتـر بـامێ و تەماتـە و گۆشت و شتی هاوردبوو بۆ من، بە ناوەی ئەوەوە ئێمە لەگەڵ مـاڵی دایکی عەباس دانیشتبووین بە یەکەوە لـەو خـانووە، هـات وتـی: بـە خوا بیرتم کردووە لەبەر ئەوە هاتوومە، منیش لە لای ئەو ژنـە وتـم ئەمە پیرێژنێکە کاتی خـۆی هاوسـێ بووینـە و خزمـەتیم کـردووە و نەخۆش بووە ئینسانێکی بە وەفایە، هـاتووە سـەردانیم ئـەکا، هـاتبوو هەواڵی خۆ ئامادەکردنی حیزبی بۆم هێنا بۆ ئەنجامـدانی کودەتـا لـە عێراق لە لایەن حیزبی شیوعییەوە، بەڵام بەعسییەکان 17ی مانـگ کردیان، وتی ئا لەم کاتە خۆت ئەکەیتە نـەخۆش بـە هـەر شـێوەیەك بێـت نـاهێڵی ئەحمـەد بچێـت بـۆ عەسـکەریەکەی نـەك بکـوژرێ تێئەگەیت؟، ئێمە شتێك ئاوها هەیە بە دەست حیزبـەوە باسـی مەکـە، نـەك بکوژرێـت، لـە نامەیەکـدا بـۆ مـن نووسـیبوویان، ئیتـر منـیش ئەمەنە دڵخۆش بووم، ئەمەنە پێم خۆشبوو وتم حـزب ئینقلاب بکـاو

بێتــەوە ســەر حــوکم ئەمــەو ئــەوە، ئیتــر بــۆ خــۆی 17ی مانــگ بەعسییەکان دەسپێشخەر بوون کردیان، وا نەبوو 17ی تەمووز.

**پ: لە ناو نامەکە نووسرابوو کودەتا ئەکەین؟**

**رەســمییە:** بــەڵێ لــە نــاو نامەکــەی بــۆ مــن نێردرابــوو نووسرابوو، وەڵا ئیتر 17ی مانـگ کردیـان زۆر خەفـەتم خـوارد، زۆر زۆر موتەئەسیر بـووم، ئیتـر بـە منـی وت بـە هیچ شێوەیەك نەیەڵی ئەحمـەد بچـێ بۆ دەوام نـەك بکـوژرێ، منیش خۆم ئامـادە کردبوو وتم ئەو ڕۆژە خۆم ئەگەیەنمە مـردن، نایـەڵم ئەحمـەد بـڕوا دەوام بکا.

**پ: ئەو کاتە ئێوە لە ئەبوغرێب بوون ؟**

**و:** ئێمە ئەو کاتە لە شاری ئەبوغرێب بـووین، سـاڵ و نیوێـك لە ئەبوغرێب ماینەوە، دوای ئەوسا بارمان کرد، ئەوسا کاکەم هـات بۆ لای من، کاکەم لە بەغا لە دەواجن دامەزرا.

**پ: ئەی ئەو پێشمەرگە نەبوو لە قەواڵی؟.**

**و:** نا کورە قەواڵی چی؟ قەواڵی کەی بوو؟، مـن کـەی شـووم کرد، ئەو کاتە لە قەواڵی نەما، دوای حەرەس قەومی کاکـەم هاتـەوە بۆ کاری حیزبی بۆ تەنزیمات، ئیتر هات تەعین بوو لە دەواجـن لـە گەڕەکی مورادییە لە ناو شـاری بەغدا، دووریش بـوو لـە ئێمـەوە، بــەیانیان زوو هەڵئەســاند، ئــەڕۆیی بــۆ ســەر کارەکــەی، بــەینی ئــەبوغرێب و بەغـدا وابـزانم چارەکـە سـەعاتێك بـۆ (20) دەقەیـە تەقریبــەن، لەوێشــەوە دەڕۆیــی بــۆ دەواجنەکــەی مورادییــە، هــەر

زۆری پێ ئەچوو، ئیتر لە بەر خاتر کاکەم هەڵستاین بارمان کرد بۆ ناو شاری بەغدا، لەبەر ئەوەی کاکەم نزیکتر ببێتەوە، لە عەلاوی حلە دائەنیشتین، لە حەوشێك دائەنشین ماڵ ساڵح ئەمین ئاغای تەپە عەلی و تەپە قەوی پێ ئەڵێن لەوێ بوون ئەوانیش زەنگەنەن، ماڵی عیسمەتیش لەوێ بوو مێردەکەی زەنگەنە بوو، بەس ئەوانی تر سرف عەرەب بوون، ماڵێکی عەرەبیش هەم ئەیانمان ناسی خەڵك ناسرییە بوو لەوێ بوون، چوار پێنج ماڵ لە یەك حەوشە بووین، ئەو کاتە لەوێ بووین ، وەڵا لە ناکاوێك ئەحمەد نەقڵ کرا بۆ مەملەکەتی ئوردن، فەوجەکەیان نەقڵ کران بۆ وڵاتی ئوردن، نازانم چی بوو ئەو کاتە وایکرد بۆ ئوردن ڕۆییشتن، شەڕی ئیسرائیل بوو شتێك لەو جۆرە بوو، کاکەم لە لای من بوو، بەیانی بۆ دەوام ئەڕۆیی ئێواران ئەهاتەوە، ئیتر دوایی بارمان کرد بۆ حەوش ساڵح فەلامەرز هەر لە ناو شاری بەغدا، ساڵح فەلامەرز خۆی شیوعی بوو، خانوویەکیان بە کرێ گرتبوو، ژوورێکیان داپێمان، بارمان کرد بۆ ئەوێ، لەوێ دانیشتین، لەگەڵ ئەوانا پێکەوە بووین، سەلاح فلامەرز کوردە ، خەڵکی گوندی دوانزە ئیمامە، کاکەم ئەیناسی، لەگەڵیا برادەرێتی هەبوو، چوومان لەگەڵ ئەوانا دانیشتین، ماڵێك خەڵکی پردێ ماڵ کاك سدیق ئەوانیش لەو حەوشەیە بوون، ئەمە ئێمە لەم ژوورە دانیشتووینە، ئەوانیش لەو ژوورە دانیشتوونە، ئینجاکە دەرگا هەیە، لە بەین ئێمە و ئەوانا، خانووی بەغدا ئەو کات زۆری وابوو، ئەو دەرگایە ئێمە بە ڕۆژ

ئــەمانکردەوە، مــن منــداڵم نــەبوو، بــەس مــن و کاکــەم بــووین، ئەحمەدیش مانگانە ئەهاتەوە، ئیتر ماڵی ئەو کـاك سـدیقە روبعێـك و منیش روبعێك و ئەو ماڵەش روبعێکیان ئەدا، ژنەکەی نـاوی سـانییە بوو، ئەڕۆیشت بـازاڕی ئـەکرد، هـەتاکو جەماعـەتمان وتیـان ئێـوە دوو کەسن ئەوان پێنج نەفەرن بۆ تۆ روبعێك وەك ئـەوان ئـەدەی؟، تۆ کەمتر بدە، وتـم نـا موشـکیلەم نییـە قەیچێکـە، هاوکارییـە یـەعنی ئەمە بێ فەرقییە کە من کردم لەگەڵ ئەوانا، زۆر ئیستفادەی هـەبوو بۆ ئێمە، وەڵا ئیتـر بـازاڕی ئـەکرد هـەتا ئـەو ئەهاتـەوە منـیش ئـەو نــاوەم کــۆ ئــەکردەوە، قــاپ و قاچاخمــان ئەشــۆری، بەیەکــەوە خواردنـەکانمان ئامـادە ئـەکردو لێمـان ئـەنا، کاکـەم ئینجـا دائیمـەن حــەزی لــە نانــەوڵا بــوو، ئــەو ڕۆژەی ســوورەوەکراو بووایــە خواردنەکەمان نانەوڵایەکمان بۆ کاکەم ئامادە ئەکردو بە جیـا دامـان ئەنا بۆی، وەڵا دوای ئەوە باوکی منداڵەکانم نەقڵ بوو بـۆ کـوێ، بـۆ شاری کەرکووک، نەقڵیان کردەوە بۆ شاری کەرکووک.

کاکەم لەوێ لامـان بـوو، وتـی دنیـا هەڵسـتێ مـادام نـەقڵیان کردووە بۆ کەرکووک، ئەبێ تـۆ بڕۆیتـەوە بـۆ شـاری کەرکـووک، من وتم ئەحمەد بۆ ئوردن بڕۆ، مادام بۆ کەرکووکە نابێ نەقڵ بیت، ئەویش ئەیوت لـە بـەر خـاتر مـن قـەبووڵم نییـە، چۆن بڵێـی لەبـەر مەسڵەحەتی من، وتم کاکە بۆ خاتر خوا لێیگـەڕێ، ئەحمـەد هاتـەوە بە ئیجازە، وتی کـاك فـەخرەدین بـۆ خـاتر خـوا مـن لەوانەیـە ئێسـتا نەگەمە ئەوێ هەم نەقڵ بکرێمەوە، من عەسکەریم لـە وەڵامـدا کـاکم

وتی: نا موشکیله نییه ئیللا گەڕێ بڕۆی بۆ کەرکووک، ئەی خوایە چی بکەم، ئەیوت: من ئەچم بۆ ئوتێل، ئێ مەعاشەکەت ئەوەنە نییە چی بەش ماڵ و منداڵەکانت، بەش ئوتێل ئەکات، ئەی تۆ دەبێ یەکێك خواردنت بۆ ئامادە بکات هەتا دێیتەوە، ئیتر بووە موشکیلەیەکی زۆر گەورەمان، کاکەم هەر پێداگیری ئەکرد بۆ ئەوەی من بڕۆمەوە بۆ کەرکووک، وەڵا ماڵی سانییە و کاك سدیق ئاوا بێ وتیان کاکە موشکیلەمان نییە نەقڵ بن بڕۆن بۆ کەرکووک، کاك فەخرەدین دێت بۆ ماڵ ئێمە، ئێ چۆن ئەبێت کابرایەکی غەریب جار وا هەیە پیاوەکە شەو درەنگ دێتەوە، ئەمیش لەگەڵ ئافرەتێکا، کاکەم وتی: ناتوانم موستەحیلە ناتوانم، ژوورێکیان هەبوو لە بەین قاڵدرمەو سەربانەکە، ژوورێکی زۆر بچووك بوو، کاکەم هەڵستا ئەو ژوورەی گرت، وتی باشە مادام هەر پێداگیری ئەکەن، من ئەو ژوورە ئەگرم جێگاکەم بۆ داخەن لەوێ، لەوێ ئیسراحەت خۆم وەرئەگرم، نان خواردنیشم با لەگەڵ ئێوەدا بێ، روبعەکەی خۆمیش ئەدەم، ئیتر بەو شێوەیە قەناعەتی کرد، منیش دڵم ئیسراحەتی کرد، چونکە سانیەش وەك من خوا هەڵناگرێ وەك برای خۆی مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرد، زۆر ئافرەتێکی رێکوپێك بوو کاك سدیقیش بە هەمان شێوە، ئەوان خەڵك پردێ بوون، وەڵا ئیتر ئەو لەوێ مایەوە، من بارم کرد بۆ کەرکووک، ئیتر لە پشوو ماڵ و منداڵی پێچایەوە، لە گەڕەکی فەزڵ خانوویان بە کرێ گرت چوونە ناوی، ئێمەش هاتینەوە بۆ کەرکووکە حەیاتەکە، بەڵام ئەوەندەمان

پـێ نـەچوو لـە کەرکـووک، نـەقڵ کـراین بـۆ کـوێ؟ بـۆ قـەزای موسەیەب لە خوار بەغداوە بەرە و شـاری کەربـەلا، ئێمـە چومانـە موسەیەب ئەوان لە فەزڵ بوون، ئیتر هاتووچۆی یەکترمان ئەکرد، حەفتانە من ئەهاتم سـەردانیم ئـەکردن، ئـەوانیش ئـەهاتن سـەردانی منیان ئەکرد، بەو شێوەیە ماینەوە لـە بەغدا، دوایـی ئـەو ڕێکەوتنـە ئاشکرا بوو لە نێوان حیزبی شیوعی و حکوومەتی بەعس.

**پ: تۆ ئەو کاتەی ئـەوان ڕێککـەوتن لەگـەڵ حیزبـی بەعسـا هێشتا بەردەوامیت؟**

**و:** بـەڵێ بـەڵێ، بـەردەوامم لـە حیزبایـەتی، وەلـێ وەك گـوتم تەنها لە کەرکووک ئابوونەوەی خۆم دەدا هیچی دیکە، ئـەو کاتـە لـە موسەیەب بووم، هیچم ناکرد، وەك وتم حزب منی جیا کـردەوە، لـە کاتی بەرە چالاکیم نەبوو، پیاوەکەم سەرباز بوو، منیـان جیـاکردەوە بۆ ئەوەی ئەو تووش نەبێت ئابوونەش یەك دینار بوو، بەس من نیو دینـارم مانگانـە ئـەدا، ئیتـر مایـەوە تـا ئـەو وەختـەی جـارێکی تـر چوونەوە بۆ شاخ.

## چوونی مام ساڵەح بۆ شاخ

**پ: ئەدی کاکەت؟**

**و:** کاکەم بزانە چی ڕوویدا، خەبـەریان هـاورد وتیـان خـەڵك ئەگرن، یان ئـەوەتا بەرائـەت (پاکانـە) ئـەدەی لـە حیزبـی شـیوعی،

یاخود زیندانی و ئەشکەنجەو ڕاوەدوونان بوو، کاکـەم لـە بەغدا لـە مورادییـە هـەر دەوامـی خـۆی لـە دەواجـن ئـەکرد، وەڵا سـەیرەکەم ئیلهام خوشکم و شـوانەی بـرام بـە هەڵـەداوان هـاتن بـۆ لام، ئیلهـام وتـی: تاتە خوشکەکەم بۆ خاتری خوا، کاکـە هـاتووە بـۆ کەرکـووک لەگـەڵ شـێخ ئـەمینا قسـەی کـردووە، شـێخ ئـەمینی کـانی قـادر خەزووری برای خێزانێتی، شێخ ئەمین وتوویـەتی پێـی؛ وەڵا کاکـە ئێمـە نـاتوانین کـەس بشـارینەوە، ڕۆژانـە کۆپتـەر لـە دێیەکـەمان ئەنیشێتەوە، کون بە کون هەردەم و ناو ماڵـەکان ئەپشـکنێ لـە کـانی قـادر، بـەردەوام جـاش و دەوریـە و شـتی وا دەرئـەچێت، زۆر زەحمەتەو جاش و جاسووس زۆر بوونـە، وەڵا هـەروا کاکـەم هاتـە دواوە گەڕایەوە بۆ ماڵ خۆیان، وتـی: ئێسـتا کاکـە دانیشـتووە هـا لـە ماڵە نازانێ چی بکات؟، ڕێگایەك شك نابـات خـۆی ڕزگـار بکـات، ئێتر منیش هەڵستام هاتم بۆ لای کاکەم وتـم: کاکـە تـۆ چـی ئەکـەی؟ وتـی: ئێ کاکە دەشت نەماوە نازانم چی بکەم بۆ کـوێ بـڕۆم؟، وتـی ئـەڵێن چـۆن بـڕۆی ئیخبـاری و ئەمانـە ئـەکرێی، پێشـمەرگە بـە پـارتیزانی زۆر نهێنـی ئـیش ئـەکا، مـن نـازانم چـی بکـەم؟ چـۆن بیاندۆزمەوە، بەرائەت نادەم با ئیعدام بکرێم، منیش بە هاوسـەرەکەم وت: ئەڕۆم لەگەڵ کاکەما، مانگێکم پێ ئەچێ، دوو مانگم پێ ئەچێ هـەتا کاکـەم شـوێنی قـایم نەکـەم نایەمـەوە، وەڵا ڕۆیشـتم کاکـەم هەڵگرت و هاوردم بۆ کەرکووک مـاڵی ئـەم ئـەمیرەی خوشـکەمان کـە وا دوێنـێ چـووم سـەردانیم کـرد، لـە مـاڵ ئـەمیرەی خوشـکم

ژوورێکمان دانا، کاکـەمان کـردە ئـەوێوە، دەرگامـان لێـی کلیـل دا، نەمان هێشت یەك خزمێك، یەك کەسێك، تەنانەت ماڵ و منداڵەکـەی خۆیشی ببینن، چی کـاتێ بیویسـتایە سـەر ئاوێـك بکـات یـان خـۆی بشوات، خواردنێکیـان بـۆی ببردایـە، منـداڵیان گشـت دەبـرد بـەرەو بانەوە، ئینجا لەوێ بە دزییەوە ئەیانکردە ئەو ژوورەوە بۆی، ئەوجا دوای ئەوە چووم بۆ لای خاڵۆ نەجمەدین لـە دێـی قەواڵییـەوە، وتـم: خاڵۆ شتێکی وا هەیە چی بکەم؟ وتـی: خاڵۆ گیان بڕوات بێت دوێنـێ کۆپتەرەکە ئاوا نیشتەوە تەفتیشـی دوو ماڵیـان کـردووە لێـرە، وتـی: خاڵۆت بمرێ چی بکەم نازانم، وتم: شـتێکی واهەیـە بـە خـوا کاکـەم بڕواتەوە ئیعدامی ئەکەن، ئەو پاکانە نادات، هەڵسـتا ئـەویش کەوتـە شوێنم، هات لەگەڵما بۆ کەرکووک، پێکـەوە دوو بـە دوو هـاتین بـۆ کەرکووک، بیرم کردەوە وتم باشە بۆ نەچم بۆ باوا بۆ لای هیدایەت و حوسـێن، ئـەوانیش شـیوعین، بەشـکم چارەسـەری ئەمـەمان بـۆ بکەن، وەڵا هەڵستام ڕۆیشتم بۆ دێی باوا، چووم بۆ ماڵ کـاك حـەکیم بـرای دایکـم، لـەوێ بـە خـاڵۆم نەسـرەدینم وت: خـالۆ بـۆ نارۆیـت حوسێنم بۆ بانگ بکەیت، وەڵا ڕۆیی حوسێنی بۆم بانـگ کـرد، وتـم کاك حوسێن بە خوا کاکەم وەزعی ئاوایە، ئەگەر رێ بدۆزیتەوە لـە تەکیا بڕۆیـت بـۆ سـنوور ئێـران بیدەیتـە دەسـت سـیروان تاڵـەبانی، سیروان خزمـە ئەیداتـە دەسـت جەماعـەتی حیـزب، وتـی: کاکـە بـە سـەرچاو، وەڵا مـن و عەبدولکـەریم ئـەویش شـیوعییە ئیمشـەو بـە تـەماین هـەردووکمان دەرچین، وتـم دەباشـە مـادام وایـە بـا کاکـەم

سێیەمین بێ بۆ خاتری خوا، کاك حوسێن کاکەم بە جێمەهێڵە، وتی: ئەی چی بکەم ئیمشەو دەرنەچم؟ وتم: نا ئەمشەو دەرمەچن، بەیانی کاکەم ئەهێنم بۆ ئێرە، بیبە بۆ ماڵ خۆتان بە یەکەوە دەرچن، ئیتر هەردووکتان چیتان بە سەرهات با پێکەوە بن، خۆ کاکەم لە ئێوە زیاتر نییە؟ ئەوان لەو ڕێگاوبانە زۆر سەریان دەرئەچوو، ئەو عەبدولکەریم و کاك حوسێنە هەردووکیان زۆر لە ڕێگاوبان شارەزان وەك کاکەم نین، کاکەم لەو دەشتودەرە شارەزایی نییە، وەڵا ئیتر هەڵستام چیم کرد، هاتمەوە بۆ کەرکووک، بەس ئیلهام خوشکم لەگەڵ شوانەی برام هەردووکیان قاتیان بۆی بەکردن داوەو چوار تەکە جگەرەو تاخم تەراش و ئیتر جلوبەرگی ژێرەوەو هەموو شتێکیان بۆی کڕیبوو، جانتاکەشیان بۆ حازرو ئامادە کردبوو، غەرازەکانیشی زۆر جوان پێچابوویانەوە، بۆ ئەوەی هەر کاتێ من ڕێگایەکم دۆزییەوە بۆ دەرێ بە ڕێی بکەن، کە گەڕامەوە کاکەم وتی: خۆش مژدانە بی، وتم: شتێکی ئاوها هەیە و ڕێکمخستووە بۆت، وتی: ئێ بە خوا شتێکی چاکە، ئێستا بیرمان کردەوە چۆن دەریکەین لە ماڵەوە بیبەین؟ وتم: کاکە جەمەدانییەکەت ببەستەوە دەم خۆت هەڵپێکە، ئەگەر سایەقەکەش قسەی کرد من وەڵام ئەدەمەوە ئەڵێم کاکە وەڵا ددانی هەڵکێشاوە ناتوانێ قسە بکات، تۆ بە ئیشارەت وەڵام بدەوە، نەکەی قسە بکەی، وتی: باشە ئەوم لە پێشەوە دانابوو، منیش لە دواوەی تەکسێکە سوار بووم، ماڵ خوشکەکەم منداڵیان گشت بردە بان خانوو بۆ ئەوەی کاکەم نەبینن،

وا نزيك بانگی مەغریبە سوار سەیارەکە بووین، ڕۆیشتین بۆ دێی باوا، بە سایەقەکەم وت: کاکە لە خڕەکەوە مەمان بە، لە بەر ئەوەی سەگی دڕیان هەیە لەوێ دامانگری، بە خوا سەگەکە ئەمانگرێ، ئێمە غەریبین بە نیسبەت ئەوانەوە، ئەچین بۆ ماڵ خاڵۆم برای دایکم، وتم: لای قەبرسانەکەوە بمان بە، ئا لەوێ بێ خۆمان ئەتوانین بچینە ماڵ خاڵۆم، وتی: باشە قەیناکە لە بەر خاتر ئێوە وا ئەکەم، ئیتر ئەویش لە پشتەوە بردمانی لە سەر کۆڵانەکە، ئەوە خانووەکەی ماڵ خاڵۆمە، ماڵ تاتە حەکیمەیە خوشك (جەمال جەلال) شیوعی بوو، ئەویش شەهید بوو، دوو خوشکی هەبوو دادە نەعیمە و دادە حەکیمە، خاڵۆم لەگەڵ ئەوان ئەژیا، وەڵا ئیتر دامانی گرت، خۆمان کردە ماڵاو چوومانە ژوورەوە، ژوورێکیان هەیە کاو شتی وای تیایە کادانە لە نزیك دەرگای حەوشە، هەر لە دەرگاوە چوومانە ناو کادانەکە، وتمان نەك میوانیان هەبێ، کاکەم لەوێ دانا، بۆ خۆم چوومە ژوورەوە، کاتێ ڕۆیشتم سەیر ئەکەم بەس دادە حەکیمە و دادە نەعیمە لەگەڵ خاڵۆما پێکەوە دانیشتوونە، خاڵۆم یەکسەر وتی: ئەی کوا کاکەت؟ وتم: کاکە ها لە ناو کادانەکە، ئیتر خالۆمان ناردوە شوێن حوسێن، وتم کاکەم با لەوێ بێ جارێ نەك میوانیان بێ، ناردمانە شوێن کاك حوسێن، ئیتر ئەمانیش فەقیرانە ئەوسا کەڵەشێر کوردی و ئەمانە هەبوون لێیان نا، نانیان حازر کردو هاتە شوێن کاکەم، لەگەڵ کاکەم قسەی کردو وتی: کاکە ئێستا ئەتبەم بۆ ماڵ خۆمان، لەوێ نان ئەخۆین و دوای

نانخواردن دەرئەچین، ئیتر کات پێوەی نەماوە، ئەبێ بە زوویی بڕۆین، ئیتر دەستمان کردە مل یەك لەگەڵ کاکەما، کاکەم وتی: ڕەسمییەی خوشکم ئیتر پێویست بەوە ناکات، ئامانەتی تۆ ماڵ و منداڵەکانم وەك هەمیشە، وتم: کاکە حەقت نەبێ وا بزانە خۆت لێرەی لەگەڵیانای، وتی: ئەزانم پشتم بە تۆ قایمە، بڕوات بێ ئیتر خۆت ئەزانیت دابڕان زۆر ناخۆشە، چۆنیش بڵێی ورەمان بەرزە، لە پێناو حزبێکا ئەم شتە ئەکەین، یەعنی زۆر تەبیعیش بوو لە لامان، ئیتر دەستمان کردە مل یەك و بەجێمهێشت، چرکەساتێکی ناخۆش و خۆش بوو، تێکەڵەیەکی سەیر بوو، دەبمە خوشکی پێشمەرگە، لەولاشەوە لە ڕێگا ئەترسام، چارەنووسی منداڵەکانی، دوورکەوتنەوە، ئەترسام ئەوە دوا دیدارمان بێت، لەو چرکەیە هەمووی ئەهاتە پێش چاوم.

**پ: پێی خۆش بوو ئەچێتە دەرەوە، ئەبێتە پێشمەرگە؟**

**و:** زۆر پێی خۆشبوو، کاك حوسێن هاتە شوێنی وتی: کاکە ئێمەش خواردنمان حازر کردووە، بردی ئەو لەوێ نان خۆی خوارد، من شەو لە ماڵ خاڵەم مامەوە، بەیانی خاڵۆم نارد بۆ ماڵیان، ژنەکەی وتی: شەو دەرچوونە، ئیتر ئەو دەرچوونەی دەرچوون هەتا یەك دانە ساڵ، نە هەواڵی هەبوو، نە ئەخباری هەبوو، نە ئەمانزانی چییان لێ هاتووەو چییان لێ نەهاتووە، ماون یان مردوونە، یەك دانە ساڵ تەواو ئێمە هەموو بێخەبەر بووین لە چارەنووسی کاکەم.

## هاتنەوەی کاکەم بۆ ناو کەرکووک

**پ: ئێوە ئەو کات ماڵتان لە کوێ بوو؟**

**و:** ئێمە جارێ هەر لە قەزای موسەیەبین، کاتی خۆی کە لە کەرکووک بووین ، خەڵات لە دایك بوو، لەو خانووەی ماڵ حاجی غەفور من ئەیانم ناسی، کاکەمیش ئەیانی ناسی هاتوچۆی یەکمان ئەکرد، زۆر کاکەمیشیان خۆشەویست، کوڕیان نەبوو، تەنها کچیان هەبوو، پیاوێ ئەختیارو پیرێژنێك بوون، وەڵا کاکەم بۆ حزب داوای لێ نەکات بۆ ئیشی ڕێکخستنی ناوخۆ بێتەوە بۆ ناو شاری کەرکووک، دیسان هاتەوە بۆ ناو کەرکووک، بەڵام ئەمجارەیان بە پێشمەرگایەتی، بڕۆم بۆ کوێ بچمە کامە ماڵ؟ وەڵا ڕۆیشتبوو بۆ ماڵ حاجی غەفوور، وتی کاتی چوومەتە ژوورەوە، وتی یەکەم جار باجی رەحمە وتی: کاکە تۆ کێی؟ کاکە وەڵا ناتناسم، وەها زەعیف ببوو هەر بە یەکجاری دامالڕابوو، وتم کاکە من فلان کەسم برای ڕەسمییەم، ئینجا وتی بەخێر هاتنمیان کردو خواردنیان بۆم ئامادە کردو لە ژوورێکا دامیاننا، دەرگایان لە سەرم داخست، سەیر ئەکەم باجی ڕەحمە هاتبوو شوێن کێ؟، هاتبووە شوێن براژنم و ئەمیرە لەگەڵ ئیلهام خوشکم و شوانەی برام، هەر چواریان ئەچن بۆ ماڵ باجی ڕەحمە، ئەچن بۆ ئەوێ، ئیلهام خوشکم شووی کردووە، ماڵی لە ئازادییە، خانوو حەوشێك هەر خۆی تیایەتی،

هەڵستابوو لەوێوە بردبووی بۆ ماڵ خۆیان، وتبووی کاکە من بە ڕۆژ ئەچم بۆ دەوام خۆم، بە ڕۆژ کەس نایات بۆ ئێرە، میوان و شتمان نییە، بۆ خۆت لێرەبە، خواردن و هەموو شتێکت بۆ ئامادە ئەکەم، نان خۆت بخۆ هەتا لە دەوام دێمەوە، لە دەوام هاتمەوە ئەتکەمە ئەو ژوورە دەرگات لێ کلیل ئەدەم، خۆ زۆر ئاساییە ئەگەر مێوانیشم بێت نازانن، یەك مانگ لەوێ بەم حاڵە مایەوە، لە ماڵ ئیلهام خوشکم، شوکرییە خوشك براژنمەو ستار زاوای براژنمە و هەم ئامۆزامە، تەنها ئەوان زانییان.

**پ: بۆچی هاتبووەوە؟**

**و:** بۆ ئیشی حزبی هاتبووەوە، خۆی وتی: بۆ ئیشی حزبی ناردوومیانەتەوە، بە شەو دەرئەچوو، ئیتر بۆ کوێ ئەڕۆیی بۆ کوێ ناڕۆیی ئێمە نەمانەزانی، ئەمە منیش هام لە موسەیەب ئاگام لە هیچ نییە، وەڵا سەیرم کرد شوانەی برام هات بۆ ماڵمان، ئێ وتم: شوانەی برام تۆ پێری لێرە بووی، وتم: ئیللا هەواڵێك، قسەیەك ناخۆشی پێیە، منیش میوانم هەیە خوشکێ ئەحمەد هاوسەرم لەوێیە، نەشتەرگەری چاوی کردووەو لامانە، لەگەڵ منداڵەکانیان و پیاوەکەشی لەگەڵیایە، شوانەم بانگ کردە ئەو دیو وتی: وەڵا کاکە هاتۆتەوە، ڕاستی موتەئەسیر بووم زۆر خەفەتم خوارد، خەریك بوو خوێنم رابوەستێت، وتم لە دوای هەموو ئەمانە هاتەوە؟ چۆن هاتۆتەوە تەسلیم بووەتەوە؟! نەمزانی بۆ ئیشی حزبی هاتووەتەوە، بە ڕاستی وەخت بوو دڵم بوەستێ، ئەمجا بە خێرایی دڵم چۆن لێی

ئەدا، وتی: کچێ چی هاتووە خۆی تەسلیم بکـا، ئـیش حزبـی هەیـە، حزب ناردوویەتی، ئینجا دڵم ئیسراحەتی کرد، فشارەکەی دڵـم خـاو بووەوە، لێدانی هێور بوەوە، دوای ئەوسا هەڵستام چیم کـرد، دوور لە ڕووی حازری، چیرۆکێکم هەڵبەستا، وتم خاڵۆم نەسرەدین ئەڵێن گیـان ئـەدا، لـە لای میوانـەکانم لای خوشـکەکەی ئەحمـەد، دادە حەکیمـەو ئـەوانیش وتوویانـە پـێش ئـەوەی بمـرێ خـۆ دەبـێ خوشکەزاکانی بێنە دیاری، من و ئیلهام و ئـەمیرە گـەرێ بچین بـۆ باوا بۆ لای، ئەحمەد زۆرزان بوو، وتـی: وەڵا ئیتـر بڵـێم چـی، ئێـوە زۆر شـت هـا لـە ژێـر سـەرتانا، پێـی دەچـوو تـەواو باوەڕمـان پـێ نەکات، وتم: ئینجا ئەڵێی چی و ناڵێی چی ئاوهایە، حەزدەکەی تۆش بێ لەگەڵمانا، وەڵا ئیتر بە ئەحمەدم وت شتێ هەیە، وتم ئـەڕۆم دوو شەوم پێ ئەچێت و دێمەوە، ئەگـەر خـاڵۆم بشـمرێ تەعزیەشـی بـێ هەر دێمەوە خەمت نەبێت، بە خوشکەکەی ئەحمەدم وت: ئەوە ماڵی خۆتانە ئەوە موجەمیدەیە، ئەوە سەلاجەیە، هـەموو شـتێکیان تێدایـە، خۆت هەموو شتێك ئەزانی، ئـەوانیش وتیـان نـا بـراژن قەیناکـە تـۆ بڕۆ، ئەوجا لەگەڵ شوانەی برام کەوتمەڕێ بۆ شـاری کەرکـووک، خوا خوام بوو بفڕم و زوو لە بان شان کاکەم بنیشمەوە، هاتم کاکـەم دی، بـەڵام دوو ئێسـقان ڕەقوتـەقم بینـی، هـەر نییـە بـە یـەکجاری داماڵرابوو، وتـی: خوشکم ئەوەی بە سـەر مـن هـات بـە خـوا شـانزە ڕۆژ لە کونە شاخێك بوومە، شوان هاتووە تۆزێك نـان و خورمـاوو ئاوی داوە پێم، دوای شانزە ڕۆژەکە ئینجاکە سیروان تاڵەبانی یـادی

بەخێر هاتووە بردوومێتی، نان و ئاوم ئەوەنە بوو، جگە لـە شـوێنی ناخۆش و لە ناو ئەو خۆڵە بخەوە، ئیتر ئاوایە ئەمـە ژیانـەو خۆمـان ڕێگاکەمان هەڵبژاردووەو پەشیمانیش نیم.

**پ: چەند ڕۆژ لای کاکەت مایتەوە ؟**

**و:** من سێ ڕۆژ لای مامەوە، دوای مانگێك بە سەیارە نـاردم بۆ دێی گوڵباخ، ئینجا خاڵۆ عەبدوڵڵا بردیان بۆ مەلا ئۆمەر.

**پ: چەند لە کەرکووک مایەوە؟**

**و:** ئەوجارەیان مانگێك مایەوە، چونکە دوایی جاری دیکـەش ئەهاتەوە.

**پ: ئەی ماڵ و منداڵەکەی؟**

**و:** لـە بەغـداوە هاتنـە مـاڵ ئـەمیرەو فـەریق هاوسـەری لـە کەرکووک، ماوەی شەش حەوت مانگ تـا نزیـك سـاڵێك لـە ماڵیـان مانـەوە، دوای سـاڵەکە بردیانیـان بـۆ مـاڵ شـێخ عـەتا، لـەوێش سـێ هەفتە مانەوە .

## چۆن فێری دەرزی لێدان بووم؟

**پ: ئەو هەموو ماوەیەی لـەوێ بـووی، خـەڵکی موسـەیەب چۆن بوون لەگەڵتا ؟**

**و:** زۆر خۆشمیان ئەویست، ئاخر بە خۆڕایی دەرزیـم لێیـان ئەدا.

**پ: لە کوێ فێری دەرزی لێدان بوویت؟!**

**و:** لە ماڵی حیزبی ئەو کاتەی لە گـەڕەکی بەگلـەر بـووین لـە ماڵە حزبییەکە، عاسی حاجی جەوهەر خەڵکی دەوری تەپەلوو بوو، لەگەڵمان بوو وەك باسم کرد، شەوێك نەخۆش بـوو، تەنگـە نەفـەس بوو، ڕەبۆی هەبوو، مزەمیدمان دەست نەکەوت بۆ ئـەوەی دەرزی لێبدات، زۆری لێم کرد ناچار بـووم دەرزی دەمـاری لێبـدەم، خـۆی داوای کرد هیلاك بوو، بەڵام ڕێنوێنی کـردم چۆن لێـی بـدەم، زۆر ترسام، بـەڵام چـار نـەبوو، یەکـەم دەرزی لـە دەمـار لـەوم دا، ئیتـر دوای ئەوە تا پێکەوە بووین، هەر من دەرزیـم لێـی ئـەدا فێـر بـووم، دەستم ڕاهات پێویستمان بە موزەمید نەما.

دوای ئەوە شەش مانگ لە مەدینە توب لـە بەغـدا لای دلێـر برازام خەوتم، ساڵی 1973، لەو شەش مانگە یارمەتی سستەرەکانم ئـەدا، فێـری موغـەزی بەسـتان و تـەعقیمکردن و زۆر شـتی دیکـە بووم، ئیتر بەردەوام بـووم، لـە موسـەیبیش هـەر دەمکـرد بـەردەوام دەرزیم لە ژنان ئەدا، کە هاتینە لادێ ئەو چەند ساڵە هـەر بـەردەوام بووم.

## مامە ڕیشە داڵدەیانی دا

**پ: لـە کـاتی شـەڕی براکـوژی هـیچ ئـازاری منداڵـەکانی کاکەتیان دا؟**

**و:** سەیر بکە، ئەوەی بە سەر ئەوان هاتووە، بەسەر کەس نەهاتووە، ماڵ کاکەم لە کەریم باسام لە حەوشەی ماڵ کاك عەزیز برای ئەحمەد هاوسەرم بوون، دوای لێدانی قەڕناقاو پشت ئاشان و شەڕی ناوخۆیی، یەکێتی لە دێی کەریم باسام دەریانی کرد، بۆیە چنوور و بەهار و هاوار چوون بۆ ماڵ ئەمیرە لە گەڕەکی حوڕییە، سایەقەکە ناسیبوویانی یەکسەر خەبەری لێیان دابوو، ئیتر ئەمن چووبوون بۆ گیانیان، فەریقی ئامۆزامان لە ماڵ بوو، پرسیاری منداڵەکان مام ساڵەحی کردبوو، ئەمنەکە وتبووی ئەزانین هاتوونە بۆ ئێرە، منداڵیان ڕیز کردبوو سەیری جنسیەکانیان کردبوو، تا بیاندۆزنەوە، بەهارو هاواریان کردبووە ناو کانتۆری جلەوە شاردبوویانەوە، چنوورو عەلیش پێشتر لە بان خانییەوە چووبوونە ئەو دیوو بۆ ماڵ مامەم فەیزوڵا، ئیتر بە ڕێکەوت ڕزگاریان بوو. دوایی براژنم و چنوورو بەهار ڕۆیشتن بۆ دێی خدر بەگ بۆ ماڵ سەلام میمکزای بوو، تا لەوێ بمێننەوە، لەوێ مامە ڕیشە یادی بەخێر دەزانێت لەوێن، بەخێرهاتنی کردبوون، وتبووی: تا من لێرە، لەم ناوەبم کەس ناتوانێ ناوتان بێنێ بۆ خۆتان دانیشن بەخێربێن.

عەلی و دلێرو شلێریش چوون بۆ قەواڵی بۆ ماڵ کاك هیدایەت، لەوێوە چوون بۆ کفری ماڵ حەسەن کوێخا برایم، برای هیدایەت، کەماڵ بە جێبێك بردیانی بۆ ماڵ خۆیان، ڕۆژی دواتر ناردیانی بۆ موسەیەب بۆ ماڵ ئێمە، ماوەی 10 ڕۆژ لای ئێمە

بوون، ئیتر ترسام لە گەڵیان هاتمەوە بۆ کەرکووک، تاکو بیانبەم بۆ تاوخ، دوایی کەماڵ بردیانی بۆ دێی ئەحمەد بڕنە لە شارەزوور، لەوێوە چوون بۆ لای باوکیان، ئیتر هەموو کات ئاوا ژیانمان بەسەر ئەبرد.

## بەرەو لادێ

**پ: ئێوە کەی بۆ کەرکووک گەڕانەوە ؟**

**و:** ئێمە لە دوای ئۆپەراسیۆنی ئەنفال گەڕاینەوە.

**پ: لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران، کاك ئەحمەد فیراری نەکردووە؟ بێتە لادێ، وەك ئێوە دەڵێن هارب بوو بێت؟**

**و:** نا بزانە ئێمە نەگەڕاینەوە بۆ کەرکووک، ئەزانی چۆن گەڕاینەوە بۆ کەرکووک، ئێمە لەوێ بووین، ئەو نەقڵ کریا بۆ قاتع (مەهران)، کە نەقڵ کریا بۆ مەهران، ڕاستی خۆی نەڕۆیی لە ساڵی 1984، ئەو کات من نەمهێشت بڕوات، وتم باشە تۆ بۆ کوێ ئەڕۆیت، ئەوە هەر وا وەجبە وەجبە عەسکەری شەهید ئەهێننەوە بۆ کەسوکاریان مەڕۆ دانیشە، ئیتر وەك ئەو خەڵکە ڕامانکرد بۆ دەشت، هاتین بۆ دێی کەریم باسام.

**پ: ئەی هەر بە فیراری مایەوە، یان چی؟**

**و:** نا نا دوای ماوەیەك گەڕایەوە بۆ سەربازی، بەڵام ساڵی 1985 دیسانەوە فیراری کردەوە.

**پ: کە چوەوە بۆ سەربازی، ئێوە لەگەڵیا چوونەوە بۆ شار؟**

**و:** ئێمەش چووینەوە بۆ شار، ماڵم گشتی چاك كرد، خانوو حەوش خۆمان بوو، ئەشیام لە ناحیەی تاوخ بوو هێنامەوە دامەزرانەوە، دووبارە ماڵم دانایەوە، دوایی دووبارە هەم نەقڵیان کردەوە بۆ شوێنێك خراپتر لە مەهران، ئاخر پێموت: ئەگەر هاتوو نەقڵتیان کرد بۆ شوێنێکی خراپ و ترسناك بکوژرێی مەیکە، وتم ئەوە چەندەها کەس فیرارە، بەڵێ دووجار ڕۆیشتین بۆ دێی کەریم باسام، کە ڕۆیشتین جەیش هاتە سەرمانا، دوای ئەوە پێکەوە بووین، ئەو جیا بردرا، منیش بە جیا.

**پ: دوایی دێینە سەر قۆناغی ئەنفال، ئێوە بە هەردوو جارەکە چوار ساڵ لە لادێ مانەوە؟ ئەو ماوەیەتان چۆن بردە سەر؟**

**و:** وەڵاهی زۆر بە خۆشی بردمانە سەر، هیچ عەیبمان نەبوو، من لەوێ نانی (27) نەفەرم ئامادە ئەکرد، قەرەباڵغ بووین، خێزانی مەحموود، خێزانی ئەمین، خێزان ماڵ خاڵۆ نەجمەدین، هەموو پێکەوە بووین بە خۆشی .

**پ: هەر تۆ خواردنت ئامادە دەکرد؟**

**و:** ئاخر نەك هەر من، ئیشمان زۆر بوو، ڕانیان هەبوو قسمێ مەڕی ئەدۆشی، یەکێك ئەڕۆیی درەوی ئەکرد، یەکێ شیرەکەی ئەکوڵاندو ئەیکردە ماست و شیرەمەنی دیکە، یەکێ

پەچەی ئەماڵی، یەکێ گیاو کنگرو کاردی و تۆڵەگەی ئەکرد، یەکێ بەرخ و کاریلەی بەرئەدا، لە سەرووی هەموویەوە کەریم باسام ئاوی کەمە خەڵات و شوکری کچی ئەمین ئاویان بە بەرمیل و کەرو مشەما لە چەم ئەهێنا. ئیتر لادێ ئاوایە و هەر یەکەی سەری ئیشێکی گرتبوو، کەس لە ناومان بێ ئیش نەبوو، بە تایبەت ژنەکان.

**پ: ئەمجارەیان بوویتە فەلاح؟**

**و:** ئەرێوەڵا لەوێ بوومە فەلاح، نانم ئەکرد پێشمەرگە ئەهات خزمەتیانم ئەکرد.

**پ: چەند سەر مەڕتان هەبوو؟**

**و:** دەور 150 بۆ 200 سەرێك هەر ئەوەنە ئەبوون.

**پ: زەوی و فەلاحەتیشیان هەبوو، ترێکتەرو ئەو شتانە؟**

**و:** بەڵێ بەڵێ ترێکتەریشیان هەبوو، بەس دەڕاسەیان نەبوو.

**پ: ئەو کاتە لە دێی کەریم باسام، بە گشتی وەزعتان چۆن بوو؟**

**و:** ئێمە پارەمان لەگەڵ خۆمان بردبوو، ئاڵتونیشمان هەبوو، لەوێ پارچە ئاڵتوونم فرۆشت و جوان پێی ژیاین، ئەی فرۆشتم خۆ نابێ من هەر سەیر دەست ئەوان بکەم، نەوتم پێ کڕی، پێویستی ترم پێ ئەکڕی، چی ئاڵتونم هەبوو بە پیاوێکی خەڵکی قادر مستەفا فرۆشتم، خۆم نرخم ئەزانی و ئەمزانی چەندە و بایی چەندە.

**پ: ئەی ئـەوە نییـە مـەڕداری ئەکـەی، فەلاحـەتی ئەکـەی، نـانی ئـەو حەمکـە خەڵکـە حـازر ئەکـەی، مـەڕدارن سـووتەمەنی هەیە، نەوتت بۆ چییە؟**

**و:** ئێ کاکە ئەوان پێیا نە ئەگەیشتن، پێشـمەرگە زۆر ئـەهات میوانیان زۆر بوو، دیوەخانێکیان هەبوو، تەنانەت ئەوانەشی ئەهاتن بۆ شت فرۆشتن لەو گوندە بەقاڵ لەوێ نانیان ئەخواردو لایان ئـەدا، باروبنەیان لەوێ ئەخست. بە ناو ماڵە ئاغا بوون.

## نەفرەت لە براکوژی

**پ: ئەو کاتە پێشمەرگەی یەکێتی ئـەهاتن، دابـەش دەبـوون لـە ماڵتـان، هەڵوێستت چـی بـوو لـە سـەریان، لـە کاتێکـدا لەگـەڵ حیزبەکەی تۆ دوژمنداریيان هەبوو، شەڕیان گەرم بوو؟**

**و:** ئەزانی بۆ ڕقم لێیان نەبوو، ئەمانە پێشمەرگەن تێ ناگـەن لە مەوزوعەکـە، بـە پێچەوانـەوە خزمەتشـیانم ئـەکرد، ئەمـەیان بـۆ یادگـاری بـاس ئەکـەم، ڕۆژێکیـان دوو پێشـمەرگەی یـەکێتی هاتنـە دیوەخانەکەمان، ئیتر دوای مەغریب بوو، ئەحمەد هـات وتـی: وەڵا دوو پێشمەرگە هاتوونە ئێمـەش گشـت خواردنەکـەمان خـواردووەو هیچمـان نـەماوە، چییـان بـۆ بکـەین؟ منـیش بـۆ جەماعـەتی حزبـی خۆمـان، نزیـك 20 مریشـکم کـڕی بـوو، مریشـکی مەسـڵەحە هـەر جارەی کە ئەهاتن مریشکێکم ئەکوڵان یان سوورم ئەکردەوە بۆیان.

**پ: ئەو کاتە ئەوان قاچاغ بوون؟**

**و:** قاچاغ بوون، بەڵێ شەڕی ناوخۆیی گەرم بوو، ئەوان قاچاغ بوون لە ناوچەکە، پارتیزانی شەوان درەنگ ئەهاتن، قوتی گۆشت و هێلکەم کڕی بوو لە ماڵ دامنابوو بۆیان، ئێ ئێستا بۆ حایر ماون، وەڵا ئەڕۆم لە خواردن ئەوانەی کە دامناوە بۆ پارتیزانە شیوعییەکان، جەمە خواردنیان بۆ دروست ئەکەم، هەڵستام پەتاتە و گۆشت و هێلکەم بۆیان سوورکردەوە، ناردمە دیوەخانەکە بۆیان، ئەوە نانیان خوارد بۆ خۆیان، وتم گوناحن، چایان برد خواردیانەوە، وتیان وەڵاهی کاك ئەحمەد بەو خودایە 3 بۆ 4 مانگە خۆمان نەشۆریوە، ئەگەر شوێنێکتان هەیە خۆمان بشۆین، منیش حەمامێکم هەیە دروستم کردە بۆ جەماعەت خۆمان، بەرمیلێکی تیایە ئاوم تێکردووە، تەباخم هەیە، غازم هەیە، 10 بوتڵ غازم پڕکردووە، لە گەڵ خۆما لە کەرکووکەوە هاوردوومە بۆ لادێ، چوار حەمام لە حەوشەمان هەیە، حەمامەکەی من لە هەموویان مەزبوت ترە، وتم ئەحمەد قەیناکە توخوا گوناحن ئاویان بۆ گەرم ئەکەم با بێن خۆیان بشۆن، ڕۆیشتم ئاوم بۆیان گەرم کرد، جلوبەرگ ئەحمەدم جیا کردەوە بۆ ئەوەی ئەم جلە بکەنە بەر خۆیان، جلەکان بەریشیان داکەنن، بۆیان بشۆم و وشکیشی بکەمەوە، سۆپەمان هەیە شیش بان سۆپەشمان هەیە، وتم هەتا بەیانی ئەگەر نەخەوتوومە، بۆیان وشك ئەکەمەوە، ئیتر هاتن پاك خۆیان شۆری، شوێن پوختەو غازو ئاوی گەرم و کەلوپەل

ئەحمـەدمان داپێیـان، شـتێکی کـەم نـەبوو، ئیتـر چوونـە دیوەخـان، هەڵستام ئەو کەلوپەلانە کە سەیرم کرد فەقیرانە هـەمووی ئەسـپێ و ڕشك بوو، کردمە ناو قازانێ ئاو کـوڵانم کـوڵانم، ئینجـا ئـەو ئـاوەم فڕێدا، ئنیجاکە دووبارە سەرێ تر کوڵاندمـەوە، ئەوەشـم فڕێدایـەوە، ئیتر بە دوو جـار کـوڵان سپێی تیـا نـەما، بـەس ڕشـکی تیـا مـابوو، هەڵستام ڕشکەکانیش چەقۆی دڕمان هەبوو بچووك، گشتیم ئـەکڕان و فـڕێم ئـەدا، ئـەوەم پاکـەوە کـرد بۆیـان، نـەك پاککردنەوەیـەکی وا بەس باش بوو، ئیتر هەڵسـتام بـە سۆپە حـەتا بـەیانی نەخەوتوومـە، ئەموت نەك شـمەکەکانیان بسـووتێ فەقیرانـە، ئـەم دیـووو ئـەودیوم پێیانە کرد، وشـکم کـردەوە، قـەدم کـردو وتـم: ئەحمـەد ئەمـەیان بـۆ ئەبەی بیدە دەستیان، غێر ئێستا ئـەڵێن عـەزێت ئـەو خوشـکەمان دا، پێیـان بڵـێ براشـی پێشـمەرگەی شـیوعییە، بنەماڵەیـەکی شـیوعین، ئەمان ئێستا ئەڵێن ئەی چۆن ئاواو ئـاوا، پێیـان بڵـێ ئـەوە تەربیـەتی ئـەوان وایـە ئیتـر بزانـە چـی ئـەڵێن، کونێـك هـەبوو لـە مـا بـەینی دیوەخانەکەو حەوش، لەو کونەوە سەیرەکەم وتیـان وەڵا جلـەکانمان وشکەوە بووە ئێ خۆ بارانە، وتی: ئاوایە، بەڵام ئیمشەو هەتا بەیانی نەخەوتووە لە بان سۆپە وشکی کردۆتەوە بۆتان، سەیریان کرد پـاك و سپێی تیـا نـەماوە، وتیـان وەڵا زۆر عـەزێت ئـەو خوشـکەمان دا، وتی بۆ ئاگاداری با هەنێ شتتان پـێ بڵـێم، وتـی: ئـەو خوشـکە نییـە دوو بـرای شـیوعییە دوو بـرازای شـیوعییە، خۆیشـی هـەر لـە بنەماڵەی شیوعین، بنـەماڵەیان گشتیان سـەرتاپا شیوعین، وتیان چۆن

ئاوا شیوعین، وتی کاکە ئەوان تەربیەتیان ئاوایە، ئەوان ڕقیان لە یەکێتی نییە، ئێوە فەقیرن.

**پ: یەعنی کردتە قاڵبی سیاسەتەوە؟**

**و:** ئا کردمە قاڵبی سیاسەتەوە، وتیان وەڵاهی زۆر زۆر مەمنونی ئەبین، وەڵا لە ئێستا بە دوواوە، شیوعی ئا لەوێ بێت کارمان بە سەریانەوە نابێت، ئەگەر زانیومانە دەرمانیان کردووە تەقەیان لێ ناکەین.

**پ: ئینجا وایان ئەکرد؟**

**و:** وتی بەڵێن بێت ئا لەوێ شیوعی ببینین، وەعد بێ خۆمان بێ دەنگ بکەین، مادام ئەمە تەربێتی ئەوانە، کە ئەم شەو ئەم خوشکە وای کردووە بۆمان، ئەو هەموو لوتف و خزمەتەی بۆمان کردووەو نووواندووە، ئەو براو کەسوکاری گشتیان شیوعین، بنەماڵەیان شیوعییە ئەوجا وای کردووە بۆمان، موستەحیلە ئێمەش دەبێت وابین ئەمە نموونەیەکیان، نموونەیەکی تر ئامر مەفرەزەیەك یەکێتی هاتە ماڵمان، کێیە ئامر مەفرەزەکە، ئێستا بڵێم رەنگە بیناسی خەڵك 12 ئیمامە، برای حاتەمە، برای ئەو ئەکبەرەتا وا ماوەیەك لەمەوپێش بە داخەوە کوشتیان، جمهوری ناو بوو ئەو کاك جمهورە هاتە ماڵمان.

**پ: پارتی نەبوون ئەوان؟**

**و:** نا یەکێتی بوون ئەو کاتە، ئیتر کە هاتە ماڵمان، لە بیرم نەچێت ئاخر دایکی ئامۆزای خەسوومە، دایك ئەو جمهورە ئەهات

بۆ دیوەخانەکەمان دائەنیشت، وەڵا من و ئەو کەوتینە موناقەشەی توندی شیوعی و یەکێتی، کەوتینە موناقەشە بۆ مەسەلەی ئەم کوشتن و بڕینەی نێوانیان کە هەبوو، وتم پێی حیساب بکە ئێوە تەقە ئەکەن لە برای خۆتان، وتم: ئێستا مەفرەزەیەکی شیوعی کێیە؟، وتم: ئامۆزاتانی تیایە، براتانی تیایە، میمکزاتانی تیایە، مەجبوورن بە قسەی حزبەکەتان بکەن تەقەیان لێ بکەن، ئەمە خراوە، وتی: چی بکەین مەجبوورین، وتم: بزانە جمهور با یەك شتت پێ بڵێم ئەمەی دەیکەن ئێوە گەورەترین غەڵەتە، وتی: ئەگەر حزبەکەی خۆت وتی بڕۆ فڵان کەس بکوژە؟ وتم: من نایکوژم، بزانم ئەوەی داوام لێ دەکەن بیکەم غەڵەتە نایکەم، وتم: نایکەم با هەر بڵێن، من شەڕ براکوژی ناکەم، وتی: یەعنی چی ئێستاکە من چی بکەم؟ وتم: ئەزانی چی بکە؟ وتمە پێی ئەگەر بە قسەی من ئەکەی، وەڵاهی بڕۆ ناو جەماوەر، عالەم نەفرەتتان لێ ئەکا، لە بەرئەوەی بتەوێ و نەتەوێ ئەوانەی وا شیوعین هاتوونەتە ئەم دەشتەو چەکیان هەڵگرتووە و کردۆتە شان، ئەوانیش یەکێکن وەك ئێوە دژ بە بەعس وەستاون وا نییە؟، مەعنای وایە ئێوە دژایەتی ئەمانە ئەکەن، بیانبینن لێیان ئەکوژن، یەعنی چی؟، مەعنای وایە وەکو بەعس تاعامول ئەکەن لەگەڵیان، هەندێ وەستا دوایی هاتە قسە وتی: یەعنی ئێستا من چی بکەم؟، وتم ئەزانی چی بکە؟، ئەگەر بە قسەی من ئەکەی بێ مەسەلەن، شیوعییەکان هاتن چوون بۆ دێیەك، لە پاین ئاوایی دابەشبوونە بە سەر ماڵان، ئێوە لەو ژوورە دابەش بن

و حـەقتان نـەبێ بـە سـەریانەوە، خۆتـان بکەنـە کـەڕ، وەك ئـەوەی هیچتان نە بینیوەو نەبیستووە.

ئێ کاکە وەڵا ڕۆژێك جمهورو مەفرەزەکـەی ئەچنـە گونـدی خـانی رۆسـتەم ئاغـا هەیـە، ئـەوان لـە خـوار ئـاوایی ئـەبن، شیوعیەکانیش دێنە ژوور ئاوایی، هەردوولا دابەش ئەبن تەقەش لە یەك ناکەن، پیاوێك ئـەنێرن بـۆ لایـان، ئیتـر نـازانم موختـار ئـەبێ، پیاوێکی ئەختیار ئەبێت، ئەنێرن ئەڵێ پێیان بڵێ نـانی خۆیـان بخـۆن و زوو لێـرە دەرچـن، تەقـەیان لـێ ناکـەین، ئـەم مەوزوعـە ئەگاتـە کوێ؟ ئەگاتە سەرکردایەتی.

**پ: سەرکردایەتی کێ؟**

**و:** هی جەماعەتی یەکێتی، بانگ جمهور ئەکـەن، ئینجـا مـن بە جمهورم وت بانگت ئەکەن، چـەکت ئەکـەن، بـە سـەربەرزییەوە ئەو چەکە دابنێ، لـە بەرئـەوەی تـۆ ناتـەوێ زەرەر بـە میللەتەکـەی خۆت بگەیەنی، بە هاوڕێکەی خۆت بگەیەنی، بە خزمەکەی خـۆت بگەیەنی، بە خـەڵکی دێ بگەیـەنی، بەمـە لـە نـاو خـەڵك سـومعەتت بەرزەوە ئەبێت، وتم ڕۆژێك ئەبێ شیوعی و یەکێتی ئاشـت ئەبنـەوە سەربەرزی بۆ تـۆ ئەمێنێتـەوە، دوای ئـەو ڕووداوە، بـانگی ئەکەنـە سەرکردایەتی، ئەڵێن تۆ شتێ وات کردووە، لە وەڵامـدا ئـەڵێ بـەڵێ کردوومە، ناتوانم بیانکوژم، ئـەمانیش جەماعـەتێکن دژی حکومـەت وەستاون، چۆن ئەبێت بیانکوژم، وەڵاهی نەفرەتمان لـێ ئـەکرێ لـە دێهاتەکان، وتی ئەوە چەکەکەمە، ئارێوەڵا چەکیان کرد.

لـەو سـەرەوە هـاتبوون، لایـدابووە لای مـن، بـۆ مـاڵ خـاڵۆ نەجمەدین، وتـی باجی ڕەسمییە بـە قسـەکەی تـۆم کـرد، وتـم زەرەر ناکەی کاکە، زەرەر ناکەی، هەموو 25 ڕۆژی پێ نـەچوو، یـەکێتی و شــیوعی ئاشــتبوونەوە، تــۆ گــوێ بگــرە دوای ئــەوە دووبــارە ناردوویانە شوێنی جمهور، ئاخر ئەو زەلامێکی زۆر ئازا بـوو هـەم عەینەن کردیانـە ئـامر مـەفرەزە، ئـەوجا بـووە ئـامر مەفرەزەیـەکی سەربەرز.

## بەرەو ئەنفال

خاڵــە نەجمــەدین (40) ڕۆژ پــێش ئەنفالــەکان بــە نەخۆشــی شــێرپەنجەی ئێســك ماڵئاواییــان لــێ دەکــات، ئــەو پیــرە پیــاوە تەگبیرکەرو دنیا دیدەیە بە جێیان دەهێڵێت، ڕزگـاری دەبێـت لـەوەی بچێتــە بــەردەم حــەجاج و بــە برســێتی و نەخۆشــی لــە زیندانــە شوومەکەی قەڵای نوگرە سەلمان بیکوژێت، بـەم کۆچـە ئەبەدییـەی خاڵۆ بنەماڵەکەیان و دێی کەریم باسـام لـەو ڕۆژە سـەختە بـێ سـەر گەورەو تەگبیرکەر دەمێننەوە.

**پ: ئیتـر ئێـوە هـان لـە دێـی کـەریم باسـام، کۆپتـەرە دێتـە سـەرتان، فـڕۆکەی پیلاتـۆز (هەنتـەر) دەهـات و دەڕۆیـی، تـۆپی دوورهاوێژو جار جارە ڕاجیمەش بە سەڵی بۆتان دەهات؟**

**و:** ئـا ئـا، هەنتــەر ئــەهات، کۆپتــەر ئــەهات، بــە خــوا لــە گەرمکەوە تەقەیان کردووە لێمان، پرش ئـەو تۆپـە مـن نـانم ئـەکرد

دای لـە تەنوورەکـەم، ژیانمـان ئـاوا بـوو، دایمـە ئێمـە لـە نـاو کونـە تەیارەو پەنا بووین، پێیەکمان لە ئیش و ماڵەوەو پێیەکیشمان لـە نـاو کونە تەیارە بوو، بەڵام ئەو ژیانە هەر خۆش بوو لامان، ئیتـر ئێمـە لەوێ ماینەوە هەتا ئەنفالەکە هات.

**پ: کـە لـەو وڵاتـەی سـەرەوە ئـەنفال دەستی پـێ کـرد، لـە گونـدەکانی سـەرگەڵووو بەرگـەڵوو، ئێـوە لـە گـەرمیان نـەتانزانی ئەنفال هاتووەو مەترسییە بۆتان، تاکو بۆ خۆتان بە دوای چارەیا بگەڕێن؟**

**و:** بەڵێ چۆن نەمان ئەزانی.

**پ: کەس پێتانی نـەوت ئـەبێ بـێن بـۆ شـار، خۆتـان رزگـار بکەن؟**

**و:** وتیان ئەو ناوە هەمووی گیراوە، ئینجا وتم شتێ وا هەیـە، وەزەعەکەی کەریم باسام کەس نەی ئەوێرا بۆ کـوێ بـڕوات، وتـم: ئێمە چی بکەین؟ با تەگبیرێ خۆمان بکەین؟ ئەوان وتیان: تـەگبیری چیی بکەین، هیچ تەگبیرمان نییە، ئێمە بڕۆینە شار هەر ئەمانگرن، چیمان لێ ئەکەن لێرە با بیکەن، مـاڵ ئـەوان گشـتیان وایـان ئـەوت، وتم: ئەوە سەرگەڵووو بەرگەڵوو گیراون، ئەوە هاتوونەتە قەرەداغ، ئینجا دوای ئەوە دێن بـۆ گـەرمیان ئەمانبـەن، وتیـان: نـا بـۆ خێـزان جارێ هیچ شتێك نابێت، هەرچی زەلامەکانیشە ئەو ڕۆژەی جـەیش دێت، بـا ڕابکـەن بـۆ ئـەو دەشـت و دۆڵ و کـەڵوەزە، شـتێکی وایـان ئەوت، ئیشەکەیان بە ئاسـان وەرئـەگرت، ئـەو شـوێنانەش لێمانـەوە

دوور بوون، هەواڵی تەواومان پێ ناگەیشت، زانیاریمان کەم بوو لە سەر خەڵکە عەشایرەکەی ئەو ناوە کە چییان بەسەر هاتووەو چییان لێکراوەو بۆ کوێ براون، هیچمان نازانی، ئەوەی هەبوو و نەبوو هەر ئەوە بوو ڕادیۆنەکانی حیزبەکان خۆمان بوون ئەیان وت.

**پ: ئەی دوایی چی ڕوویدا؟**

**و:** وەڵا دوای ئەوەی بە سەرمان هات، پێشمان پێ نەگیراو ڕامانی ماڵی و بردمانی، بردنێکی خەراپ هاڕیمانی، پشتمانی شکاند.

**پ: ئەی نەتان ئەتوانی بچن بۆ شار، پێشمەرگە ڕێگەی نا گرت لێتان؟**

**و:** وەڵای بڵێم چی! مەگەر هین یەکێتی، بەڵام خۆشمان ئێمە نەمان ئەویست، دەنا هەر ئەمانتوانی بڕۆین.

**پ: دواجار کەی کاکە هاوڕێ مام ساڵەح و شوانەت لە کاتی ئەنفالدا بینی؟ پێشنیاریان نەبوو بۆتان؟**

**و:** ئەو ڕۆژەی لە کەریم باسام دەرچووین، وتیان مام ساڵەح و شوانە هان لە کەریم باسام، لە ڕێگا وتم: ئەگەڕێمەوە دەمەوێ بیانبینم، مەسافەی باوەکرو کەریم باسام هەر ئەوەندە بوو، خۆم لە مەکینەکە هەڵدایە خوارەوە کەوتمە ڕێ، بە وەڕەی سەگ کەریم باسامم دۆزییەوە، لای قەبرسانەکە وەستام، ڕچە رێگەم گرت، هاتمە کەریم باسام، ئەوان لەوێ بوون، نەجمەو ڕەحمەی خوشکی

ئەحمەد هاوسەرمیش مابوونەوە، وتی بزانین چارەنووسمان چی لێ دێـت، نـان و چایـان خـوارد، مـن و ڕەحمـەو شـوانەو هـەموو کەوتینەڕێ، جەماعەت خۆمانمان دۆزییـەوە، هـەموو کـەریم باسـام پێکەوە بووین، کاکەم وتی: با هەندێ قسەتان بۆ بکەم، ئێمە دەڕۆیـن بەرەو ئێران، نازانین چارەنووسـمان چـی دەبێت، داواتـان لێدەکـەم لەوانەیـە ژن و منـداڵ ڕزگاریـان ببێـت، بـەڵام ئێـوە پیاوەکـان چارەنووسـتان مردنـە، مـن پێتـان دەڵـێم وەرن لەگـەڵ ئێمـە، نـاڵێم ڕزگارمـان دەبێـت، بـەڵام بشـمرین لـە شـەڕا دەمـرین، سـەرکەوت مێردی شلێر ویستی لە گـەڵیان بـڕوات، دوایـی پەشـیمان کرایـەوە، ئیتر دوایی بە داخەوە ئەویش ئەنفال کرا، پیاوەکان لە جیاتی ئـەوەی لەگەڵ مام ساڵەح بڕۆن، هەموو کەریم باسـام بـە ژن و پیـاوو پیـرو منداڵەوە پێکەوە ڕێگای قادر کەرەمیان گرتەبەر، تا ئیبراهیم غـوڵام هەموو پێکەوە بووین.

## دەرچوون لە کەریم باسام

ئیتـر کـاتی ئەوەیـە، گونـدەکان کـە بەرهـەمی شارسـتانی هەزاران سـاڵی کـوردە، دانیشـتووانەکەی سـەری بـوون، کۆتاییـان بێت و بەجێ بهێڵرێن، لمۆزی شۆفەڵەکان تێکـی بـدەن، هـەموو ئەو شارستانیەتە، لەلایەن بێ شارستانیترین مرۆڤەکانەوە وێران کـران، ئـەوان بـە لمـۆزی شـۆفەڵەکانیان هـەر خشـتەکانیان نەڕمانـد، هـەر

دیوارەکانیـان نەڕووخانـد، هـەر سـەربانەکانیان نەسـووتاند، ئـەوان مرۆڤەکانیشیان لـە نـاو بـرد، ئـەوان مرۆڤـەکانیان بـردەوە بـۆ پـێش شارسـتانییەت، پێویسـتە ئەوە بـزانین پـێش ئەوەی شـۆفەڵەکان خانووەکان بڕوخێنن، جاشەکان هەموو گوندو ماڵەکانیان دەسـوتاند، هەموو یادەوارییەکانمانیـان دەسڕییەوە، ئەوان هەر خەنجەریـان لە پشتمان نەدا، بەڵکە یادگاری و بوونیشمانیان سووتاند.

**پ: ئێوە چەندی مانگ لە دێی کەریم باسام دەرچوون؟**

**و:** وەك چەندی مانگ نازانم، بـەس ئەوەنـدە ئـەزانم سـێ بـۆ چوار ڕۆژ بەڕێوە بووین تاکو گەیشتینە ناو ناحیەی قادر کەرەم.

**پ: لە کەریم باسامەوە بۆ کوێ کەوتنە ڕێ؟**

**و:** پێش دەرچوونمان، خەڵکی دێیەکانی دیکە هاتن بـۆ کـەریم باسـام، هەشـبوو دەیانـدا بـە سـەرماناو ئەڕۆیشـتن ڕێگـای دیکـەیان ئەگرتەبـەر، لای ئێمـەلایان نـادا، خـەڵك سـەری لـێ شـێوابوو، نایـەزانی کـام ڕێگـا بگرێتەبـەر بـۆ ڕزگـاربوون، ئەمسـەرو ئەوسەریان ئەکرد، حەمەومین کوڕی وەهاب حەکیم کە بـە داخـەوە بـۆ خـۆی ئەنفالـە، بـەویا بـە تراکتـۆر نـان و ماسـتمان نـارد بـۆ پێشـمەرگە بـۆ گونـدی ئاوباریـك، هاتـەوە وتـی: جـەیش گەیشـتۆتە دێیـەکان بنـار گـل ئاوباریـك و سۆفی ڕەزا، ئەگـەر ئێسـتا نـەڕۆین بـەیانی ئـەمان گـرن، هـەر ئـەو شـەوە ئێمـەش دێمـان جێهێشـت و کەوتینـە ڕێ، بـەیانی زوو گەیشـتینە ڕەمەدان مامکـە، بـا لـە یـادم نـەچێت مامۆسـتا عـەزەدینی حیزبـی شـیوعی وتـی خۆتـان ڕزگـار

بکەن، لە کەریم باسام ئەوو شێخ کەریم ڕۆژی دوایی دەڵێن کەمێك مقاوەمەیان کردبوو بەرامبەر بە هاتنی جەیش و جاش، ئەو شەوەی دەرچووین بۆ سبەی دەنگۆ هەبوو وتیان کەریم باسام ڕووخا، بەڵام نازانم کەی بوو، کام ڕۆژ بوو، چۆن ڕووخاو کێ ڕووخاندی هەر بە قسە بیستمان، هەر لە دوورەوە بیستمان، هەرچەندە مامۆستا عەزەدین و یا شێخ دەڵێن کەمێك مقاوەمەیان کردبوو وەك هەندێك کەس باسیان کرد، بەڵام جەیشەکە لە کێشی ئەواندا نەبوو بە وتەی جەماڵ شێخ حەمید ناسراو بە جەماڵە سور ئۆمەر بلی ، سوپای بەعس نۆی نیسان بنار گلی گرت، 10ی نیسان لە دێی کەریم باسام سەرکەوت پەلاماری باوەکری دا، بە وتەی ئەو شەڕی باوەکڕ دوا شەڕی گەرمیان بوو.

هەروەها بە وتەی محەمەد چەوری کە ئەویش پێی وایە سوپای عێراقی لە بنار گلەوە چۆتە کەریم باسام و لەوێوە پەلاماری باوەکڕی داوە، ئەو دەڵێت: کەرتی 5ی تیپی 51ی گەرمیانی ی ن ك و مەفرەزەیەکی کەرتی 3ی هەمان تیپ ئەم شەڕەیان کردووە، تیایدا پێشمەرگەیەك بە ناوی شەهید عەلی کە خۆی خۆی شەهید کردبوو شەهید دەبێت و پێشمەرگەیەکیش بە دیل دەگیرێت و چەندین پێشمەرگەش بریندار دەبن - بەرنامەی هەڵۆکان - عەبدوڵا سەنگاوی- عەلی مەحموود)، لە دێی ڕەمەدان مامکەوە کەوتینەڕێ بۆ دێی بەکرە گەڕە، بۆ بەیانی گەیشتینە کەڵوەزی دێی هەسەن پرچن، عەسر لە گوندەکە تەشتە نانمان کردو نان و ماستمان

خوارد، شەو ڕێمان کرد گەیشتینە گوندی بەگزادە، ڕانەوەستاین بەرە بەیان گەیشتینە کەلی ئیبراهیم غوڵام، تا چەمی نێوان ئیبراهیم غوڵام و قادرکەرەمهەموو ژن و پیاوو گەنج و پیرو منداڵ پێکەوە بووین، پێش ئەوەی سەربازەکان بێن بۆ لامان، ئەحمەدو مەحموود چوون بۆ لایان، کاك مەحموود شووبرام چەکی پێ بوو، وەلێ ئەحمەدی هاوسەرم بێ چەك بوو، کۆمەڵێك پیاوی دیکەی گوندەکەمان ئەوانەی پێکەوە گەیشتینە ئەوێ، سوار ئیڤایانیان کرد ئیتر نەهاتنە ناومانەوە، ئەوانیان برد ڕێگای ئێمەیان دا بڕۆین بۆ ناو ناحیەی قادر کەرەم.

**پ: ئەو سێ شەوەی لە ڕێگا بوون، لە کوێ خەوتن؟**

**و:** ئەوەی بە بیرم بێت 38 ساڵ و نیو تێپەڕیوە تا ئێستا، لە دێی رەمەدان مامکە خەوتین، لە دێی حەسەن پرچن، دوای ئەوە شەوێکیش لە ئیبراهیم غوڵام خەوتین، ئیتر پێ بە پێ دەهاتین و لامان دەدا، ئەو خەڵکەش هەموو وەك ئێمە بوون، سێ شەو سێ ڕۆژ لە گەڵ ئەو خەڵکەیا ڕێمان کرد، بەو باو باران و سەرماو قوڕاوە.

**پ: باران بوو؟**

**و:** بەهار بوو، پەڵە هەور بوو، جار جارە باران بە لێزمە ئەباری، بە هێز بوو، جار جارە نەرمە باران بوو، جار جارەش باران نەبوو، بەڵام عەرزوبان هەموو تەڕ بوو، سەرماش بوو لە گەڵیا بە تایبەت بەرە بەیانیان کە لامان ئەدا، بەڵێ ڕەزالەتێك بوو

نەبێتەوە، ئەو خەڵکە سەری لێ شێوابوو، نایان ئەزانی چی بکەن چ ئاراستەیەك بگرن، بە پێ و بە مەکینەی تراکتۆر بە کەروبارو بە ئەسپ، ئەوەی خێزان بێ ژن و منداڵ لە مەکینە سوار ببوون، زەلامەکانیش بە پێ، شان بە شانی یەك دەڕۆیشتین، جار جارەش هەموو بە پێ. ئەو خەڵکەش هەر کەس بۆ خۆی دەڕۆیی، کەس فریای کەس ناکەوت، کەس لە سەر کەس ڕاناوەستا، هەر خەڵك بوو دەگریاو ڕێی دەکرد.

**پ: تۆ سواری مەکینە بووی؟**

**و:** بەڵێ لە گەڵ منداڵەکانم، چوار منداڵم هەبوو (خەڵات ئەحمەد نەجمەدین، لە دایك بووی ڕێکەوتی 24-4-1974، ئومێد ئەحمەد نەجمەدین لە دایك بووی ڕێکەوتی 25-2-1981، بەشدار ئەحمەد نەجمەدین لە دایك بووی ڕێکەوتی 28-2-1983، هەژار ئەحمەد نەجمەدین لە دایك بووی ڕێکەوتی 11-1-1985) ، ئێمە هەموو سواری مەکینەکە بووین، لەگەڵ ماڵ خالۆ نەجمەدین، بەڵام هەمووی نا، جار جارە دائەبەزین.

**پ: ڕۆژی چەند ڕێتان ئەکرد بۆ ئەوەی دەربازتان بێت؟**

**و:** وەڵاهی زۆرتر بە شەو ڕێمان ئەکرد، تا ئەمانتوانی و هێزمان لە بەر بوو ڕێمان ئەکرد، ئیتر منداڵ و پیریشمان لە گەڵدا بوو.

**پ: ئەی ڕۆژ ؟**

**و:** بە ڕۆژ زیاتر بە تایبەت بـەرە بـەیان تـا دوای نیوەڕۆیـان زۆرتر، ئەچوومانە کەڵۆزەکان، خۆمان ئەشاردەوە، بەڵی ئەترساین لە کۆپتەرو تەیارە، دوای ئەو کاتانە ئێواران و شەو ڕێمـان ئـەکرد، تەنانەت نامان وێرا ئاگر بکەینەوە خـواردن لـێ بنێین یـان خۆمـان وشك بکەینەوە.

**پ: ئەی لە کاتی پشوودا چیتان لە تراکتۆرەکە دەکرد؟**

**و:** وەڵا ئێمە عائیلە ئەچوومانە پەناو کەڵوەز، تراکتۆریشـمان لە پەنایەك دائەنا، پاڵیان ئەدایە شوێنێك، لە پەنایەك ئەمانشاردەوە.

**پ: ئـەو ڕۆژانــەی لــە ڕێ بـوون کـاتی بەجێهێشـتنی گونـد خواردن و ئاوتان هەبوو؟**

**و:** وەڵا لەگـەڵ خۆمانـا بردبوومـان، بـەڵی پێمـان بـوو، ئـەو چەند ڕۆژە لە نان و ئاو پەکمان نەکەوت، بەڵام وەك ماڵیش نـەبوو، نانێك هاکەزاییمان ئەخوارد سکمان هەر پڕ بێت، لە ڕێگاش نانمـان کردو لە ئاویش پەکمان ناکەوت، ڕێگاوبان پڕ ئاو بـوو بـەهار بـوو بارانیش بوو.

**پ: پێش ئەوەی دەرچن لە نـاو کـەریم باسـام، هـیچ خۆتـان حازر کردبوو وەزعی واتان بە سەردا بێت؟**

**و:** هەرچی بەڵگەنامە هەیە هـی خـۆم و منداڵـەکانم هـەموویم لەگەڵ خۆم هێنابوو، هەر کەس هی خۆی، گشتی ئەوانـەمان ئامـادە کردبوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆمانا دەریان بکەین و بیانبـەین، پـارە و موستەمسەکاتیش .

**پ: ئێتر ئەو سێ چوار ڕۆژە ئێوە لە ڕێگا بوون؟**

**و:** بەڵێ ڕێمان ئەکردو لامان ئەدا، بەردەوام لە گفتوگۆی خۆ دەربازکردندا بووین لەناو خۆمـان، تـەگبیرمان ئـەکرد، پرسـیارمان لە خەڵك ئـەکرد، خـەڵك هـەمووی لـە ڕێوبـان بـوون، بـەرەو کـوێ بڕۆین؟ چی بکەین؟ چی نەکەین؟

**پ: ئەو سێ چوار ڕۆژە، بیرتان لە چی ئەکردەوە؟**

**و:** کاکە لە بیرم چوو بریندارێکیشمان هـەبوو، شـێرزاد شـێخ عەزیز ئامۆزام پێشمەرگەی یەکێتی بوو، ئەویش لەگەڵ ئێمە هات.

**پ: بۆ بریندار ببوو.**

**و:** ئێ لە شەڕا بریندار بوو بوو.

**پ: شەڕی کوێ؟**

**و:** شـــەڕی بـــەینی کۆرمـــۆر و تـــازە شـــار، وا شـــەڕ بـــوو حکومـەت هێرشـی کردبـوو، بززەبـت لـە بیـرم نـەماوە لـە کامیـان بریندار ببوو.

**پ: ئەی کە پێشمەرگە بوو بۆ لەگەڵ ئێوە هات؟**

**و:** ئاخر دە بزانە کە بریندار بـوو، مـاڵ بـاوکی لـە کۆشـکە، پێنج برای هەبوو کە چواریـان دوایـی فەقیرانـە بـە داخـەوە هـەموو ئەنفالکران، هاوردبوویان بۆ لای خۆیان، براژنەکەشم لەوێ بوو لە ماڵیان بوو، خزممانن باوکیان ئامۆزای حـەق باوکمـە، براژنەکـەی لە مەکینە بەرەوە بوو ڕانی شکا.

**پ: ئەویش لەگەڵ ئێوەبوو؟**

**و:** ئـەویش لەگـەڵ ئێمـە بـوو، هـەردووكیان لـە نـاو مەكینـە بوون، گەیانمانە ئەوێ، جەماعەت وتیان نازانین لە كوێـوە دەرچـین بۆ قادر كەرەم، شێرزاد وتـی: دوور لـە ڕووی حـازری مـن بكەنـە بان كەرێك، چونكە پێشمەرگە بوو شـارەزای ڕێگاوبـان بـوو، ئێـوە هەمووتان بكەونە شوێنم بەرەو ناو ناحیەی قادركەرەمئەتانبەم.

**پ: خۆشی ئەیەویست تەسلیم ببێتەوە؟**

**و:** ئا ئا، ئیتر چی بكات ئیتـر وەزعـی وا بـوو برینـدار بـوو، هەڵلا بوو، ڕاكەڕاك بوو، هیچ نەمابوو، لەوناوە بـە برینـداری چـی بكـات، ئـێ پیاوێـك لەگـەڵمان بـوو خـاڵۆی بـوو، دوور لـە ڕووی حازری گوێدرێژێكی پـێ بـوو، هەگبـەی دانـابوو منداڵـەكانی بكاتـە ناوی، وتم مەحموود گیان ئێمە دوو بریندارمان پێیە، خۆ نایانگرینە كۆڵەوە، وتم ئەوان هەردووكیان با سوار كەرەكە بـن عـەیب نـەبێ، ئێمە ئەكەوینە شوێنیان، وتی ئەی من منداڵەكانم؟

**پ: كەرەكە هی كێ بوو؟**

**و:** هی مەحموود بوو، خاڵۆی بووكەكەم، وتم باوكەكەم ئێمـە لەم كاتە نابێ من من و تـۆ تـۆ بكـەین، ئـەبێ بگـونجێین، ئـەوە دوو بریندارمان پێیە، حساب خۆت بكە، با ئـەو دووانـە سـوار بـن، وەڵا ڕازی بوو، شێرزادو براژنەكەی سواربوون، ئیتر شێرزاد ڕۆیی و ئێمەش هەموومان كەوتینـە دوای شـێرزاد، ئـەو بـە سـواری كـەرو ئێمەش بە پێ و سواری تراكتۆر ئەو بووە سەر قافڵەمان.

**پ: ئەی منداڵەكان؟**

**و:** منداڵـەکانم، لەگـەڵ خـۆم و باوکیانـا ورده ورده بـەڕێوه ئـەهاتن، ئەوکاتانـەی لـە تراکتۆرەکـە دائەبـەزین زۆربـەمان یـان هەمووومان ئاخر باران بوو، بارەکەی قورس بوو، جار جاره به پـێ و جار جاره به سواری بووین.

**پ: به پا ئەهاتن، یا کردبووتانه باوەش و کۆڵ؟**

**و:** وەڵا جار جار ئەیکرده باوەش، ئەوان بچوك بـوون، جـار جاریش دەستیانی ڕا ئەکێشا، منیش جار جـار ئـەیانم کـرده بـاوەش، ئیتر ئاوها به باوەش و به پێ و به کۆڵ ڕێمان پێیان کرد، قوڕاویش بوو خلیسکانیشی تیا بوو، پێڵاو بەجێمان له ناو قوڕاوی تیا بوو.

**پ: به تەمای چی بوون؟ لەوکاته بیرتان له چی ئەکردەوه؟**

**و:** وەڵا به تەمای ئەوه بووین بچینه ناو ناحیەی قادر کـەرەم، ئیتر بزانین حکومەت ئەمانگرێ، چیمان لـێ ئـەکات، دەنگۆ وابـوو بـە گـەرمی نـاو خەڵکەکـە ئـەیانوت لێبـوردن دراوه، عافواتـەو موجەمـەعیان کـردووه بـۆ ئەوانـەی وا خـەڵکی لادێکـانن، تـا نـانی پێشمەرگه نەدەن.

**پ: کێ ئەم پروپاگەندانەی دەردەکرد؟**

**و:** ئیتر خەڵکی لادێکان، وتیانه موجەمەعیان بۆ ئەکرێتـەوەو لەوێ دائەنرێن، بـۆ ئـەوەی خزمـەت پێشـمەرگه نەکـەن، دووریـان ئەخەنەوه له پێشمەرگه.

**پ: ئەی باشە پێش ئەوەی کە ئەم ئەنفالە دەست پێ بکات، جاشەکان هیچ جوابیان نەنارد بۆ ئێوە، بڵێن وەرن بۆ شارو هجوم ئەکرێ و شتی وا؟**

**و:** نا نا، شتی وا نەبووە.

**پ: هەمووتان چەند کەس بوون؟**

**و:** وەڵا هی ئێمە زۆر بووین، ئێمە هەموومان 25 بۆ 26 کەس بووین تەنها بەس بنەماڵەی خۆمان، ئیتر زۆری دیکەش بووین.

**پ: سێ بۆ چوار ڕۆژە لە ڕێگان، باران لێتان ئەدا، پێڵاو لە پێتان هیچی نەماوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە قوڕاوە، ئەوە چ وەزعێك بوو؟**

**و:** ئەرەوەڵا ئەوەنە ڕەزالەتمان لەو ڕێگاو بانە بینی نەبێتەوە، قەت پێشتر نەمان بینیبوو، پێشتر هەبوو یەعنی یەکی ئەکەوت، نەیئەتوانی ڕێ بکات، نموونە خەسووم یەکی کەوت ڕامان ئەکێشا، یەعنی هەرچی چۆنێ بوو لەگەڵ خۆمانا ڕامان ئەکێشاو ئەمانبرد، ئەی چی خۆ بەجێی ناهێڵین.

**پ: لەو هەموو کەل و کۆچ و سەرو خوارانەدا؟**

**و:** ئێ هەر وابوو هەر وابوو، بە ڕەزالەت هاتین، تاکو گەیشتینە ناو ناحیەی قادر کەرەم.

**پ: ئەی مێگەلە مەڕو مانگاو شتەکانتان چی لێهات؟**

**و:** مانگاکـــان ســـەرتاپایان تیـــا چـــوون، مـــەڕو بزنـــەکان دەرچوون.

**پ: بۆ ڕێگـای قـادر کـەرەمتان هـەڵبژارد؟ بـۆ نـەچوون بـۆ جێگای دیکە؟**

**و:** نزیکتر بوو، ڕێگای خۆمـان بـوو شـارەزاتر بـووین، مـن سێ ڕۆژ پێش ئەنفالەکە لەگەڵ خزمان چووین بۆ قادر کەرەم، تاکو جلکـی ژن شـوانەی بـرام بێـنم، مـارەی ژنمـان بـۆی بڕیبـوو، کـە گەیشتینە ئەوێ وتیان خەریکە دنیا وێران ئەبێت کەی کاتی ئەوەیـە، کـە گەڕاینـەوە بـە ئەحمـەدم وت: بـا منداڵـەکان ببەمـە کەرکـووک، دوایی لـە بـەر ئەحمـەدو ئـەوان ماینـەوە، دەسـا ئـەمانتوانی، هێشـتا جەیش نەهاتبووە ئەو ناوە، ئەمتوانی بڕۆم بۆ کەرکووک.

**پ: لە ڕێگا خەڵکتان دەبینی؟**

**و:** ئـــەرێوەڵا، لـــەملاو لـــەولا خـــەڵك بـــە کۆمـــەڵ بـــەرەو قادرکەرەمئـەچوون، هجـومی خـەڵك بـوو بـۆ نـاو قـادر کـەرەم، خەڵکەکە بە پێ، بە تراکتۆرو بە کەروبارو مـەڕو مـاڵات و هـەموو هەر دەهاتن، یەکێ ئەیوت خانوومان بۆ ئەکەن، یەکێ دیکە ئەیوت: ئەمان بەن بۆ مجەمەع، یەکێ ئەیوت ئـەم هـەمووە چـۆن ئـەکوژن! ئـەیانوت عافواتـە زوو فریاکـەوین، ئیتـر ئەمـە هـەمووی قسـەی خەڵکەکە بوو، دوایی ئەوەی بیری لێ ناکرایەوە تووشمان بوو.

## گەیشتنە قادر کەرەم

**پ: کە لە قادرکەرەمنزیك بوونەوە هەستتان بە چی کرد؟**

**و:** وەڵا عەسکەریمان زۆر بینی، عەسکەرو جاش لەو بانە ڕەشی ئەکردەوە.

**پ: پێش قادرکەرەمهیچتان بینی؟**

**و:** پێش قادرکەرەمهیچمان نەبینی، بەس چی بوو تەیارەو کۆپتەر لە بان سەرمان بوو، بە بان سەرمانا ئەخولانەوە.

**پ: کە کۆپتەر لە بان سەرتان بوو، ئەتانتوانی بگەڕێنە دواوە نەچن بۆ ناو قادر کەرەم؟**

**و:** نا، نامانەتووانی بگەڕێینە دواوە، تەنها ڕێی قادرکەرەملە بەردەم مانا بوو بچینە ناو قادر کەرەمەوە.

**پ: لە ڕێگا هیچ پێشمەرگەتان نەبینی؟**

**و:** نا هیچمان نەبینی.

**پ: چەندەم ڕۆژ کۆپتەر لە بان سەرتان بوو؟**

**و:** وەڵا هەر لە دێی بەگزادە دەرچووین، کۆپتەر لە بان سەرمان بوو، بە یەك ڕۆژ گەیشتینە ئەوێ، لە بەگزادەوە بە یەك ڕۆژ گەیشتینە ناو قادر کەرەم.

**پ: ئەدی جەیش دەرچوو بوو؟**

**و:** جەیش لە نزیك قادرکەرەملە کەلەکەی نێوان ئیبراهیم غولام و قادرکەرەمبوو، ئەو تەختاییەی قادر کەرەمە کە ئێمە ڕۆیشتین، یەکپارچە هەمووی جەیش و جاش بوو، ئەو تەختاییە لە بەر ئەو جەیشە ڕەشی ئەکردەوە.

**پ: جەیشەکە قسەیان نەکرد؟**

**و:** وەك وتم ئەحمەد و مەحموود چوونە لایان، ئیتر ئەوان نەهاتنە نزیکمان، وایانزانی هەر ئەو دوو زەلامەمان لەگەڵە، ئەوانیان کردە ناو ئیڤاوە بردیانیان، زەلامەکان دیکە لە گەڵمان مانەوە، بەڵام کاك عەزیز هەتاکو تۆبزاوا لەگەڵ خۆمانا بوو، ئەو تەمەنی گەورە بوو، لەگەڵ ئەحمەد و مەحموود نەیانیان برد، خۆیشی دڵی لای منداڵەکانی بوو، ئەیوت جێیان ناهێڵم، دوایی هەر جێیانیهێشت.

**پ: ئەدی شێرزادیان چۆن نەبرد؟**

**و:** وەك وتم ئەحمەدو مەحموود خۆیان ڕۆیشتن بۆ لای عەسکەرییەکە، بۆ ئەوەی نەیەنە پێشەوە بۆ ناومان، حەمەجانیش کوڕی کاك عەزیز تەمەنی 19 ساڵ بوو تا ناو ناحیەی قادرکەرەم لەگەڵمان هات، لەوێ خۆی تەسلیم کرد، نەمزانی لە کوێ خۆی

تەسليم كرد، ئيتر بزربوو لێمان نەهاتە مجەمەعەكەو نەمانبينييەوە، شێرزاديشيان نەبرد، تا ناو قادركەرەم وەك حەمە جان و كاك عەزيز لەگەڵمان مانەوە.

**پ: پياو بەس كاك عەزيز لە گەڵتان بوو؟**

**و:** جگە لەوانەی باسم كردن ئەمينی شوبراشم لەگەڵ مێگەلەكە هات، دوايی لە ناو قادركەرەم گەيشتەوە پێمان.

**پ: باشە دوايی كاك ئەحمەدتان بينييەوە، نەيوت ئێمەيان بۆ كوێ بردووە؟**

**و:** وتی يەكسەر بۆ مەقەڕەكەی سەنگاومانيان برد، دوايی بۆ ئەمنی ناو شاری سلێمانی، وتی هەر لە سلێمانی دوای دوو ڕۆژ گشتيانيان لە من جيا كردەوە، من ئيتر مەحموود برام نەبينييەوە. وتی جارێكيان بردميانە كەركووك، لە كەركووكەوە هاوردميانەوە بۆ سلێمانی، دوايی بۆ حارسيە لە بەغدا، هەر لەوێ مامەوە لەگەڵ يەك دوو كەسێك، وتم ئەوانە كێ بوون؟ وتی وەڵا نازانم، نايانم ناسی، ئەوانيش عەسكەری بوون وەك من.

**پ: ئەی دوای ئەوە ژن و منداڵەكان چيتان كرد ؟**

**و:** وەڵا دەنگيان لەگەڵمان نەكرد، چوومانە ناو ناحيەی قادركەرەمەوە، تەنانەت شێرزادو حەمە جانيش، لە ئەوەڵەوە لە ناو ناحيەكە دەستيان لە ژن و منداڵ نادا.

## له ناو قادر کەرەمین

**پ: له قادرکەرەم کۆپتەر هەبوو به ئاسمانەوه؟**

**و:** بەڵێ هەبوو، سکی نابووه زەوییەکە، گڤەی ئەهات، لەگەڵیا دەغڵودان و گیاو گوڵەکانی ئەلەرانەوه، سامناك بوو، به بان سەرمانا ئەهات و ئەڕۆیی، هەواکەی ئەیدا لێمان، منداڵ هەموو ئەکەوتنە گریان پێشتر قەت ئاوا کۆپتەر نەمانی ترساندبوو، تەنانەت له لادێش که ڕەمی لێمان ئەکرد ئاوا نەمانی ترساندبوو.

**پ: ئەو کاته ناو قادرکەرەم قەرەباڵغ بوو؟**

**و:** ئەریٚ وەڵا قەرەباڵغ بوو، جمەی ئەهات له خەڵکا، هەموو لەویٚ بوون، ڕیٚ به ڕێداری نادا، ئەو حەمکه مەڕو بزنە، ئەو حەمکه ڕەشه وڵاخ و بارگین و هێسترو کەره بەرەڵڵا بووبوون بەناو قادر کەرەما ئەخوولانەوه، ڕۆژەڕەش بوو، ئەوەی هەفتەیەك پێشتر پیاوی له سەر دەکوژرا لەناو قادرکەرەم بەرەڵا ببوو، ئەوەی چەند ساڵ بوو نەتبینیبوو، له قادرکەرەمدەتدۆزییەوه، بەڵام دوا دۆزینەوه بوو، دوا دیدار بوو.

**پ: له دوکانەکان ناو قادرکەرەمئەشیای بۆ فرۆشتن تیا مابوو، تا ئەو خەڵکه برسییه بیکڕن بۆ ئەوانەی پاره له گیرفانیان بوو؟**

**و:** وەڵا نازانم ئێمه شتمان کڕی، ئیتر نازانم دوای ئەوسا هیچ ئەشیا ما نەما چی بوو چی نەبوو نازانم، خەڵك زۆر شتی

ئەکڕی، بە تایبەت ئەوانەی لە موجەمەعەکە بوون، ئەوەی پارەی پێبوو ئەیکڕی، ئەوانەشی نەیانبوو سك خۆیان ئەگووشی.

**پ: ئێوە کە گەیشتنە قادرکەرەمڕووتان کردە کوێ؟**

**و:** یەکسەر چوومانە ماڵ، بڵێین میمکی پیاوەکەم، لەگەڵ ئەحمەد دایکیان خوشکە، ماڵ فاتیح نامق ئاغا ناسراو بە فاتیح گوڵ پەموو، کە چووین خەڵکی تریش زۆر لە ماڵیان بوون، دوو شەو لە ماڵیان بووین، بۆ بەیانی لە بڵندگۆوە بانگەواز کرا، هاواری کرد ئەوەی ئەمانە خەڵکی لادێکان لە ماڵیان بێ و بیشارنەوە ئێوەش وەك ئەوان ئەنفال ئەکرێن، خانووەکەتان بە سەرتانا ئەڕوخێنین.

**پ: وشەی ئەنفالی بەکارهێنا، یان هەر وتی ئەتانگرین؟**

**و:** نا، لەوێ وشەی ئەنفالی بەکار نەهێنا، بیوورە بەکارمهێنا، بەڵکە وەك خەڵکی لادێ و هاتووینەتە ناو قادرکەرەمەوە ناومانی هێنا وەك غەریبە، کە بردمانیان بۆ دووبز، یەکێ وتی ئەمانە ئەنفال ئەکرێن، لە یادم نییە کێ بوو ئەو کاتە بیستم.

**پ: بە کوردی بانگەوازیان کرد؟**

**و:** وەڵاهی بە کوردی و بە عەرەبی.

**پ: لە کوێوە بانگەوازیان کرد؟**

**و:** لە مزگەوتەوە، مزگەوتەکەی قادرکەرەمەوە.

**پ: مەلا کردی، موئەزن کردی، کێ بوو ئەوەی بانگەوازی ئەکرد؟**

**و:** نە مەلا کردی، نە موئەزن کردی، دەنگی جاشەکان بوو.

**پ: چۆن زانیت دەنگی جاشە؟ ئەشێت دەنگی جاش جیا بێت لە مرۆڤی ئاسایی؟**

**و:** خەڵك قادرکەرەموتیان جاشەکانن بانگەواز ئەکەن.

**پ: ئەی ئەو ماڵە نەیانوت مەڕۆن؟**

**و:** نا ئەو ماڵە وتیان: ئێمە خۆمان خەڵکی ناو ناحیەی قادرکەرەمین، ئێمە ناگیرێین، وتی: ئەگەر ئێوە لێرە بمێننەوە، ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا ئەپێچنەوەو ئەمانبەن، حەقیانیش بوو، لەو بارەوە صەدام زاڵم بوو، ئێمەیش بە خاوەند ماڵەکەمان وت: باشە ئێمە ئەڕۆین، بە خوا نە ژێرمان هەیە نە بانمان هەیە نە خواردنمان پێیە، ئەم 23 نەفەرە ئەچینە ناو ئەو موجەمەعە، ئەوەتا بنمان زەوی و بانمان ئاسمانە، ئیتر ڕۆیشتین بۆ مجەمەعەکە.

## ئەوانەی لە بیر ناکرێن

**و:** لەو ڕۆژە ڕەشەی قادرکەرەمبە تایبەت دووای هەڕەشەکردنی بەعس لە ڕێگای بڵند گۆی مزگەوتەوە، بەشی زۆری خەڵکەکە جێگای ڕێز بوونە، ناحیەی قادرکەرەمیەکێك لەو دەروازانە بووە کە خەڵکێکی زۆری لێوە ڕزگار کراوە، جگە لەو ماڵەی کە دوو ڕۆژ ئێمەیان لەو بارودۆخە سەختە حەواندەوە

جێگـاى ڕێـزه، چەنـد نموونەيـەكى لـە خـۆ بردوويـى خـەڵكى قادركەرەمتان لەو ڕۆژگاره سەختەدا بۆ ئەگێڕمەوه.

**پ: عەسـكەر لـە لايـەك و جـاش لـە لايـەك، خـەڵكى لێقەوماويش لە لايەكى ديكە، خەڵكى قادركەرەم چۆن بە پير ئـەو خەڵكەوه هاتن؟**

**و:** نەك بەس لاى ئێمەو لەملاو ئەولا، هەراكەى ئەو قۆڵە لـە ئەنفالەكە لە نـاو ناحيـەى قادركـەرەم بـوو، مـاڵ شـێخ ئـەمين بـراى براژنم بوو، هەم ئامۆزامانە، چوونە ماڵ حمـە سـاڵەح حـاجى قـادر ئەويش هاوڕێى خۆمان بوو لە حيزب شيوعى، بە ماڵ شێخ ئـەمينى وت: يەك كەسێكتان لەم ماڵە دەرنـاچێ كـە ڕووخانـديان بـا بـە بـان سـەر هـەمووماناا پێكـەوه بيـڕووخێنن، شـێخ ئـەمين منداڵـەكانى ڕزگاريـان بـوو، ئەوانـەى لـەوێ بـوون، بـەڵام دوو كـوڕ گـەنجيان سەركەوت و گۆران، كوڕ شێخ ئەمين لە جێگاى ديكـە ئـەنفالكران، خەڵكى وا زۆر بە جەرگ و لە خۆبردووش هـەبوو بەڵام نمـوونەى نەبوو.

**پ: كەسى ديكە هەيە لەو كاتە هاوكارى خەڵكى كردبێت؟**

**و:** مەسـەلەن لـەوێ خـەڵكى نـاو ناحيـەى قادركەرەمكوڕێك هەبوو ناوى ڕەشيد، لەم دواييە خوشكى ئەحمەد هاوسەرم درا پێى، ئەو سەموونى كڕيبوو، هەر نەفەرێك سەموونێكى بە ماڵـەكانى نـاو موجەمەعەكە ئەدا پێيان هەر هەمووى، ناسيارو نەناس گشتى.

**پ: ڕەشيد ناوى باوكى چييە؟، خەڵك كوێيە؟**

**و:** ڕەشید حەمەی کاوەڵا زەنگەنەیە خزمی ئەحمەدن، ئێستا مردووە لە قادرکەرەمدادەنیشتن، خەڵکی ئاوایی تەڵەبییە بوو.

**پ: رەشید چی ئەکرد، کاری چی بوو؟**

**و:** خەیات بوو، ناسراو بوو بە رەشید خەیات.

**پ: بە پارەی خۆی کڕیبووی؟**

**و:** بەڵێ بە پارەی خۆی کڕیبووی بە خۆڕایی دابەشی ئەکرد بە سەر هەمووانا.

**پ: ئەدی شێرزاد و براژنەکەی و کەرەکە چییان بە سەر هات؟**

**و:** براژنەکەی خزمە جاشەکانی بردیان رزگاریان کرد، شێرزادیش مەحمود مەلا ڕەحیم دەریکرد و شاردییەوە و رزگاری کرد، بووە عەسکەر دوایی بە داخەوە لە جەنگی کوەیت شەهید بوو.

**پ: ئەدی مام ساڵەح ماڵ و منداڵی کەوتنە کوێ؟**

**و:** منداڵەکان مام ساڵەح لەگەڵ من هاتن بۆ قادر کەرەم، شلێرو چنوورو بەهارو بوارو خێزانەکەی فاتمە، کە چووینە ئەو ماڵەی کە باسمان کرد، چونکە بڕیاری دەستگیرکرنیان هەبوو، دەیانەویست لەگەڵمانا بێن، مەحمود مەلا ڕەحیم جاشی رەفعەت گلی بوو ئەو دەریانی کرد، ڕۆژی دواتر چوونە ماڵ شێخ عەتا، تاکو دوای دەرچوونی ئێمە لە زیندانی ئەنفال هەر لە ماڵ ئەوان بوون، دوایی کاکە موکەڕەم تاڵەبانی دەریانی کرد بۆ هەولێر.

**پ: ئەوان لە کوێوە کەوتنە لای تۆ؟**

**و:** لـە کـەریم باسـامەوە لـە گـەڵمان بـوون تـا گەیشـتینە نـاو قادرکەرەم، مام ساڵەح تا دێی حەسەن پرچن لەگـەڵیان بـوو، دوایـی جیابوونەوە ڕۆیشتن.

**پ: ئێوەش ناتـان تـووانی لـە گـەڵ مـەحمود مـەلا ڕەحیمـدا دەرچـن؟، ئـەدی کـاك ئـەمین و کـاك عـەزیز بـۆ لەگـەڵ ئـەوا دەرنەچوون؟.**

**و:** ئێمـە نەمانویسـت، ناشـیتووانی ئـەوان دەربکـات، هـەر ئەوەندەی پێ دەکرا.

**پ: چۆن پەیوەندیتان بە مەحموود مەلا ڕەحیمەوە کرد؟**

**و:** ئامۆزای کەماڵ پیاوەکەی ئیلهام خوشکم بـوو، ئـەو داوای لێـی کردبـوو کـە شـێرزادو منداڵـەکان مـام سـاڵەح رزگـار بکـات، چونکە ئەوان هەموویان قاچاغ و مـەمنوع بـوون. هـەروەها دوایـی کاك شێخ عەتا تاڵەبانی چوو بـۆ لای کـاك موکـەڕەم تاڵـەبانی، ئـەو هەوڵی دا بۆ ئەحمەدو هیدایەت کوێخا برایم قەواڵی و منداڵەکان مام ساڵەح، کە کاتی خۆی شێخ عەتا لـە مـاڵی کـاك هیدایـەت بـووە، لـە سەردەمی پێشمەرگایەتی دوای ئینقلابی 1963، شەش حەوت سـاڵە ئـەو مـردووە، وابـزانم کـاك موکـەڕەم هـەوڵی بـۆ هەنـدێك خـەڵکی دیکەش دابوو.

ئیتر منداڵەکان کاکم تا ئێمەش لە ئەنفالکردن گەڕاینەوە هەر لە ماڵ کاك شێخ عەتا مابوونەوە، دوای لێبووردنەکە لە ڕێگای کاك شێخ عەتا تاڵەبانییەوە یادی بەخێر چوونە هەولێر.

## چوون بۆ مجەمەعەکەی قادر کەرەم

**پ: کێ ئێوەی نارد بۆ مجەمەعەکە؟**

**و:** ئێمە خەڵکی ئەو ناوەین دەمانزانی ئەو مجەمەعە بەتاڵە هەیە لەو شوێنە، کە جێگامان نەما ناو قادرکەرەم ناچار بووین بڕۆین بۆ ئەوێ، ( خەڵك هەبوو لە بەر باران لەبن دیوار دەمایەوە، لە ناو قادرکەرەم بانگەواز کراوە کە ئەوانەی خەڵك قادرکەرەم نین بچن بۆ ئەو مجەمەعە ئاسکە عەلی، کەناڵی KNN، گەرمیان حەمەی پوور،-عەلی مەحموود)

**پ: مجەمەعەکە حەرەسێك، بەرپرسێکی تیا نەبوو؟**

**و:** حەرەسی نەبوو، چۆڵ بوو تەواو نەکرابوو.

**پ: هێز هەبوو لە دەوروبەری مجەمەعەکە؟**

**و:** هەمووی تەوق کرابوو، کەس نایەتوانی ئەملاو ئەولا بکات، هەموو قادرکەرەمو دەوروبەری تەوق بوو، بەڵام مجەمەعەکە حەرەسی نەبوو.

**پ: لە مجەمەعەکە ناونووس کران؟**

**و:** لەوێ ناونووس نەکراین، جەڵەبی کراینە ناو سەیارەکەوە ئەو کاتەی گیراین، کەس رزگاری نەبوو، لە چەمچەماڵ ناوونووس کراین.

**پ: کەی بۆ مجەمەعەکە کەوتنەڕێ ؟**

**و:** بەیانی زوو نزیك کاتژمێر 8، نان و چامان خوارد، ژنی ماڵەکە وتی: تکایە با تووش نەبین ئێمەش رێی مجەمەعمان گرتەبەر یەکسەر چووین بۆ ئەوێ.

**پ: هەموو پێکەوە کەوتنەڕێ؟**

**و:** بەڵێ هەموومان پێکەوە بەرەو مجەمەعەکە کەوتینەڕێ.

**پ: لە ناو موجەمەعەکە، خۆیان ژووریان ئەدا پێتان، یان خۆتان ژوورێکتان بۆ خۆتان داگیر ئەکرد؟**

**و:** نا نا هەر خانووییەك خێزانێك ئەچووە ناوی، هەر لە خۆمانەوە، خانوو زۆر کرابوو بە تاك و بە کۆ، هەمووی نزیك چل خانوو زیاتر بوو، تەنها بە بلۆك دوو ژوور و هەیوانێکیان تیا کرابوو، تەواو نەکرابوون خانووەکان، موشتەمەلاتی نەبوو حەمام و ئاودەس و مەتبەخیان نەبوو، لە خۆمانەوە چووینە ناوی، باران و سەرما بوو ناچار بووین، بەرەڵا بوو، کەس هەقی نەبوو بە سەرمانەوە، ئەی چی بکەین جێگاو پەنامان نەبوو، کەس پەنامانی نادا، نەشمان ئەتوانی لە قادرکەرەم دەرچین.

لەوێ هیچمان نەبوو بەس پارەمان پێ بوو، من و خوشکێ باوك منداڵەکان دابەزینە ناو قادرکەرەم، چوومان بۆ قادرکەرەم

ماڵ کاك ئەحمەد تەقەڵ ناوێك هەیە، چوومانە ماڵیان بە سوپاسەوە کەڤگیرو قاپ و مەنجەڵێکمان لە ماڵیان هاورد، دوایی ڕۆیشتین لە دوکانێکی ناو بازاڕەکەی قادرکەرەم ئاوتەماتەمان کڕی، برنجمان کڕی، ڕۆنێکی قوتوومان کڕی، ئەوەی کیلۆیەك بوو ناو نایلۆنە زەردەکە، هاوردمان بۆ ئەوێ، ئیتر بە پووشوپەڵاش برنجە سوورەیەکمان لێنا، نیوەی لە ناو قازانەکە لێمان دەخوارد، نیوەکەی دیکە لە ناو قاپەکە، هەندێکی لە ناو سەر قەپاغ قازانەکە، وەڵا ئیتر بەو شێوەیە بە دەست لێمان دەخواردو تێی بەربووین ئەو ڕۆژە خۆمان پێی تێر کرد.

**پ: هیچ بان و بنتان هەبوو بۆ خەوتن و دانیشتن؟**

**و:** ماڵێکی بەرامبەرمان لە ناو مجەمەعەکە، سەیرەکەم ژنەکە بە بار جێگاوبان دێنن بۆ ئەوێ، ئەوەم کردە چاو وتم شەو ئەڕۆین ئەیهێنین ئەیکەینە ئیحتیات، ئەو خۆشی ئەگەڕایەوە بۆ ناو قادرکەرەم، وەڵا ئیتر شەو ڕێك ڕۆیشتین لەوێ پێخەفەکانمان هاورد، ئاشکرامان کرد دوای ئەوە بە خاوەنەکەیمان وت کە هێناومانە، ئێ چارمان نەبوو ئەو هەمووە چی بکەین.

**پ: موهیم منداڵەکانی خۆت کردە ناو جێگا؟**

**و:** ئا ئەرێوەڵا ئەو شەوە منداڵەکانم گشتی کردە ناو جێگاوە، بەیانی هەستام جێگاو بانەکانم بردەوە، پیرە ژنەکە هات چووم بۆ لای وتم: میمی گیان ئێمە با گوناحبار نەبین و نەبێتە دزی ئێمە

شتی وامان کردووە، بە پێخەفەکان ئێوە خەوتین، خوا هەڵناگرێ وتی قەیناکە دایکەکەم.

**پ: بە نیازی چی ئێوە چوونە ناو ئەو خانووانە؟**

**و:** لە ناچاری ڕۆیشتین، کەس داڵدەمانی نەئەدا، سەرمابوو، کەم کەمەش باران بوو، لە ناچاری خۆمان کردە مجەمەعەکەیا.

**پ: چەند ڕۆژ لە موجەمەعەکە مانەوە؟**

**و:** یەك شەو، ڕۆژو تاقێك لە مجەمەعەکە ماینەوە.

**پ: ناو مجەمەعەکە دووەم ڕۆژ قەرەباڵغتر بوو لە یەکەم ڕۆژ؟**

**و:** ئەرێوەڵا هەموو ماڵەکان پڕ بوون.

**پ: چۆن هاتنە سەرتان بۆ بردن؟**

**و:** ماڵی کەماڵی زاوامان و ئیلهام خوشکم لە کەرکووکەوە هاتن بۆ لامان، ئەوەی نەبێ لەگەڵ دەست خۆیان بۆمانیان هاوردبوو، هەر لە گۆشت و لە نان و لە مریشك و جلیکانەیەك نەوت و حەتا فانۆسیان بۆمان هاوردبوو، پیاڵەو ژێر پیاڵەو قۆری ئیتر زۆر شتیان بۆمان هاوردبوو، تۆ بێژە ماڵێکی تەواو، شەش دۆشەك، شەش بەتانی، شەش سەرین، ئەمانەیان گشتی لەگەڵ دەست خۆیان هێنا بوو، عەلا ئەساس بێن خواردن بکەن و پێکەوە بیخۆین، وەڵا هەر ئەوەنەم زانی زیلی عەسکەری هات و وەستا، خەریك بوو ئەوانیش بگیرێن، باوەڕ ئەکەی تووند ئابلۆقەیان داین، تەنانەت نایانهێشت لە خانوویەکەوە بچینە خانوویەکی دیکە،

نەیانهێشت لە ژوورەکان دەرچینە دەرەوە، ئەگەر ماڵ خۆتیش نەبووایە، ئەوەی پێکەوە نەبوونایە ناگەیشتیەوە بەوەی لێی دابڕاوی، تەنانەت وەك دەڵێن هەندێك خێزان لێكدابڕان، هەموویان پێکەوە بۆ ناو زیلە عەسکەرییەکان ڕاماڵی.

**پ: ماڵی ئیلهام کەی گەیشتنە لای ئێوە و چەند مانەوە تا هاتن بۆ بردنتان؟**

**و:** دووەم ڕۆژ بەیانییەکەی هاتن، نیوەڕۆ خواردنمان ئەکرد، هاتنە سەرمان، خواردنەکەمان نەخوارد، فریا نەکەوتین، نەیانهێشت بیخۆین بردمانیان.

**پ: ئەی چۆن بوو ئەوانیشیان نەگرت؟**

**و:** تۆ گوێ بگرە خەریك بوو ئەوانیش بگیرێن، وتی ئەمانە کەسوکاری ئێمەن، ئێمە لە شارەوە هاتووین، ئێمە هەردووکمان مامۆستاین، وتم بابە هەتا زووە بڕۆن بە قورئان ئێستا ئێوەش ئەگرن، ئەتانکەنە ناومان، زوو بڕۆن خێرا بکەن، وەڵا بە هەزار حاڵ خۆیان دەرباز کردو ڕۆیشتن.

**پ: داوای ناسنامەیان لێیان کرد؟**

**و:** ئا ئا ئەی چۆن، هەوێی مامۆستاییان پێ بوو، کەماڵ بە عەرەبی قسەی کرد، ئەوە باش بوو دەنا دەیانیان برد، ئیلهام وتی تاتە با خەڵات کچت لەگەڵ خۆمان ببەم، وتم نایدەم ئەوە ڕەحمەو سەعدیەو کەژاڵ و سەبری و کچەکانی دیکە لەگەڵمانن، با کچی منیش وەك ئەوان بێت نایدەم.

**پ: ئـەوجا چییـان کـرد، چـۆن ئیلهـام و هاوسـەرەکەیت بەڕێکرد؟**

**و:** بەڕێیانم نەکرد، خەریکی حاڵ خۆمان بووم بۆ چوونە نـاو زیلەکە، منداڵەکانم و ئەشیاکانم سەرئەخست، هەر ئاگام لێیان نـەما، لـە بـەر پەلـەکردن لێمـان، نـەپرژام بـەڕێیان کـەم، ئـەوان بـەرەو ماڵەکان ناو ناحیەکەی قادرکـەرەم ڕۆیشـتن، ئێمـەش بـۆ نـاو زیلـی عەسکەری.

**پ: ئەی ئێوە چیتان بەسەرهات؟**

**و:** وەڵا کاکـە ئیتـر ئێمـەش ئـەو ئەشـیانەیان بۆمـان هـاورد، چـۆن هاوردیـان ئـاوا مایـەوە، زیلێکیـان هـاورد خـەڵك تـری زۆر تیابوو، بە عەرەبی بە زابووتەکەم وت بابـە ئێمـە زۆریـن جێگامـان نابێتەوە لەگەڵ ئەمانا لە ناو ئەم زیلـە، بـڕۆ زیلـێ بـەتاڵمان بـۆ بێنـە ئێمە خۆمان زۆریـن، وەڵا ڕۆیشـتن زیلـێ بـەتاڵیان بۆمـان هـاورد، گشتمانی گرت و ئەشیاکان ئەوەی بۆشـمانیان هـاورد بـوو، ئەویشـم هـەموو کـردە نـاوی و لەگـەڵ خۆمانـا بـردم هـیچم بـەجێ نـەهێڵا هەرهەمووم برد.

**پ: ئەی ئەو قاپ و مەنجەڵەی بە ئامانەت هێنابووتـان چـی لێ هات؟**

**و:** وەڵا فریـا نەکـەوتین بۆیـان بیبەینـەوە، لەگـەڵ خۆمـان بردمان لە دووبزیش لامان بوو.

**پ: کە بارکران، ناونووس کران؟**

**و:** نــا نــەکرابووین، شــەوێك و ڕۆژو تاقێـك لــەوێ بــووین بارکراین، پێش گرتنەکە کەس لێمانی نەپرسییەوە هیچ نـەبوو، لـەو کاتەش نەکراین.

**پ: نەتانزانی چەندی مانگە؟**

**و:** وەڵاهی ئێمە لە 4/12 گیراین.

(بە بڕوای من دوای 12ی مانگ گیراون، چونکە 3 ڕۆژ لـە نــاو قادرکــەرەم ماونەتــەوە، 10ی مانــگ بــەدواوە جــەیش و جــاش هاتوونە بۆ سنووری ئیبراهیم غوڵام و ئـەو نـاوە، ئەگـەر لـە یەکـەم ڕۆژی هاتنی سوپاش گیرابێتن دەکاتـە 13ی مانــگ . بەلام تەمینـە حەمیـد خەڵکـی گونـدی قەیتـول دەڵێـت لە سـەربازگەی تـۆبزاوە شــەش شــەو شــەش رۆژ مــاومەتەوە، ئەوجــا نەقــڵ کــراوە بــۆ سەربازگەی دووبـز ، ئەویـش لەوانەیە کە یەکەم گـروپ گەیشـتۆتە دووبــز ، بە وتەی ئەو بێــت 17-4 گەیشــتۆتە دووبــز، کەچـــی رەسـمییەو ئەوان تەنهـا 2 شـەو لە تـۆبزاوە مـاونەتەوە _ ئاریـان تیڤی، ورشە 2025.

هەروەهـا ئـازیز حسـێن خەڵکـی گونـدی دۆڵەبـی دەڵێـت یەکەم رۆژی رەمەزان ئێمەیان بردە دووبز بستێك خۆڵ لە ناو نـاو قاعەکان بوو - رۆنیا, ئاریەن تیڤی 20242024.

ئەمە ســـەرباری ئەوی هەنــــدێك دەگێـــڕنەوە کە بردنــــی هاووڵاتیانی موجەمەع قورەوییەکە هاوکات بووە لەگەڵ دەستکردن

به تەقاندنەوەی هەندێك شوێنی ناو ناحیەی قادر کەرەم، بۆیە پێی دەچێت ئەوان 15 مانگ دەستگیر کرابێتن. ).

و: نازانم، ئێمە بە مەزەندەی خۆمان وامان حیساب کردووە کە 12-4-1988 ئەنفالکراوین.

**پ: ئەو وەختەی ئێوە دەستگیرکران چەند کەس ئەبوون، ئەو موجەمەعە چەند کەسی تیابوو؟**

**و:** چەند کەسی چی، پڕ موجەمەعەکە خەڵك بوو.

**پ: چەند کەس بوون بە مەزەندەی تۆ؟**

**و:** نازانم وەڵا چوار سەد ، پێنج سەد...... زۆر بوون، قەرەباڵغ بوو جمەی ئەهات، ئیتر نازانم چەندە بوو، خانووی بەتاڵ نەمابوو بە تایبەت دووەم ڕۆژ زۆر زیادی کرد.

**پ: پیاوتان لەگەڵا بوو؟**

**و:** ئەی نەموت تەنها کاکە عەزیزو ئەمین لەگەڵمانا بوون، کوڕەکەی کاکە عەزیز حەمە جوان لە ناو قادرکەرەم لێمان دابڕا، خۆی تەسلیم کردبوو، ئیتر نەمانبینییەوە.

**پ: کاك ئەمین ڕانەکەی چی لێهات؟**

**و:** رانەکەی دابووە لای خاڵەی حوسێن، کاك ئەمین لەگەڵ ئێمە گرتیان، دوایی ڕانەکەیان بە نرخێکی تاڵانی بۆیان فرۆشت، بەڵام گایەلەکەیان هەرفەوتا.

**پ: ئەمین لە کوێ لە ئێوە جیا ببووەوە، کەی گەیشتە قادرکەرەم؟**

**و:** ئەو بۆ شەوەکەی درەنگ گەیشتبووە قادرکەرەم، هەتا هات لە ماڵ فاتیح ناميق ئاغا لەگەڵمانا نانی خوارد، دوای نانخواردن چووەوە بۆ لای مێگەلەکە، دوایی بە ڕێکەوت لەو کاتەی ئێمەیان برد لامان بوو.

**پ: کاك ئەمین ئەگەر لای مێگەلەکەی بمابوایە، ناگیرا، چونکە لە ئەنفالا زۆربەی زۆری شوانەکان رزگاریان بووە؟**

**و:** نا نا ناگیرا، وایە، بە سودفە لەو کاتە هاتەوە بۆ لامان.

## لە بەر ئەوان ئەنفالکراین

**پ: ئێوە ئەتانتوانی ئەو وەختەی لە ناو قادرکەرەم بوون نەچنە موجەمەعەکەو خۆتان بشارنەوەو خۆتان رزگار بکەن؟.**

**و:** من شەخسی خۆم و منداڵەکانم ئەمانتوانی، بەڵێ ئەمتوانی، خۆم و منداڵەکانم جنسیەمان پێبوو، زمانی تورکمانی ئەزانم، عەرەبی ئەزانم، منداڵەکانیشم بگۆڕم بە خەڵکی دەشتمان هەر ناکرد، ئەم توانی سەیارە بگرم ئەڵێم ئەڕۆین بۆ کەرکووک، لە کەرکووکەوە بڕۆم بۆ شوێنێکی دیکە، پێشیانم وت بە جەماعەت خۆمان .

**پ: ئەی بۆ وات نەکرد؟**

**و:** پێشیانم وت لە پێناو ئەوان مامەوە، بۆچی؟ وتم: ئەمان نـە عـەرەبی ئـەزانن، نــە تورکمـانی ئـەزانن، بـا لەگـەڵیان بمێنمـەوە هاوکاریان بم.

**پ: پێیانت وت؟**

**و:** پێیانم وت، بە گشتیانم وت ئا، ئەرێوەڵا، پێیـانم وت: ئـەوە گشتتان بە شایەد بن، ئێستا ئەتوانم خۆم و منداڵـەکانم ڕزگـار بکـەم، ئـەچم بـۆ کەرکـووک، لـە کەرکووکـەوە ئـەچم بـۆ شـاری حلـە، ئامۆزایەك دایکم لە شاری حلەیە، ئـەچم بـۆ مـاڵ ئـەوان، نایەمـەوە هەتا بارودۆخەکە چاك ئـەبێت، لـەوێ بـۆ خۆمـان ئەمێنینـەوە، وتـم بەس باش بزانن من لە بەر خاتری ئێوە خۆم ئەدەمە گرتن.

**پ: ئەوان چییان وت ؟ نـەیانوت؛ بـە قوربانـە بـڕۆ خـۆت و منداڵەکانت ڕزگار بکە؟**

**و:** نا نا وتیان وایە دایکەکەم، بۆ خاتری خوا نەڕۆی کەسمان نییە سەرپەرشتیمان بکاو زمان بزانێ، بە خوا ئێمـە تیـا ئـەچین، بـە خوا لە بەر خاتر ئەوان خۆم و منداڵم دایە گـرتن، ئیلهـام خوشکیشـم ئەیتووانی منداڵەکانم ببات لە کاتی گرتنیشدا.

**پ: دەتزانی دەگرترێن؟ یان واتدەزانی دەتانبەن بۆ مجەمەع و خانووتان دەدەنێ؟**

**و:** وەڵاهـی بیروبـاوەڕم وا بـوو بـۆ مردنـە، لـە بـەر ئـەوەی حکوومەت زاڵم بوو، ئەو دەقەیە بەراورد خۆمانم لـە گـەڵ هەڵەبجـە

ئەکرد، دەموت ئەو حەمکە خەڵکەی هەڵەبجە بە کیمیاوی بکوژێ بۆ ئێمە ناکوژێت؟!

**پ: جگە لە تۆ کە ئەڵێی ئەمتوانی ڕزگارم بێ، ئەوانی تر نەیانئەتوانی دەرچن؟**

**و:** نا نەیانئەتوانی.

**پ: بۆ ئەوان نەیانئەتوانی لە قادرکەرەم ڕزگاریان بێت؟**

**و:** چونکە ئێمە بەرگمان تەواو بوو، زمانمان ئەزانی عەرەبی و تورکمانی، ئەوان وا نەبوون.

**پ: بۆ دەرچوون لە قادرکەرەم بازگە هەبوو؟**

**و:** سەیتەرە هەبوو، ئەرێوەڵا پرسیاریان بە چڕی ئەکرد، خەڵکیان لە هەندێك لە سەیارەکانیش دائەگرت.

## ڕێگرتنی شێخ موعتەسەم لە بردنمان

**پ: هەموو خەڵکی مووجەمەعەکەیان ئەو ڕۆژە سوار کرد؟**

**و:** نازانم من ئاگام لەوانیتر نییە، ئێمە هەموو سوار کراین. (دووای بردنی ئەمان مجەمەعەکە کەسی تێدا نەماوە، کەسی تر نەی وێراوە بێتە ئەو مجەمەعە، ئیتر خەڵکەکە کەوتوونەتە سەر جادەو پەنا دیوار ، خەڵکی قادرکەرەمیش ئەوەی کەسی خۆیان نەبووایە نەیان حەواندۆتەوەو داڵدەیان نەداوە، وردە وردە خەڵك

کەسوکاریان هاتوونە بە دوایانا لە ڕێگای خزمی جاش و ناسنامەی کەسوکاریانەوە دەرچوونە-عەلی مەحموود).

**پ: چەند زیل بوون وەجبەی ئێوە؟**

**و:** ئێمە حەوت زیل پڕ بووین، سوارمانیان کرد.

**پ: زیلی چەند نەفەری تیا بوو؟**

**و:** ئەوەی ئێمە نزیك سی بۆ چل کەس بووین لەو زیلە، نیوەی زیاتری جەماعەت ئێمە بوو.

**پ: سەربازتان لەگەڵ سوار بوو لە ناو ئیڤاکە؟**

**و:** بەڵێ دووان لەگەڵمان سوار بوون.

**پ: سەربازەکان بەرگەکانیان چ رەنگێك بوو، تفەنگەکانیان چی لێ کردبوو؟**

**و:** بەرگەکانیان تێکەڵ بوون ، مغاویری سەوزو زەردی کاڵ، تفەنگەکانیان بە دەستەوە گرتبوو، دەست و پەنجەیان لە سەر پەلاپیتکە بوو، قایشەکەیان کردبووە ملیان.

**پ: سەربازەکان هیچ قسەیان لەگەڵتان دەکرد؟**

**و:** نا هیچ قسەیان نەکرد تا گەیشتینە ناو چەمچەماڵ.

**پ: ئەی لە پێشەوەی ئیڤاکە کێ سوار ببوو؟**

**و:** پێش سەیارەکە زابتێك سوار ببوو، لەگەڵ سایەقەکە.

**پ: سەربازەکان لای دەرگاکەوە سوار ببوون یان لە سەرەوە بوون؟**

**و:** لـــه لای دەرگاكـــەوە بـــوون بـــەڵێ، ئـــەو ســـەریان لێمـــان گرتبوو.

**پ: کەی گەیشتنە چەمچەماڵ؟**

**و:** لە ڕێگا تووشی كێشە بووین، لە گـەلی عالیـاوە جاشـەكان بە بەرازیلییەك سوور ڕێگایـان لـێ گـرتین، لـە جێگایـەك ئێمـە لـە نزمـایی بـووین، جاشـەكان لـە بـەرزایی بـوون تەقـەیان كـردە بـان سـەرمان، ژنێـك لــە نــاو ئیڤاكــەی ئێمــە بــوو وتــی: ئەمــە شــێخ موعتەســـەمی مستەشـــارە بـــرای شـــێخ جەعفـــەر بـــرای محـــافزی سلێمانییە؟

**پ: شێخ موعتەسەم موستەشار چی دەویست لێتان؟**

**و:** ئـا ئـەو، ئیتـر ئـەو پـێش زیلـەكانی گـرت، جاشـەكان وا لەگەڵیا بـوون سـەر یاڵەكـەیان گرتبـوو، ئـەو پێش زیلەكـەی گـرت وتـی: نابێ ئەمانە ببەن.

**پ: پێش ئێوە کەسیان لـەو موجەمەعـە بردبـوو، یـان ئێـوە یەکەم وەجبە بوون؟**

**و:** ئێمە یەكەم وەجبە بووین لە مجەمەعەكـە بـردراین، بـەڵێ وتـی: نابێت ئەمانە ببرێن، بە هیچ شێوەیەك نابێ ببرێن، چونكە ئێمە وا ڕێك نەكەوتووین كە خێزان، ژن و منداڵ ببردرێت.

**پ: یەعنی پێشتر قسەیان کردووە؟**

**و:** دیارە كردوویانە، وتـی: ئیتفـاق وامـان نـەكردووە، عائیلـە ببرێ نابێت یەك عائیلە بڕوا، ئێستا من تەقە ئەكەم، زابووتەكە هاتە

ناومان وتی: یەك تەقەیەك لە لوولەی تفەنگەكەتەوە دەربچێ من پاك ئیبادەیان ئەكەم، هەموویان دەكوژم.

**پ: هاتە ژوورەوە بۆ ناوتان؟**

**و:** ئا هاتە ناو ئێمە لە دواوەی ئیڤاكە سوار ببووین.

**پ: تفەنگی سوار كرد؟**

**و:** ئا ئەرەوەڵا سواری كردو ڕووی تفەنگەكەی تێمانكرد.

**پ: ژن و منداڵەكان چییان كرد، كە ڕووی تفەنگەكانی لێتان كرد؟**

**و:** گەورەكان هاواریان كرد، ژنێك شێخی دەناسی هەستایە پێوە وتی: وازمان لێ بێنن، شێخ موعتەسەم خۆی لەگەڵ جاشەكان بوو، ژنەكە وتی: یا شێخ فریای ئەوانەی تر بكەون وا بەجێماون ئیتر ڕۆیشتن.

**پ: ئەی دوای ئەوەی كە ئەو هەڕەشەی كرد كە بردتانیان چی كرد؟**

**و:** وەڵا ئەو هەرەشەی كردو زانی یەعنی كابرای ئەفسەر دەست ئەكاتەوەو ئەمان كوژێ، شێخ موعتەسەم وازی هێنا، ئیتر زیلەكان ڕۆیشتن بردمانیان.

**پ: شێخ موعتەسەم كە وازی هێنا چی كرد؟، رۆیی یان لە جێگای خۆی مایەوە؟.**

**و:** وازی هێناو سواری سەیارە بوون بەرەو ناو قادركەرەمڕۆیشتن، وابزانم دوای وەجبەی ئێمە ئەم 7 زیلە

نەیهێشت خەڵکی دیکە ببەن لە ئەوێ وام بیستووە، نازانم وایە یان وا نییە.

**پ: ئەو کاتە بیرتان لە چی دەکردەوە؟**

**و:** کاك ئەمین رووی لە من کرد وتی: هەم سەرمان چوو هەم ماڵمان رۆیی، لە گەڵ قسە کردندا فرمێسکی چاویشی دەهاتە خوارێ، پیاوی جوتیار ئازارەکەی زۆر گەورە نەبێت لە بەر چاو ژن و منداڵ ناگرێت، منیش وتم کاکە خانووی دوو نهۆمم هەیە، سەرەوە بۆ ئێوە خوارەوە بۆ من، ئەشیای دیکەشمان هەیە ئەویشت بۆ دەفرۆشم.

**پ: دوای ئەوە چیتان کرد؟**

**و:** ئێمە ڕۆیشتین هاتینە چەمچەماڵ، بردمانیانە بارەگای لیواکە.

## لیواکەی چەمچەماڵ

**پ: لیواکەی چەمچەماڵ قەرەباڵغ بوو؟**

**و:** بـەڵێ، لیواکـە زۆر قـەرەباڵغ بـوو، لـەوێ هـەر یەکـەی سـەموونێکیان داپێمـان، سـەموون عەسـکەری، ئاوەکـەش بـە جـام دابەشـیان ئـەکرد بـە سـەرمانا، ئیتـر ئـەوەی ئـاوی ئـەخواردەوە ئەخواردەوە، هەشبوو ئاوەکەی نەدەخواردەوە.

**پ: کەس هەبوو لە خەفەتا هیچ نەخوا ؟**

**و:** ئەرێوەڵا زۆربەی نەیەخوارد، هەموو سەمونەکانیشیان نە ئەخوارد، زۆر زۆر ڕۆژێکی ناخۆش بوو ڕۆژە ڕەش بوو، هەموو خەڵکەکـە دامـابوون، قیـژە قیـژو گریـان و سـینگ کوتانێـك بـوو نەبێتەوە، خەڵك ماڵ و حاڵ و پیا وو کوڕیان لە دەست دابوو، کـەس ئەو کاتە دڵی لای خۆی نەبوو، بیرو هۆشمان لە لای ماڵ و حـاڵ و کەسوکار بوو، دڵ بگیرێ خواردنیش ناخورێ.

**پ: کەی گەیشتنە لیواکەی چەمچەماڵ، چەنێکتان پێ چوو؟**

**و:** وەڵا ئیتر نیمـەڕۆ بـە دواوە گەیشـتینە ئـەوێ، گشـتی دوو سەعات لەوێ ماینەوە ئەنجا بردمانیان بۆ ناو شاری کەرکووک.

**پ: ئـەو ڕۆژە هـیچ شـتێکی نـا ئاسـایی لــە نـاو قــەزای چەمچەماڵ هـەبوو، کـاتێ ئێوەیـان بـرد، وەك کۆپتـەر لـە ئاسـمان بێت، هێزی سەربازی لە ناو شار بێت؟**

**و:** هیچم نەبینی، نەوەڵا من هیچم بە چاوەکان خۆم نەبینی.

**پ: چییان کرد ئەو دوو سەعاتە؟**

**و:** ئیتر خۆیان ئـەزانن، بزانـە جـەردمانیان کـردووە، چییـان کردووە، ناو گشتمانیان نووسی، عەسکەرێك و یەکێك جلی مـەدەنی

لــە بــەر بــوو هــاتن ناومانیــان نووســی، کۆپتــەریش لــە ئاســمانەوە وێنەمانی دەگرت، کۆپتەریش لەولاتر نیشتەوە وتیان بارقی تیایە.

**پ: پرسیاری چییان لێتان دەکرد؟**

**و:** تەنها ناومانیان نووسی و ساڵی لـە دایـك بـوون و خـەڵکی کوێن، ئێمە لە ناو سەیارەکە دانەبەزین.

## بەرەو کەرکووک

**پ: ئەو کۆمەڵە کەسەی ئێوە بـە چـی بردتانیـان بـۆ شـاری کەرکووک؟**

**و:** هەر بە زیلەکە، ئەوانەی لـە قادرکەرەمـەوە ئێمـەیان پێـی گواستەوە بۆ چەمچەماڵ، هەمان زیل دانەبەزیمان تیای بردمانی بـۆ شاری کەرکووک

**پ: تاکو گەیشـتنە کەرکـووک، کۆپتـەر بـە بـان سـەرتانەوە ئەسووڕایەوە؟**

**و:** بــەڵێ ئەســووڕایەوە، بەســەر ســەرمانەوە بــوو، هــەتا گەیشتینە ناو کەرکووک ئەو کۆپتەرانە هەر چاودێریمانیان ئەکرد.

**پ: هــەر ئــەو حــەوت زیلــە ســەربازییە بــوون، یــان ئۆتۆمۆبیلی دیکەش لەگەڵتانا هات؟**

**و:** ئێمە ئـەو حـەوت زیلـەمان دی، بـەڵام ئـەوەی دوای ئێمـە هاتبێ ئەوە نازانم.

**پ: بە تەنیا ئێوەیان برد؟**

**و:** بەڵێ بە تەنیا ئێمە ئەم حەوت زیلە ڕۆیشتین بۆ کەرکووک، لە بەردەم دائیرەی ئەمن لە ناو کەرکووک وەستانمانیان.

**پ: ئەمنی کوێ؟**

**و:** ئەمنی ناو کەرکووک

**پ: لە چی گەرەکێك بوو؟**

**و:** هی ئەوبەر، چ گەرەکێك نازانم، خۆ من چەندین جار گیراوم و بانگ کراوم بۆ دائیرەی ئەمن، بۆیە دەزانم ئەوە دائیرەی ئەمن کەرکووک بوو.

**پ: بەس نازانی لە چ گەرەکێك بوو؟ کام دائیرە بوو؟**

**و:** بەس ئەزانم لەوبەر بوو ( ئەوبەر مەبەستی بەری لای پارێزگای جارانە)، بەری ئەو بەر پردەکە، نازانم لای فیرقەوە بوو، نازانم لای محافەزە بوو، ئێستا ناو جێگاکانم لە بیر نەماوە.

**پ: چەنێ لەوێ مانەوە؟**

**و:** نزیك دوو کاتژمێر

**پ: لەوێش جەردتانیان کردەوە؟**

**و:** نا ئێمە هەر لە ناو زیلەکە بووین دانەبەزیمان، ئەو جەماعەتە وا لەگەڵ ئێمە بوون، زابووتەکە چووە ژوورەوە، تەنها خۆی و دەفتەری تۆمارکردنەکەی ڕۆیشتنە ژوورەوەو دوایی هاتەوە.

**پ: حەرەسەکان گۆڕان، یان هەمان حەرەس هاتنەوە؟**

**و:** هەمان حەرەس بوون جارێ کەسیان نە گۆڕان، تەنها رامانیانگرت و زابتەکە بە سجلەکەیەوە چووە ژورەوەو هاتەوە .

## گەیشتنە جەهەننەمی تۆپزاوە

**پ: لە ئەمنەکەی کەرکووکەوە بۆ کوێ بردتانیان؟**

**و:** ئینجاکە لەوێوە بردمانیان بۆ سەربازگەی تۆپزاوە، تۆپزاوە زۆر قەرەباڵغ بوو، ئەوەی دەڵێن حەشرو نەشر لەوێ بوو، بەم چاوانەی خۆم بینیم، ژن، پیاو، منداڵ، پیرێژن و ئەختیار هەموو ریزکرابوون، گریان و پاڕانەوەو کڕووزانەوەو لێدان بوو، دەست ڕاپسکانێك بوو نەبێتەوە، هەر یەکەی بەلایەکدا براین.

**پ: کەی گەیشتنە سەربازگەی تۆپزاوە.**

**و:** عەسرێکی درەنگ و نزیك مەغریب بوو، مەلا لە بانگدانا بوو، ئاسمان بەرەو تاریك بوون ئەچوو.

**پ: ئەوەی بزانی لە دێیەکانی ناوچەی قادرکەرەمەوە پێش ئێوە کەس هێنرابوون بۆ ئەوێ؟**

**و:** جەباری و ئەمانە ئەوێ پڕی بوو، ڕۆژ پێشتر، یان زووتر ئەوانیان هێنابوو، یان پێش سەعاتێك یان پێش دوو سەعات، یان زووتر، ئەوە نازانم، کە ئێمە ڕۆیشتین ئەوێ پڕ بوو.

**پ: ئەوانەی لەوێ بوون ئەیانوت ئێمە چەند ڕۆژە لێرەین.**

**و:** وەڵاهی کاکە ئەوانەی وا لەوێ بوون ئێمە کراینە ناو ئەو قاعەیە پڕ بوو پێش ئێمە، ئاخرزەمانێك بوو بۆ خۆی.

**پ: ژن و پیاو پێکەوە بوون، یان بە جیابوون؟**

**و:** نا نا بە جیا، ژن و منداڵ بە جیابوون، گەنجەکان بە جیا، ئەختیارو پیرێژنیش بۆ قاعەیەك بە جیا بردیانیان.

**پ: لەو دەقەیە کە دابەزین لە ئیڤاکە هەر سێ گروپەکەیان جیاکردەوە؟**

**و:** بەڵێ جیاکرانەوە.

**پ: ئەی ئەڵێن هەر لە سەرەتاوە خەڵك تێکەڵ بوون؟**

**و:** نا نا ئێمە تێکەڵ نەبووین، ئێمە نا، تێکەڵ نەبووین، نەوەڵا بە جیا دامانیان نا، نازانم پێش ئێمە چۆن بووە.

**پ: تەقریبەن قاعەکە چەند کەسی تیابوو؟ لە تۆپزاوە چییان لێتان کرد؟**

**و:** هەر وتی دابەزن، یاڵڵا (کولکم للقاعە) وەڵا گشتمانیان کردە ناو قاعەکەو دەرگایان لێمان داخست .

**پ: ئەی حیسابتانیان نەکرد؟**

**و:** ئێ ئیحسابەکەی بە دەستیەوەیە، دەفتەرەکە بە دەستییەوە بوو، بە پێی ناوەکانی ناو دەفتەرەکەی دەستی بردمانی.

**پ: کە دەتانیانکردە ناو قاعەکەوە ناوتانیان دەخوێندەوە؟**

**و:** بەڵێ بەناو کردمانیانە ژوورەوە.

**پ: نەتانیانبرد پرسیارتان لێ بکەن؟**

**و:** نا نا جارێ ئەمانیان برد هەتا بەیانی.

**پ: قاعەکە پێش ئێوە خەڵکی تیابوو؟**

**و:** قاعەکە! ئەو قاعەیەی کە ئێمە چوومانە ناوییەوە، دوور لە ڕووی حازری، دوو تەنەکە هەر میزی تیا بوو، یەك کۆمەڵ جەمەدانی و شەرواڵ و تەزبێحی پیاوانە لەو ناوە کەوتبوون، هی کورد هەڵدرابوەوە (( پێی دەچێت پێشتر پیاوە گەنجەکانیش لەم قاعەیە بووبێتن، برابێتن بۆ قاعەیەکی دیکە جیاکرابێتنەوە، یان براون بۆ گۆڕی بە کۆمەڵ، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە ئەمان دوای 12 مانگ گیراون-عەلی)). ئێ ئەو جێگاوبانە گشتی ئیسفەنج بەرز بەرزیان تێدا دانرابوو، خۆڵ لە بانی پیس پیس، منداڵ میزو پیساییان کردبووە بانی، هەناسەت سوار دەبوو، پێدەچوو قاعەکە بۆ ئێمە چۆڵکرابێت، ئێمە ژن و منداڵی 7 ئیڤاکەیان کردە ئەو قاعەیەوە.

**پ: بە پێی خۆڵی بان ئیسفەنجەکە بێت، لە زووەکەوە کەس نەچۆتە ئەو قاعانە، تازە خەڵکیان بۆ هێنراوە؟**

**و:** زەوی و ئیسفەنج هەموو خۆڵ بوو، ئێمە تەکانمان، یەکپارچە خۆڵ لە سەر زەوییەکە و لە بان ئیسفەنجەکان نیشتبوون.

**پ: ئیسفەنجیان بۆچی دانابوو؟**

**و:** ئێ خەڵك لە بانی ئەخەوت، ئەوانەی ئەڕۆیشتنە ئەوێ لە بانی ئەخەوتن، پێی دەچوو پێش ئێمە داندرابێت، چونکە خۆڵ لێی نیشتبوو، ئێمە چووین لە ناو قاعەکە بوو.

**پ: بە مەزەندەی تۆ، ناو قاعەکە چەند کەسی تیابوو ؟**

**و:** قاعەکە؛ بڕوات بێ دەور ـ بە خوا ـ دوو سەد نەفەرو زۆر زیاتریشی ئەگرت، پڕ بوو شوێن کەسی دیکەی تیا نابووەوە، فوول بوو.

**پ: خواردنیان داپێتان؟**

**و:** عەینەن سەموون، یەکەم ڕۆژ تەنها سەموون و ئاویان داپێمان.

**پ: شەو توانیتان بچنە تەوالێت و ئەوانە؟**

**و:** ئەو شەوە نەمانتوانی، بەڵام ئەزانی من ڕۆژی دوایی چیم کرد، ئەوەی وا لەبەر دەرگایە حەرەسمان بوو عەسکەرەکە، هەڵستام بە عەرەبی قسەم لە گەڵی کرد، وتم: یابە ئێمە منداڵمان پێیە، هەیە شیرە خۆرەیەو مەمەو شتەکانی پێویستە بشۆرێ، یان ئاو ئەکاتە ناو شیر، منداڵ لێرە خۆی پیس ئەکات، ئەم ناوەش هەمووی وێران ئەبێ، من ئەبمە سەر قافڵەی ئەم جەماعەتە، منداڵەکان خۆم حجز بێ لات، وەجبە وەجبە ئەیانبەم بۆ سەر ئاو، ئیتر بزانە لەوێ دەس و دەم و چاوو ئەشۆن، یان ئەچنە ئاودەست و هەرچی ئەکەن بیکەن دوای ئەوە ئەوسا ئەو وەجبەیە دێنمەوە و وەجبەی تر ئەبەم بە نۆرە، بوارمان بدە تکایە، وەڵا قەبووڵی کرد، منداڵەکان خۆم حیجز بوون لە لای ئەو، منداڵەکانم لای پاسەوانەکە دانا، وتم ئەوە منداڵەکانمە، هەر چوار منداڵەکەم حیجز بێت لە لات، وەجبە وەجبە ژن و منداڵەکانم ئەبرد، ئەو خەڵکەم بە نۆرە

ئـەبرد، ئیتـر پـەڕۆیان ئەشـۆری، مەمـە شـیریان ئەشـۆری، نەفـەر نەفەر، گرووپ گرووپ، ئەیانمبرد ،هەتا ئاخیر وەجبە تەواو بـوون کە کەس نەما، ئینجا من دانیشتم، ژنێکیان دەرکـرد، منداڵـەکان منـی برد بۆ سەر ئاو بەو شێوەیە.

**پ: ئەمە یەکەم ڕۆژ؟، شەوەکەی خەوتن؟.**

**و:** خەوی چی خوا خوامان بوو منداڵەکانم بخەون.

**پ: منداڵەکان خەوتن؟**

**و:** ئا خەوتن.

**پ: لە بان چی ئەخەوتن؟**

**و:** لە بـان ئـەو ئیسفەنجە هـەر بـە بـێ بـان خـەوتن، مانـدوو بوون بە لایا هاتن خەویان لێکەوت.

**پ: ئـــەدی شـــەش بـــەتانی و شـــەش دۆشـــەك و شـــەش سەرینەکەتان؟**

**و:** شتەکان خۆمان بەکار نەهێنا وتمان پیس ئەبێت، ئەی ناڵێم قاعەکە لە بەر خۆڵ و میزو پیسایی وێران ببوو.

**پ: ئـەی ئـەڵێن بـان و بنـی تیـا نـەبووە زینـدانی تـۆپزاوە، هیچی تیا نەبووە قاعەکان.**

**و:** نا نا قاعەکەی ئێمە ئیسفەنجی تیابوو، لەم سـەر هـەتا ئـەو سەر ڕاخرابوون بـە پـاڵ یـەکترەوە بـە ڕیـز، ئیتـر نـازانم قاعـەکان دیکە، قاعەکەی ئێمەی تیا بووین وابوو، بەڵام نەبووایە باشتر بـوو، یەکپارچە خۆڵ و میزی منداڵ بوو، بەو سەرمایە بـان نـەبوو منـداڵ

خۆی ناگرت میزی دەکردە بن خـۆی، بـە تایبـەت بـەرە بـەیان زۆر سارد بوو.

**پ: ئەو هەموو خەڵکە ئیسفەنجی بەر ئەکەوت؟**

**و:** وەڵا ئیتـر دووان دووان، سـیان سـیان و دەبوایـە بچنـە باخەڵ یەکترەوە، ئەی چـی ئەوەشـی گـەورە بـوو وەك ئێمـە مانـان، ئیتر دا ئەنیشتین بە دیاریانەوە، دایکەکان بە دیار منداڵـەوە ڕۆژمـان کردەوە، دە ئەگریا، دە میزی دەکـردە خۆیـا، دە هـاواری بـۆ بـاوکی دەکرد، دە لـە خـەوا رادەچەڵـەکی، دە بـۆ شـیر و لـە برسـا دەگریـا، ڕۆژەڕەش بوو نەبێتەوە.

**پ: شەو ئەیانهێشت خەڵك بچێ بۆ تەوالێت؟**

**و:** نا تەنها بە ڕۆژ ئەوەمان ئـەکرد تـاکو ئێـوارە، ئیتـر چەنـد وەجبە بوایە ئاوامان ئەکرد، ڕۆژ دوایین یەکە یەکە بانگمانیان کرد، جـەردمانیان کـردەوەو کەوتنـە نـاو نووسـینمان، لێـرە پرسـیاری زیاتریان دەکرد لە چەمچەماڵ .

**پ: یەك یەك، یان گرووپ گرووپ بردتانیان؟**

**و:** نا نا خێزان خێزان، مەسەلەن ڕەسمییە نەجمەدین خۆت و منداڵەکانت بێن، سەدریە ئیبراهیم خۆت و منداڵەکانت بێن، ئاوا.

**پ: بۆ کوێ ئەتانیانبرد؟**

**و:** لە دەرەوە کورسی و مێزیان دانابوو، کابرایەك دانیشـتبوو یەك دوو کەس بە دەورییەوە بوو، ناومانی ئەنووسی.

**پ: لە دەرەوە لە کوێ بوو؟**

**و:** دووەم ڕۆژ بوو، نزیك قاعەكان بوو.

**پ: هەر یەك مێزو كورسی بوو؟، یان چەند مێزو كورسییەك؟**

**و:** دوو كەس بوون یەكیان بە پێوە بوو، ئەوی دیكەیان لە سەر كورسییەكە بە تەنیشت مێزەكەوە دانیشتبوو .

**پ: ئەوانەی پرسیاریان دەكرد، چییان لە بەر بوو؟**

**و:** سەوز، بێ نەجمەو بێری.

**پ: بە كوردی پرسیاریان دەكرد؟**

**و:** نەوەڵا بە عەرەبی پرسیاری ئەكرد، كورد هەبوو تەرجەمەی بكا.

**پ: كوردەكە كێ بوون چی بوون عەسكەر بوون؟**

**و:** نا نا جاش بوون، جاش جلی كوردی لە بەری بوو.

**پ: چۆن ئەزانیت جاش بوو؟**

**و:** جلی كوردی و پشدێنی گەورەیان لە پشت بوو، خۆ شەرمیان ناكرد.

**پ: مەغزەن و تاخم و تفەنگ بە قەدیانەوە بوو؟**

**و:** بەڵێ بە قەدیانەوە بوو.

**پ: جاش هاتبووە ناو سەربازگەی تۆپزاوە؟**

**و:** بەڵێ جاش لە گەڵیان بوو، بەس جاش ئیشێكی تایبەتی هەبوو لە لایەكی دێكەوە خەڵكیان ئەگرت، تا مەعەسكەرەكە، نازانم ئەوەش جاش خۆیان بوو یا نا، بەس كورد بوون، من ئەمزانی

ناوی خۆم و منداڵـەکان بنووسـم پێویسـتم بـە وەرگێـڕ نـەبوو، بـەس خەڵکی تر هەبوو عەرەبی نازانی ئەوان موتەرجمیان پێویست بوو.

**پ: پرسیاری چییان لێتان ئەکرد؟**

**و:** ناو، ناونیشان، پیاوەکانتان.

**پ: پرسیاری پێشـمەرگایەتی، دایـك و بـاوك و بـراو پیـاو و کار و پیشەی ئەوان، تۆ چۆنت وەڵام دایەوە؟**

**و:** تـەنها پرسـیاری شـوێنی گـرتن، وتـم قادرکـەرەم، چـۆن گیراویت، وتم بە میوانداری چوومە، باسی کەسـم نـەکرد، تەنانـەت نەشمگوت خەسووم و کەسوکارم لێرە لەگەڵمن.

**پ: لە خەڵات هیچ پرسیاریان نەکرد؟**

**و:** نا نەیانکرد.

**پ: ئەی ئەو ئەشیاو مەشیایەی پێتان بوو چییان لێهات؟**

**و:** ئـەو ئەشـیاو مەشـیایەی پێمـان بـوون گشـتی هاوردمانـە ژوورەوە، من چیم کرد، نان و هێلکە ئەمانەم گشتی بردە ژوورەوە، یەکەم شەو گشتیم بە سەر ئەو خەڵکەی ناو قاعەکە دابەشکرد کـرد ، قسمێکی بۆ خۆمان و قسمێکیشی بۆ خەڵکەکەی دیکە.

**پ: ئێوە هەر 25 تان چوونە یەك قاعەوە؟**

**و:** نا نا ئەختیار و پیرەکان، حەمدییە با بڵێن، خەسووم و کاك عەزیزی شوو برام، ئەم سیانە برانـە نـاو پیـرەژن و ئـەختیارەکان، جا من بە حەرەسەکەم وت دایك و باوکم لێرەن نـەمووت خەسـووم، ئەم تۆزە نانـەیان بـۆ ئەبـەم لەگـەڵ ئـەم کەمـە پارەیـە، پارەکـە هـین

ڕەحمـەی کچـی داپیـێم، وتـی: بیبـە بیـدە دەسـت دایکـم، وتـم: ئـەم پارەیەشیان بۆ ئەبـەم لەگـەڵ ئـەم نـان و هێلکەیـە، وتـی: بیبـە بـەڵام ئەگەر زوو نەگەڕێیتەوە دوایی دەرگات لێ ناکەمەوە.

**پ: هێلکەشت بۆیان برد؟**

**و:** ئا ئا شەست هێلکەیان کوڵاندبوو، هاوردیان بۆمان، ئیلهام و پیاوەکـەی کـەماڵ، هاوردیـان بۆمـان لەگـەڵ خۆیـان کـە لـە مجەمەعەکە بووین لە قادرکەرەم، هەمووم لا بوو، وەڵا ئیتر هێلکـە و نـان و هەنـدێك پـارەم لەگـەڵ خـۆم هـەڵگرت، ڕۆیشـتم دام لـە دەرگایـەك، حەرەسـێك ڕەشـتاڵە بـوو وەسـتابوو، وتـم: ئەچمـە ژوورەوە، وتی: قەدەغەیە، وتم: قەدەغـەی چـی مـن دایـك و بـاوکم لەوێیە لە ژورەوەیە، دەچمـە لایـان و زوو دەرئـەچم، ئەمانـەیان بـۆ ئەبەم، وتم: تـۆ بـۆ مـەجالم نـادەیتێ، وەڵا ئـەمجارە مـەجالی دا پێم، وتـم: گونـاحن برسـییانە، وتـی ئـاخر زوو دەربچـۆ، کـاتێ دەچمـە ژورەوە سەیر ئەکەم ئەوپـەڕی گشـتیانیان گرتـووە، وا لـەو سـەری قاعەکـەن لای ژووری ئەوسـەر، هـەر لـە بـەردەم دەرگاکـەوە پـام ناوەتە بـان پیریـژن و ئـەختیار، هـەتا گەیشـتمە لای ئـەوان ئەوەنـدە قەرەباڵغ بوو لە پاڵ یەکتر بوون.

**پ: ئەوێش وەك لای ئێوە قەرەباڵغ بوو؟**

**و:** قەرەباڵغ تر، ئـەختیارو پیرێـژن کەوتوونـە بـە سـەر یـەکا نەبێتەوە، لەش لە بـان لـەش، هـەڵماوو هەناسـە هەڵئەسـتا، پشـووت ناما، ڕۆژەڕەش لەو قاعەیە بوو، بۆن بۆگەنی ئەهات، هـەموو لات

کەوتبوون لە برسان و تێنوا، یەکێ ئەگریا، یەکێ دووعـای ئـەکردو ئەوی تـر ئەکڕووزایـەوە، یـەکێ ڕوو لـە ئاسـمان سـینگی ئـەکوتاو هاواری ئەکرد، ئیتر باس ناکرێت.

**پ: ئەختیار بە جیا پیرەژن بە جیا؟**

**و:** نا نا ئەزانی چۆن؟ ژن و پیاو هەیـە هـەردووك پێکـەوەن، خوشك و برا هەیە ئەوانیش پێکەوەن، ئیتر ئاوا، ئیتـر کەوتوونـە بـە سەر یەکا، ئەوەی ئەوانی ببینیایە زۆر موتەئەسیر ئەبوو، کارەسات بوو کارەسات، چەنێ خەفەتم بۆ ئەو بارودۆخـە خـوارد، وا بەسـەر ئەم ئەختیارو پیرە ژنانەدا هاتووە، گوناحیان چییـە تاوانیـان چییـە؟، ئاگایان لە چییە؟، گرنگ چوومە ژوورەوە پارەکەو هێلکەو نانەکـەم دایە دەستیان، حەمدیە وتی: منداڵەکان لـە لای تـۆن؟ وتـم: بـەڵێ لـە لای منن، وتـی: مادام لە لای تۆن، بۆ مردنیش بێ دڵم لە لایان نییە، هەردووکمان هامۆیی یەکین، واتە پیاوەکانمان برای یەکن، بـە خـوا وتی: بۆ مردنیش بێت، ئیتر دڵـم لـە لایـان نییـە مـادام لـە لای تـۆن، وتـم: نـا حــەقت نــەبێ خــوا کەریمــە، ئیتــر دەرچوومــە دەشــتەوەو گەڕامەوە بۆ قاعەکەی خۆمان.

**پ: ئەو شەوە کەس نەخۆش نەکەوت، سـەر ئێشـە، منـداڵ بوونێکە هیچ هەبوو لەو قاعەیەی ئێوە تیای بوون؟**

**و:** نانا منداڵ بوون نـەبوو، بـەڵام سـەر ئێشـە هـەبوو، هـەنێ حەبم پێ بوو، ئەوەی سەری ژانی بکردایە حەبێ پەنادۆڵم ئەدا پێی.

**پ: ئەدی مردن هەبوو؟**

**رەسمییە:** لای ئێمە کەس نەمرد، لە قاعەکان دیکە خەڵك مردن وتیان خەڵك مردووە، لە ترساو لە برساو لە سەرمایاو لەو حەشرە چۆن خەڵك نامرێت.

**پ: ئەی ئەوەی حەبی پێ نەبوایە؟**

**و:** ئیتر ئەوە بەسەر ئێشەوە بۆ خۆی ئەتلایەوە.

**پ: هیچیان نا ئەدا پێی؟**

**و:** هیچیان نا ئەدا پێی نەوەڵا هیچ نەبوو، هیچ داودەرمانێك نەبوو.

**پ: لە بیرم چوو، ئەرێ ئەو کاتەی کە ئێوەیان لە ناو ئیڤاکە داگرت، عەسکەرەکان تەسەڕووفاتیان لە گەڵ ئێوە چۆن بوو؟**

**و:** وەڵا تەسەڕوفاتیان چۆن بوو زۆر ناشرین یەعنی چۆن بڵێی دوور لە ڕووی حازری چۆن بڵێی سەگێکە و پاڵمان پێوە ئەنێ، ئاوا دامانیان گرت و کردمانیانە ناو قاعەکانەوە، من حەشرو نەشرم یەکجار لە ژیانم بینیوە، ئەویش لە تۆپزاوە بینیم، بەخوا حەشرو نەشر بوو، جیاکردنەوەی خێزان لە یەك کارەساتە، سەدری ژنی کاکە ئەمین لە تۆپزاوە ویستی عەلاگەیەك ئەشیا بێنێ لەگەڵ خۆیا، بە مشت لێیاندا، گەنجمان بینیوە کراونەتە زیلی عەسکەری بردوویانە، هەبوو فانیلە لە بەری بوو، دەس و چاویان لە دوواوە بەسترابووەوەهو کەلەپچە کرابووون و لێشیانیان ئەدا.

**پ: ئێوە هیچ گەنجتان لەگەڵ نەبوو، کوڕی گەنج، پیاوەکان، ئەوانەی لە قادرکەرەم پێکەوە هاتن؟**

**و:** نا نا هەر کاك ئەمین شوو براکەمم بینی.

**پ: یەکەم ڕۆژ بینیت؟**

**و:** ئا یەکەم ڕۆژ بینیم، ئەویش لە دوورەوە نەك لە نزیکەوە بینیمان لەوێ لە تۆپزاوە.

**پ: ئەدی گەرماو سەرمای ناو قاعەکە چۆن بوو؟**

**و:** گەرماو سەرما نەبوو بەهار بوو، ئەو کاتە جەوەکەی گونجاو بوو، بەس تا خوا حەز بکات بۆگەن بوو، بەیانیانیش زۆر سارد بوو.

**پ: کارەبای شەوانە هەبوو؟**

**و:** کارەبای هەبوو، ڕووناك بوو شەو.

**پ: دەوروبەر قاعەکە حەرەسیاتیان هەبوو؟**

**و:** تەنها یەك لە بەر دەرگاکە بوو، هی ئێمە وابوو، بەس ئەیانوت هی گەنجەکان زیاترهەبووە.

**پ: ئێوە کە لەوێ بوون منداڵیان جیا کردەوە لێتان؟**

**و:** لە ئێمە جیایان نەکردەوە لەو قاعەیەی ئێمە، بەس وتیان پێش ئێمە مەجموعەیەك منداڵیان لە دایکەکانیان جیا کردۆتەوە.

**پ: ئەگەر ئێوە (12)ی مانگ گرترابێتن، دەبوایە لە کاتی ئێوە هەم پیاویان جیا کردبێتەوە، هەمیش منداڵەکان بە پێی وتەی زیندانیانی دیکە (تێبینی: پێدەچێت چەند ڕۆژێك دوای 12ی مانگ**

**دەستگیر کرابێتن، زیاتر هەستەکەم 13 بۆ 14 دەستگیرکرابێتن - عەلی).**

**و:** نا نا شەرت نییە، جەماعەتێك پێش ئێمە هاتونەتە ئەوێ.

**پ: کێ بوون پێش ئێوە؟**

**و:** نازانم کێ بوون و جەماعەت هەیە، کوردستانێ گەورە و زەبەلاحە.

**پ: قەینا ئەوانەی ئەڵێن منداڵمان جیا کراوەتەوە (11)ی مانگ و 12 مانگ لەوێ بوونە؟**

**و:** ئیتر (11)ی مانگ لەوێ بوونەو ئەوانەی جیا کراونەتەوە بەس دوو سەعات لێیانیان جیاکردۆتەوە.

**پ: وەك بیستبێتت لە هەموو قاعەکان جیاکرابوونەوە، یان لە چەند قاعەیەکی دیاریکراو؟**

**و:** وەڵاهی ئیتر ئەوانەی وا ئەهاتنە دووبز باسیان ئەکرد مەجمووعەیەکیان هاوردە دووبز وتیان منداڵیان لێمان جیا کردۆتەوە، وتی دوو سەعات لێمانیان جیا کردۆتەوە زریکەی ئێمە و منداڵ حەوت تەبەقەی ئاسمانی گرتبوو.

**پ: چەند ڕۆژ لە تۆپزاوە مانەوە؟**

**و:** لە تۆپزاوە، دوو شەو ماینەوە .

**پ: دوو شەو مانەوە، هیچ ئەو دوو شەوە یەکێ نەخۆش بێ دکتۆری بۆ بێنن ئەرزاقێك، خواردنێك؟.**

**و:** نییـە، نـەبوو، نـە ئـەرزاق، نـە خـواردن نـە چێشـتێ، لـە سەموون و ئاو زیاتر هیچی تریان نە ئەدا پێمان.

**پ: ئــەی تەســەروفاتی عەســکەرو ئەمنــەکان چـۆن بـوو لەگەڵتان؟.**

**و:** وەڵاهی لە ژوورەوە هیچ دەنگیان نا ئەکرد، منیش لە گەڵ ئەو کوڕەی لە بەر دەرگای قاعەکەمان بوو عەسکەری بوو تەنسیقم کردبوو، وەجبە وەجبە، گرووپ گرووپ ژن و منداڵەکان بیانبەم بۆ سەرئاو، هەردوو ژوورەکە، ئا هەردوو قاعەکە بۆ ئەو کارانە، من سەرپەرشتیانم ئەکرد.

**پ: لە سەرئاو زۆرت لێیان ناکرد زوو تەواو بن؟**

**و:** نا دەمووت بە ئیسراحەت خۆیـان، حەرەسـەکان ئـەیانوت زوو بێنەوە بەڵام بە قسەیانم ناکرد، بۆ پیاوە گەنجەکان بە زۆر بوو.

**پ: تەوالێتەکان دوور بوون لە قاعەکەتانەوە؟**

**و:** زۆر دوور نەبوو.

**پ: لای قاعەکانی تر وا نەبوو؟**

**و:** وەڵا ئیتـر نـازانم لـەوێ چیـان ئـەکرد، چیـان نـە ئـەکرد نازانم، هەر قاعەیەك حەرەسێکی دیاری کراوی هـەبوو ئـەوان جیـا بوون.

**پ: لێدان و ئەشکەنجە لەوێ هەبوو؟**

**و:** نـا نـا بـۆ ژن نـەبوو، بـەس بـۆ پیـاوە گەنجـەکان هـەبوو، خەڵات کچم لەو کـاتە وتـی: لە پەنجەرەکـانەوە ببنیمـان گەنجەکـان

دانیشتبوون، ئەوەی بجوڵایەتەوە لێیان دەدا، بە شەق لێیانیان دەدا، حەرەسەکانیان لە پەنجەرەکانەوە کە بینییان سەیریان دەکەین لێمان تووڕە بوون، دەیانووت نا بێت سەیریان بکەن، ئیتر لە ترسا دادەنیشتین.

**پ: هەوڵت نەدا کاك ئەمین ببینییەوەو سۆراغی بکەیت؟**

**و:** بەر لە ئێمە ئەوو کاك عەزیزیان داگرت، دووریان خستنەوە لێمان نەمتووانی.

**پ: چییان لە کاك ئەمین کردبوو ئەو کاتەی بینیت؟**

**و:** وەڵاهی بینیم وەستابوو ئا راوەستابوو.

**پ: راوەستابوو لە کاتی جیاکردنەوەکەیا.**

**و:** ئا ئیتر جیایان کردەوە نازانم ئەوان جیا بوون.

**پ: ئیتر کاك ئەمینت نەبینییەوە؟.**

**و:** نەمبینییەوە نا..! ئیتر نەمبینییەوە، هەر ئەو جارە بوو.

## بەرەو سەربازگەی دووبز

**پ: دوای دوو ڕۆژەکە چییان لێتان کرد؟**

**و:** سێیەم ڕۆژ کە لە خەو هەستاین، وتیان ئەتانگوازینەوە، ئیتر ئەوە بوو گواستمانیانەوە.

**پ: مەبەستت بەیانی زووە، نەیانوت بۆ کوێ ؟**

**و:** نا وتیان فەرموون سوار بن؟

**پ: کاتژمێر چەند بوو؟**

**و:** دوای عەسر لە تۆپزاوە دەرچووین.

**پ: ئۆتۆمبێلەکان لە کوێ ڕاوەستابوون؟**

**و:** نزیک 15 مەترێك لە دووری قاعەکەمان، یەکەم ناو خوێندییەوە ناو من بوو.

**پ: هەموو چەند ئۆتۆمبێل بوون؟**

**و:** ژمارەکەیان نازانم ، ئۆتۆمۆبیلەکان مقەپەت بوون، نزیك 70 کەس سوار یەك سەیارە ببووین، جێگامان زۆر سەغڵەت بوو، ئێمە جەماعەت خۆمان هەموو سوار ئەو سەیارەیە بووین، بەڵام کەم ببووینەوە.

**پ: شەو پێشتر ئێوەیان ئاگادار کردبووەوە کە نەقڵتان دەکەن؟**

**و:** نا ئێمەیان ئاگادار نەکردبووەوە، ئەو کاتەی کە ناونووسمانیان ئەکرد، گوێم لێ بوو کابرای سەر مێزەکە باسی دووبزی بۆ یەکی دیکە ئەکرد.

**پ: ئۆتۆمبیلەکە چ جۆرێك بوو ؟**

**و:** سەیارەی موقەپەت بوو، رەنگەکەی شین بوو، ئەوەی دیکە نازانم .

**پ: عەسکەر لە گەڵتان سوار بوون؟**

**و:** بەڵێ .

**پ: چەکدار بوون؟**

**و:** یەکێك لە پێشەوە سوار بوو ئەفسەر بوو، چەکدارێکیش لە گەڵمان لە دواوە سوار بوو.

**پ: لە ناو ئۆتۆمبیلەکە بارودۆختان چۆن بوو؟**

**و:** زۆر سەغڵەت بوو، بەڵام ڕێگاکە دوور نەبوو، لە ڕێگا قیتعەمان بینی لە سەری نووسرابوو دووبز، بۆیە زۆر سەغڵەت نەبووین زوو گەیشتین.

**پ: کەی گەیشتن؟**

**و:** کە گەیشتینە ئەوێ ناو مەعەسکەرەکە دنیا تاریك ببوو، تەقریبەن دوای مەغریب بوو.

**پ: لە تۆپزاوەوە چەند سەعاتی پێ چوو تا گەیشتنە جێی سەربازگەی دووبز؟**

**و:** وەڵا لای منەوە تۆزێ ڕۆشنایی هەبوو، قتعە قتعە نییە نووسرابوو ڕێگای مەسەلەن فلان شوێن، نووسرابوو ڕێگای دووبز، من ئەوانەم خوێندەوە زانیم ڕێگای دووبزە، ئیتر نەمزانی گەییمانە ئەوێ، وتیان ئەمە دووبزە، مەعەسکەری دووبز، باب نیزامی هەبوو، حەرەسیشی تیا بوو، سەعاتەکە نازانم بەڵام دەزانم کاتی مەغریب بوو.

**پ: بازگەی هاتنە ژوورەوە، یان باب نیزامەکەی چۆن بوو؟ چەند لە شەقامی گشتییەوە دوور بوو؟**

**و:** فراوان بوو، ژوورێکی هەبوو، دەرگای گەورەی مشەبەکی هەبوو دایان ئەخست، کەمتر لە 100 مەتر لە شەقامی

گشتییەوە دوور بوو ( دەرگای هاتنە ژوورەوەی پان و گەورە بـوو، لە سەر سێ پایە ڕاوەستابوو، هەر پایەی چوار عامودی بۆ کرابـوو بە چیمەنتــۆ، هەیکەلێکـــی گەورەی هەبـــوو، لە وەی تــۆبزاوە بە هەیبەت تر بوو، دوو جادەی بە ناودا دەڕۆیشـت، لایەکـی بـۆ هـاتن بــوو، لاکەی تــری بــۆ دەرچــوون بــوو، لە هەردوولاکە شیشـــی داخســـتنی هەبـــوو، زیـــاتر لە 100 مەترێــك دوور بـــوو لە یەکەم قاعەوە- عەلی) .

**پ: چوار دەوری سەربازگەکە تەلبەند بوو یان دیوار؟**

**و:** دیوار بوو لەم دیوەشەوە تەلبەند بوو.

**پ: چوونـە دەرەوە هەبوو؟**

**و:** نیهائییەن چوونە دەرەوە نەبوو لە بـاب نیزامەکـە، ئـەوەی بکرایەتە ئەم دیوەوە ئیتر نەیئەتوانی دەرچێت.

**پ: لەوانـــەی لـــەوێ بـــوون لـــە بـــاب نیزامەکـــە، جـــەیش شەعبییەکان کەسی لێ دەناسیتەوە ئێستا؟ لە کەرکووک بن؟**

**و:** نا کەسیان ناناسم، زۆرینەیان خەڵکی حەویجە بوون.

**پ: ئێوەیان پێشتر برد بۆ دووبز، یان پیرەکانیان پێش ئێـوە نارد بۆ قەڵای نوگرە سەلمان؟**

**و:** ئێمەیان پێشتر برد بـۆ دووبـز، پیرەکـان بـەڵێ دوای ئێمـە هەڵە نەبم بەیانی زووی ڕۆژی دوای ئێمـە بـران بـۆ قـەڵای نـوگرە سەلمان بە قسەی حەمدییەی خۆمان.

**پ: چۆن ئەزانی ئێوەیان زووتر برد بۆ دووبز؟**

**و:** قاعەی ئەختیارەکان نزیکمان بوون، ئـەوان لـەوێ مانـەوە ئێمـەیان بـرد، بـە قسـەی ئـەوان بێـت ڕۆژی دوایـی بەیانییەکـەی براون، حەمدییە وای وت.

**پ: ڕەمەزان بوو؟**

**و:** نا نا هێشتا ڕەمەزان نەهاتبوو.

**پ: چۆن ئـەزانی ڕەمـەزان نـەبوو؟، ئـەی دوای چەنـد ڕۆژ ڕەمەزان هات.**

**و:** یەکەم یان دووەم ڕۆژیش خواردنیان بۆمان هاورد، بـەوە ئـەزانم ڕەمـەزان نـەبووە (ئـەو سـاڵە ڕەمـەزان 17- 4 هـاتووە-عەلی).

## کارەبا کووژاندنەوە

**پ: کێ لە باب نیزامەکەی وەستابوو؟**

**و:** عەسکەری و گشتیشیان چەکدار بوون.

**پ: کە ئێوەیان هێنایە ژوورەوە، چەکدارەکان باب نیزامەکە چییان کرد، خۆیان تێکدا؟**

**و:** تـەنها دەرگایـان کـردەوەو ڕاوەسـتان تـا ڕەتبـووین، وەك ڕاوەسـتان لـە واجبـی عەسـکەری، سـەیارەکەی ئـێمە تـاکو بەردەم قاعەکەی بۆمان دیاری کرابوو رانەوەستا، لەوێ بێ ناو خوێنـدنەوە کردمانیانە ژورەوە.

**پ: ئەو چەند مانگە لەوێ بوون باب نیزامەکە هەر بە دەست عەسکەرەوە بوو؟**

**و:** بەدەست عەسکەرییەوە بوو، بەعسییەکانیشی لێبوو.

**پ: باب نیزامەکە قەرەباڵغ بوو؟**

**و:** ئا ئا قەرەباڵغ بوو.

**پ: لە کوێ ئێوەیان داگرت؟**

**و:** لە بەردەم یەکەم قاعە ئێمەیان داگرت.

**پ: کە ئێوە گەیشتن، مەعەسکەرەکە خەڵکی ئەنفالی تیابوو؟ پێش ئێوە هیچ کەسی تیا بوو ؟**

**و:** نازانم پێشتر، پێش ئێمە کێی تیا بووە تیا نەبووە، بەس ئەو سەعاتەی ئێمە دابەزیمان کەسی تیا نەبوو، ئێمە گەیشتین دابەزیمان کارەبا کوژایەوە، کە گەیشتینە دووبز رەشەبای توندی دەهات دارەکان ناو سەربازگەکە بەلادا ئەهاتن ئەوەندە بایەکەی بەهێز بوو، تۆزو خۆڵێکی ترسناك بوو، کارەبا نەبوو منداڵ هەموو ئەگریان، ژنانیش ئەترسان.

**پ: ئەو شەوە بەس قاعەکەی ئێوە کارەبای کوژایەوە، یان ئەوانەی تریش؟**

**و:** نا لە هەموو سەربازگەکە کوژایەوە، گشتی بوو، تەنها ئەوەی ئێمە نەبوو.

**پ: قاعەکان کەسیان تیا بوو؟**

**و:** قاعەکان کەسیان تیا نـەبوو، ئێمـە یەکـەم گـرووپ بـووین دەچینە ناوی، خەڵکەکە ترسان، وتیان چۆن کارەبایـان لـە سـەرمان کوژاندەوە شتێکمان لێ ئەکەن.

**پ: یەکەم وەجبە ئێوە گەیشتنە ئەو قاعەیە؟**

**و:** ئا، ئێمە یەکەم وەجبە گەیشتینە ناو ئەو قاعەیە.

**پ: قاعەکە پیس بوو؟**

**و:** وەڵاهی ئاسایی بوو، بەڵام خـۆڵ لـە سـەر زەوییەکـە زۆر بوو.

**پ: قاعەکان بە ڕۆژ کارەبایان هەبوو؟**

**و:** بەڵێ کارەبایان هەبوو، بەس ئەو سەعاتە کێشە بـوو تێیـدا تومەز.

**پ: یان بە ئەنقەست بوو؟**

**و:** بـەس زابتێـك وەسـتا لـە گـەڵ منـا، کـاتێ ئـەوانم کـردە ژوورەوە من لە بەردەم دەرگاکە وەستابووم.

**پ: کێت کردە ژوورەوە؟**

**و:** جەماعەت خۆمـان، لەبـەر دەرگاکـە وەسـتام، ئەفسـەرەکە جگەرەیـەك بەدەسـتێوە بـوو، کفرێکشـی کـرد، جگەرەکـەی کوتـاوە زەوی و پای نایە بانی و کفری کرد و بە عەرەبی وتـی ئەمـە کـەی حاڵە، ئەمە کەی ئیسلامیەتییە! کە ئەمە ئەکەن، پێم وت: بـۆ کارەبـا کوژایەوە، وتـی :(لا تخـافین خلـل فنـی) وەڵا ئەوەنـەی پـێ نـەچوو

کارەباکە هاتەوە، وتی: (اختی لا تخافین روحی ویة جماعتچ اکو الله).

**پ: زابوتەکە وای وت؟**

**و:** ئا زابوتەکە وای وت، وتی (اختی طوب جوە ویة جماعتج لاتخافین)، منیش لە وەڵامدا وتم: لا والله لیش اخاف.

**پ: ئەو ئەفسەرە بەرگی چی لەبەر بوو؟ چەند ئەستێرە لە سەر شانی بوو؟**

**و:** بەرگی سەربازی لە بەر بوو، ئیتر نەمبینییەوە لەوێ، دوایی جەیش شەعبییەکان هاتن، سەعاتێکی پێچوو، دوای هاتنەوەی کارەبا جەیش شەعبی پەیدا بوون.

**پ: کە کارەبا نەبوو منداڵەکان ناترسان؟**

**و:** زۆر ترسان، دەستیان کردە گریان، هەندێك لە ژنەکانیش گریان، هەبوو لە ترسان دەلەرزی، تۆ وەرە لە حەشری تۆپزاوەوە بە سەیارەی داخراو لەش لە بان لەش، بە تەنگە نەفەسی و تێنوێتی و برسێتی و سنگ پڕ خەفەت بتهێنن، لێرە کارەباشت لە سەر بکوژێننەوە، بیرت بۆ هەموو لایەك ئەڕوات، هەموو ژنی گەنج و منداڵیش بن، نێرینەیەکتان لەگەڵ نەبێت دەستی دار بگرێت.

## یەکەم شەومان لە قاعەکەی دووبز

**پ: ئەو قاعەیەی وا ئێوەیان تێیکرد، پێشتر کەسی تری تێدا نەبوو، ناو قاعەکە چۆن بوو؟**

**و:** قاعەیەکی چۆڵوهۆڵ بوو.

**پ: کە کارەبا هاتەوە چیتان بینی؟**

**و:** ئـێ هیچـی غـەریبمان نـەبینی، قاعەیـەکی چۆڵوهۆڵمـان بینـــی، مەعەســـکەرەکە گشـــتی بـــە دار و دارســـتانێکی گـــەورە دەوردرابوو، ئـەتتوانی دەرچیتـە دەشـتەوە بـە کـەیفی خـۆت لـە نـاو سەربازگەکە و دەوروبەری قاعەکەی خۆمان بەس.

**پ: ئـــەی هـــاوین مـــانگی تـــەمووز، هـــەر لـــە ژوورەوە ئەخەوتن، یان ئەچوونە دەرەوە؟**

**و:** وەڵا هـەر لـە ژوورەوە، ئەیانهێشـت لـە دەرەوە بخـەوین، بەس ئێمە هەر لە ژوورەوە ئەخەوتین، لە ترسـی ئـەوەی ئـافرەتین، خۆش نییە لە دەرەوە بخەوین، ئێمـە بـەس بـە حـوکمی ئـەوەی زۆر گەرما بە سەرمانا نەهات، لە دووبز چوار مانگ و بیست ڕۆژمـان پـێ چـوو، پانکـەمان هـەبوو پەنجـەرەکانمان ئـەکردەوەو شـەوان ئەخەوتین.

**پ: ئەو شەوە بەنیسبەت جێگاوبان چۆن بوون؟**

**و:** ئەو شەوە کە لەوێ بینیمان جێگاوبانەکەی عاید خۆمانـە، ئەوەی لەگـەڵ خۆمانـا بردبوومـان، ئـەوان هیچیـان نـەدا بـە کـەس، ئـەوەی هیچـی پـێ نەبوایـە لەسـەر زەوی ئەخـەوت، بـان و بنـی نەبوو، لە سەر زەوییە رەقوتەقەکە ئەخەوت، هەبوو تا ڕۆییمـان بـۆ

تكريـت لەسـەر زەوييـە ڕەقەكـە ئەخـەوت، هـەبوو لـە بـان مقـەبا ئەخەوت، هەبوو لە بـان گوونيـە ئەخـەوت، هـەبوو لـە بـان بـەتانی ئەگەر دەستيان بكەوتايە.

**پ: ئێوە جێگاوبانی چيتان پێ بوو؟**

**و:** ئـەی نـەموت شـەش دۆشـەك و شـەش سـەرين و شـەش بـەتانی، ئـەوەی لـە مجەمەعەكـەی قـادركەرەم كـە ئيلهـام خوشـكم بۆمانی هێنا.

**پ: لە دووبزيش ئەو شەشانەت پێ بوو، دۆشـەك، بـەتانی، سەرين؟**

**و:** ئەرێوەڵا هەموو شەشـەكانمان پـێ بـوو، بـەڵام ئێمـە زۆر بووين.

**پ: ئەدی كەسوكارەكەی خۆت هيچيان پێ بوو؟**

**و:** ئەوانيش لە بان شەشەكان ئێمـە ئەخـەوتين، 13 كـەس لـە بان ئەم شەشانە ئەخەوتين، سەرينم بۆ نە ئەما، قوتی بـەتاڵی ئاسـنی دەرمانم كردبووە ناو كيسەوە بۆ خۆم كردبوومە سەرين.

**پ: ئەی كە هاتن بۆ دووبز لە تۆپزاوە لێتانيان نەسەن؟**

**و:** نا نا لێمانيان نەسەند، ئـەی نـەموت لـەوێش لەگـەڵ خۆمـا بردمانە ژوورەوە، لە هاتنيش هێنـام، بـە زمـانی عـەرەبی قەناعـەتم پێيان كرد، لەگەڵ خۆما بردمـە ژوورەوە، بـە خـوا هـيچ كەسـێ تـر نەبوو شت بهێنێتە ژوورەوە، بەس بۆ من نەبێ هێشـتيان، وەڵا ئيتـر

به ئسلوبی خۆم لە گەڵیانا قسەم کرد، وتم (احنا جماعه عندنا اتفال و ما عدنا مكان) و بەم شێوەیە .

**پ: کەواتە تۆو منداڵەکانت لە زیندانی تـۆپزاوەو دووبـز لـە بان دۆشەك خەوتونە؟**

**و:** کێ من لە دووبز؟ من نەخەوتمە، کـورە هـەر خـوا خـوام بوو ئەوەکان تر بخەون، بە خوا داومەتە خەڵك.

**پ: کەسی دیکە جێگاوبانی پێ بوو؟**

**و:** هەبوو بەس بە کەمی.

**پ: زەوی قاعەکە خۆڵ بوو یان گسك درابوو؟.**

**و:** وەڵا خۆڵ بوو، خۆمان پاکمان کردەوە.

**پ: هیچ خزمەت نەکرابوو، ئامادەکاری کرابێت مرۆڤ دێتە ناوی؟.**

**و:** نا نا، نەوەڵا قاعەکە هەر خۆڵ بوو، خۆڵێك بوو نەبێتەوە، پڕ پڕ خۆڵ بوو.

**پ: ئەوانەی ئەو شەوە هێناتانیـان هـەمووتانیان کـردە نـاو یەك قاعەوە، یان بەسەر چەند قاعەیەك دابەشکران.**

**و:** سەیارەکەی ئێمە چووینـە نـاو ئـەو قاعەیـە، بـەڵام بـەیانی هەستام سەیرم کرد خەڵکی تر هەیـە لـە قاعـەی دیکـەش، دیـار بـوو پێکەوە هێنرا بووین.

**پ: قاعەکان تۆپزاوە گەورەتر بوون، یان ئەوانەی دووبز؟**

**و:** ئـەوەی دووبـز کـەمێك گـەورەتر بـوو، پەنجـەرەی نزیـك مەترێك زیـاتری تیـا بـوو، لـەم سـەر بـۆ ئـەو سـەر پەنجـەرە بـوو، ئەمبەر و ئەوبەر 10 پەنجەرە تیای بوو دەبوو، جێگامـان سـەغڵەت نەبوو، تەنانەت ئیدریس و حەمەشم هێنا بۆ لای خۆم.

**پ: قاعەکەی دووبز خـەڵکی زیـاتری تیـا بـوو، یـان ئـەوەی تۆپزاوە؟**

**و:** ئــەوی دووبــز قــەرەباڵغ بــوو، ئــەوەی تــۆپزاوە جــار جارەخەڵکیان دەبرد، لێرە هەموو تا کۆتایی پێکەوە ماینەوە.

**پ: ئەو شەوەتان چۆن بردە سەر؟**

**و:** وەڵا ئیتر خـەوتین و بـەس، چییـە لـەوێ چێشـتیان بۆمـان ئەهێنا بە سەیارەی زیل، خواردنیان بۆمان ئەهێنا.

**پ: من باسی ئەو شەوە ئەکەم، کە کارەبا هاتەوە هەستتان بەچی کرد؟**

**و:** وەڵا هەسـتمان بـەوە کـرد هـاین لـە شـوێنێکە بـڕوات بـێ مورتاح تر بووین لەوەی تۆپزاوە، چونکە لێرە قەرەباڵغ نییەو کـەس نایەتە سەرماناو هەر خۆمانین و مەجالی ئەوەی تیـا هەیـە دەرچیتـە دەرەوە.

**پ: دەرو دیوارەکــــان هیچـــی لـــێ نووســـرابوو لـــە مەعەسکەرەکەی دووبز؟**

**و:** نا نەمان بینی دیارە وا هەستەکەم ئێمە یەکەم کەس بووینە هاتوینەتە ئەوێ، بەڵێ مەعەسکەر لەوێ بوو پێشتر چۆڵیان کردووە لە بەر ئێمە.

**پ: شەو خەوتان لێ کەوت؟**

**و:** بەڵێ خەوتین، بەس چییە بەسرە خەوتین.

**پ: بۆ بە سرە خەوتن؟.**

**و:** چۆن بڵێین من و خوشکی پیاوەکەم لە گەڵ ژنەکەی ئەمین، رێك کەوتین بە سرە بخەوین، وتمان دوو سەعات دوو سەعات ئەخەوین و ئەوانەی ترمان با بەخەبەر بێ.

**پ: ئا بۆ خۆتان بۆچی بە خەبەر بن و ئەوانی تر بخەون؟**

**و:** بۆ ئەوەی بەخەبەر بین، نەك یەكێ بێتە سەرمان تەعەدایەك لە یەكێكمان بكرێ .

**پ: ئەی لە تۆپزاوە واتان نا کرد؟**

**و:** نا لە تۆپزاوە دەرگا کلیل بوو، حەرەس هەبوو لە دەرگا.

**پ: ئەی لەوێ لە دووبز؟**

**و:** لەوێ دەرگا کراوەبوو، بە کەیف خۆمان دەرگامان ئەکردەوەو دائەخست.

**پ: بە شەویش؟**

**و:** بەڵێ بە شەویش وەك وتم دەرگا کراوەبوو داناخرا، لە دووبز حەرەس لە بەردەم دەرگا نەبوو، خۆمان دەرگامان دائەخست لە هاتوچۆ لە دەوروبەری قاعەکان خۆمان ئازاد بووین.

**پ: ئەتانتوانی هەر وەختێ بتانەوێ دەرگا بکەنەوە؟**

**و:** ئەمانتوانی بیکەینەوە، بچینە ناو حەدیقەو چیمان بوێت، بەڵام هەر لە دەوروبەر قاعەکەی خۆمان.

**پ: کەس شەوان لە دەرەوە ئەخەوت؟**

**و:** نا کەس لە دەرەوە ناخەوت، هەموو منداڵ و ئافرەت بووین، بگرە دەرگاشمان کلیل ئەدا ئەوجا ئەخەوتین، خۆمان ئەپاراست.

## یەکەم وەجبە بووین لە دووبز

**پ: یەکەم وەجبە ئێوەیان گواستەوە بۆ دووبز؟**

**و:** ئا یەکەم وەجبە ئێمەیان بۆ دووبز هێنا، ئیتر دوای ئێمە وەجبە وەجبە ئەیانهاورد.

**پ: هەموو سەربازگەکە دەڵێم، پێش ئێوە کەسی بۆ هاتبوو لە ئەنفالەکان؟**

**و:** ئێمە خەڵکی جەباری، مەملەحە، قادرکەرەم بووین، ئەو ڕۆژە گەیشتینە ئەو قاعەیە، هەموو جەماعەتی قۆڵی قادرکەرەم بووین، قەواڵی دوای ئێمە هاتن، گەرمیانیش دواتر هاتن، ئەمانزانی قاعەی دیکە هەیە لە خوارمانەوە چەند ڕیزە قاعەیەك هەبوو، هەر ڕیزی شەش قاعە بوون، بەوانەی بەرامبەریانەوە دەبوونە دوانزە

قاعـه، چەنـد وەجبـە دوانـزە قاعـەیی هـەبوو، بـەڵام ڕێـك نـازانم ژمارەیان چەند بوو، جەیش شەعبی نایانهێشت بچین بۆ لایان.

تـا خـەجێی خوشـکی ئەحمـەدو قەواڵییـەکان نـەهاتن بـۆ چارەسەری نەخۆشی بـۆ لامـان، نـەمانزانی ئەوانـە خـەڵکی کـوێن، نێوان قاتعەکان دیوار نـەبوو، بـەڵام نەیانئەهێشـت تێکـەڵاویان بـین، تەنها لە کاتی نەخۆشی ئـەهاتن، بـەڵام خواردنمـان یـەك بـوو، ئێمـە تەواو ئەبووین هەمان سەیارەی عەسکەری ئـەچوو بـۆ لای ئـەوان خواردنی ئەدا پێیان.

ئێمـە تـەنها دوانـزە قاعەکـە ئـەمانتوانی یـەکتری ببینـین، قاعەکانمان شەش لەمبەر و شەشیش بەرامبەری بوو، شەوێك هـاتن بە دووامدا، کوڕەکەی جەیران قـادر خـەڵکی سۆفی ڕەزایـە، سێی شەو چووم ناوك منداڵەکەیم بڕی، بە مووس بڕیم، لۆکـەو کەتانیشـم لەگـەڵ خـۆم بردبـوو، سپرتۆشـم بردبـوو، بـە دەزووش ئەمبەسـت، دوایـی حـەبی ئازاریشـم ئـەدا پێـی، بەکترینیشـم دا پێـی بـۆ ئـەوەی ئازارەکەی بشکێت.

**پ: ئەو کەسانەی لەوێ بوون خەڵکی یەك شوێن بوون؟**

و: ئەم سیانزە نەفـەرەی ئێمـە هـەموو کەسـی یـەکتر بـووین، یەك خێزان بووین؟

**پ: نا ئـەوانی تـریش دەڵـێم هـەمووتان، ئەوەنـدەی لـە نـاو قاعەکە بووون پێکەوە.**

**و:** ئەوانی تر خەڵکی جەباری تیابوو، خەڵکی تـەکێی تیـابوو، خـەڵکی شـێخانی تیـابوو، ئەمانـەی گشـتی تیـا بـوو، بـەڵام هـەموو خەڵکی یەك مەنتیقە بووین.

**پ: یـانی ئەوانــەی نــاو قاعەکــەتان، هــەمووتان خــەڵکی دەوروبەری قادرکەرەمبوون؟**

**و:** هەموو خەڵکی دێیـەکانی دەوروبـەری قـادرکەرەمبووین، لەو دەوروبەرە گیرابووین هاوردرابوون بۆ چەمچەماڵ و تۆپزاوە، هەبوو لە جێگای دیکەوە هاتبوو، لەو نـاوە گیرابـوو، کـەوتبووە نـاو ئێمەوە لە هەمان کات و جێگای ئێمە گیرابوون.

**پ: خەڵکی مەنتیقەی سەنگاوی تیابوو؟**

**و:** نا قاعەکـەی ئێمـە خـەڵکی سـەنگاوی تیـا نـەبوو، خـەڵکی خوێڵین و مەملەحەی تیابوو.

## خواردنمان

**پ: ئەو کاتە کە گەیشتنە دووبز تینوو و برسیتان نەبوو؟**

**و:** کە گەیشتینە ئەوێ یەکسەر دوای زیاتر لـە یـەك کـاتژمێر هەر یـەکەی هێلکەیەك و سەموونێك و ئاوو گڵاسێك ماستیان بۆمـان هێنا.

**پ: یەکەم ڕۆژتانە لە دووبز، بەیانییەو لە خەو هەڵستاون، ئەو بەیانییە چیتان کرد؟**

**و:** یەکـەم ڕۆژ لـە خـەو هەڵسـاین، هینیـان بۆمـان هـاورد، جەماعەت جەیش شەعبی سەموونیان بۆمان هاورد، لەگـەڵ پـەنیر، تەنیا سەموون و پەنیر، پەنیرەکە ئەم بلۆکە گەورەکان بوو.

**پ: ئەی نیوەڕوان؟**

**و:** نیمـەڕوانیش بـە زیـل سـەربازی، عەسـکەری چێشـتیان بۆمان ئەهاورد، بە مەنجەڵی گەورە لە سەربازگەی نزیك لێنرابوو، چونکە بە گەرمی ئەگەیشت. (( بە پێی وتـەی بـەکر حەمـە حەسـەن لە دایك بووی 1968 خەڵکی گوندی قـادر ئـاوا لـە معەسکەر قیتـال دووبـز سـەرباز دەبێـت، لــە مەتبــەخی سـەربازگەی ئەوانــەوە خواردنیان بۆ چووە، سەربازگەکەیان نزیـك بـووە لـە زیندانەکـەوە، تەنانەت لەناو سەربازگەکەی خۆیانەوە تەنافی جلوبەرگیانی بینـووە و ڕەنگی جلوبەرگەکانی جیا کردۆتـەوەو گـوێی لـە دەنگیـان بـووە، خۆیشــی چەنــد جارێــك بەشــداری لــە دابەشـکردنی خواردنەکــە کردووە، بەڵام تا ئێستا ئـەم زانیارییـە لـە کەسـی تـرەوە پشتڕاسـت نەکراوەتەوە - عەلی)).

**پ: چێشتەکە چی بوو؟**

**و:** چێشـتەکان گۆشـت بـوو، شـلەی سـپێناغ، بـامێ، پەتاتـە، فاصولیا، لە گەڵ گۆشتەکەیاو لـە گـەڵ برنجـا، بـەڵام تـا خـوا حـەز

بکات خراپ و پیس و بێ لەزەت لێیان نابوو، زۆر ناخۆش بوو، ناچار بووین دەبوایە هەربیخۆین.

**پ: ئەی قاپ و قاچاغ؟**

**و:** ئێ ئەوان دایان پێمان، بە هەموومان قاپێکی گەورەیان دا، ئەمانبرد، برنجەکەیان لە لایەکەوە تێئەکرد، لە لایەکی تریشەوە گۆشتەکەیان ئەکردە بانی، ئەگەر گۆشت نەبوایە، مریشك جار واش هەبوو، نە گۆشت هەبوو نە مریشك، تەنها شلە و برنجیان بۆمان ئەهاورد.

**پ: ئەی ئێواران؟**

**و:** ئێوارانیش هەمان شت، هەر شلە و برنج.

**پ: هەر خێزانی لە ناو یەك قاپی قزعە بۆتانیان تێدەکرد؟**

**و:** بەڵێ یەك قاپ.

**پ: کەوچکیشیان دابوو پێتان؟**

**و:** هەر کەسێك کەوچکێکی وەرگرتبوو، بزری بکردایە نایان دایەوە پێی، دەبوایە بە دەست خواردنی بخواردایە.

**پ: کە ڕەمەزان هات، خواردنەکانتان فەرقی کرد لە دووبز؟**

**و:** نا نا عەینەن خواردن بوو، بەیانیان جگە لە پەنیر هەندێك جار هێلکەیان پێمان ئەدا.

**پ: ئەی ئەڵێن ژن هەبووە لەوێ تەنووری بۆ خۆی دروست کردووە؟**

**و:** ئـــا ئـــا تەنووریشـــیان دروســـت کـــرد، مەســـەلەن ئـــەو سەموونەی ئەیاندا پێمان ناوەکـەی هـەر هـەویر بـوو، توێکڵەکـەمان ئەخوارد، ناوەکەشی خۆمان ئەمان کردە پەپکـەی خـڕ، بـە تـەنوور ئەمان برژان و ئەمانخوارد.

**پ: ئەی دەڵێن هـەبووە برنجی وشکەوە کردووە بۆ کـاتی ئیحتیـات، تەنانـەت برنجـی وشـەکەوە کـراوی دووبـز گەیشـتۆتە زیندانی نوگرە سەلمان.**

**و:** ئا ئا هەبوو هەر کەس بە کەیف خۆی جار وا هەبوو هەر ئەو ناو سەموونە شەکرمان تێکەڵی ئەکرد .

**پ: کەواتە ئەو سەربازگەیەی ئێوەی تیـا بوونـە، ئـەرزاقی لە جەیشەوە بۆ هاتووە، ناوخۆی ئیدارەی بە دەست قاتعی جەیش شەعبییەوە بووە، بەڵام لە ژێر بەرپرسیاری ئەمندا بووە.**

**و:** وایە.

**پ: بۆچی شەکرتان تێکەڵی ئەکرد؟**

**و:** بۆ ئەوەی پێمان بخورێت، وەك کولیچەمان لێی ئەکرد، بە تەنیا ناخورا.

**پ: شەکرتان لە کوێ بوو؟**

**و:** دەمـانکڕی، جـاری وا هـەبوو جـەیش شـەعبییەکان نیـو فەردەیان بۆمان ئەهێنا، بە قوتی لە ناو قاعەکە دابەشمان ئەکرد.

**پ: شەکرو چاو سابوون و تایتیان ئەداپێتان؟**

**و:** شەکرو چای نەبوو نایان دا پێمان، خێزان خێزان تایت و سابوونیان ئەدا پێمان، بەڵام زۆر کەمبوون بەشیان ناکرد.

## مردن

**پ: کەی مردن دەستی پێکرد؟**

**و:** هەر هاتین هەفتەی یەکەم بە دواوە دەستی پێکرد، دوایی کەمترەوە بوو، کەمە چارەسەرێکمان ئەکرد، ڕۆژ وا هەبوو 4 بۆ 5 منداڵ ئەمردن، ڕۆژی واش هەبوو هیچ نامرد، دوایی چارەسەرکردن دەستی پێکرد، کەمێك کەمی کرد، بەڵام هەر بەردەوام بوو.

**پ: لە کوێ ئەیانناشتن؟**

**و:** دوای ئەوەی لە ماڵ موختار کفن و دفن ئەکرا و ئەشۆردرا پاك و تەمیز، ئەوجا لە قەبرسانەکە لە گۆڕیان ئەنا، لە سجنەکەوە دیار بوو، هەندێکیان لە بەرزاییەك لە قەبر نا، قەت لە پیاوەتی موختارو ئەوانەی یارمەتییان ئەدایِن و ئەوانەی مردووەکانیان ئەشوشت دەرناچین، ورەیان ئەدا پێمان، لە پشتمان بوون دووبزییەکان، لانی کەم سەت و هەندێك زیاتر مەیتیان ناشت.

**پ: کاتێ منداڵێك ئەمرد، کەسێك ئەمرد، تەعزییەتان بۆی دا ئەنا؟**

**و:** وەڵا خاوەنەکەی ئەگریا، ئەچوومان بۆ لای دایکەکەی، بەڵام ئەوەندە زۆر بوو مردن بووبووە ئاسایی.

**پ: ئەی جەیش شەعبییەکان و ئەمنەکان پێیان ناخۆش نەبوو؟**

**و:** لە ناو سجنەکە ئەمن تەداخولی ناکرد، بەس جەیش شەعبی بوو، ئەوانیش قسەیان ناکرد.

**پ: ئەدی مەراسیمی ئاینی بەڕێوە دەچوو بۆ مردووەکان؟**

رەسمییە: مەراسیمی ئاینی بۆ مردوان نەبوو لە ناو زیندانەکە، نایان هێشت دایکیان لە گەڵیان بچێت بۆ لە گۆڕنانی منداڵەکانیان، دایکیان تاکو ماڵ موختارەکە دەڕۆیشت، ژنێکی دیکەش وەك یاوەری دەچوو لەگەڵیا، بەڵان نایان هێشت بۆ ناشتنیان بچن، ئیتر نازانین لەوێ مەراسیمە ئاینییەکان وەك تەڵقین و قورئان خوێندن و نزاکردن هەبووە یان نا تەنها شاردنەوە بووە، لە ناو سەربازگەکە هیچ نەبوو جگە لە سینگ کوتان.

**پ: ئیدارەکە زیندانەکە بە دەست ئەمنەوە بوو؟**

**و:** نازانم بۆ ئەمن ناهتنە ناومان، ئەمن هەر ئەمنە لە کوێ بێت، ئیشی خۆی بە نهێنی ئەکات، بەس جەیش شەعبییەکان موتەئەسیر ئەبوون، بە خوا ڕۆژێکیان جەیش شەعبییەك هات ئەوەی وا ماستەکەی هێنا بۆم وتی شێخیە، ئاخر بە منیان هەر ئەوت شێخیە، گشتیان هەموو وا بانگمیان دەکرد، ئامر قاتعەکە بە ناو خۆمەوە بانگمیان نە ئەکرد، هەر ئەیانوت شێخیە، وتی شێخیە

بە خوا باسی شتێکت بۆ بکـەم، موعجیزەیـەك وتـم چییـە باسـی کـە، وتی کوڕەکەم عەسکەر بووە لە رەبییە بووە، وتی سێ کـەس بوونـە لە رەبایەکە، دێیەك هەبوو ئیتر دوور بووە نزیك بووە، وتـی سـەیر ئەکا سەگێك بەرەو پیرییان دێت، شتێك هـا بـە دەمیـەوە، وتـی هاتـە نزیکـەوە سـەیر ئەکـەین منداڵێکـە، قۆنداغـەی منداڵەکـەی گرتـووە، منداڵەکـە واقـەواقێتی، قاچـەکانی ئـەجووڵێنێ و ئـەگری، تومـەز لـە ئەنفالەکـە بەجێیانهێشـتووە، ڕۆیـی بـوون منداڵەکـەیان جێهێشـتبوو، سەگ ئاواییەکـەش زانیویـەتی ئەمانـە بەشـەرن ڕێـك هـەڵیگرتبوو، وتی هاوردی لە بەردەم کوڕەکەی مـن و دوو نەفـەری تـر داینـاوە، وتـــی: دواتـــر ســـەگەکە کـــەمێك دوورکەوتـــەوەو قنچکـــی داوەو ســـەیرمانی ئـــەکرد، ئـــەوانیش شـــەکرو ئاویـــان تێکـــەڵ کردبـــووو کردبوویانە دەمییەوە، وتـی حـەتا سکی تێـر بـوو هـەر شـەکراویان دابوو پێی، وتیشـی خۆشـی پیس کردبـوو، بـە هـەر شـێوەیەك بـوو پاکیـان کردبـووەوە، سـەگەکەش کـە زانیبـووی ئـەمان خـەریکی منداڵەکەن، گەڕابۆوە ئـاوایی. منـیش وتـم ئـەی چییـان لـە منداڵەکـە کرد، وتی تەسلیم جەیشیان کرد، ئیتر بزانە کـێ منـداڵی نییـە، ئـەیبا بۆ خۆی بزانە ئەیبەن چی لێ ئەکەن و ناکەن نازانم.

**پ: لە ناکاو منداڵێك دەمرد، چیتان ئەکرد؟**

**و:** کە منـداڵێك ئـەمرد، ئەچوومانـە تـەك دایکـی دائەنیشـتین، دڵیمان ئەدایـەوە، ئیتـر ئەیانپێچایـەوە بـۆ لای موختارەکـەی دووبـز ئەیانناشت.

**پ: نا نا دوایی کە دەهاتەوە بۆ قاعەکەی خۆی؟**

**و:** ئێوەڵا ئەگریا، بەڵام چونکـە ئەمـە بـەردەوام بـوو، شـتەکە لای هەمووان تەبیعی بوو، ژنێك مەرێمی ناو بوو ((مریەم ئەحمـەد محەمەدخان، ساڵ لە دایك بـوون 1960 ، هـاووڵاتی گونـدی فـەقێ مسـتەفا- گونـدی فـەقێ مسـتەفا لـە مەرگـە سـاتی ئەنفالـدا- سـەعید ئیسماعیل حسێن 2021- چاپخانەی کارۆ-عەلی)) سێ منداڵی لەوێ مردن، مردن بووبووە ڕووداوێکی ئاسایی.

**پ: منداڵێك هیلاك بوایە نەیانەبرد بۆ خەستەخانە؟**

**و:** نـــەوەڵا خەتـــەریش بوایـــە، بـــە زۆری نەیانئـــەبرد بـــۆ خەستەخانە.

**پ: چۆن مردووەکەیان ئەبردە دەرەوە، ئەیانکردە بان چـی؟ بە چی ئەیانبرد؟**

**و:** جەیش شەعبییەك ئەیکردە باوەشی لەگەڵ دایکیا ئەیانبرد.

**پ: هەندێ جار باسی ئەوە دەکرێ، منداڵەکە زینـدوو بـووە کە لە دایکیان وەرگرتووە دوایـی وتوویانـە مـردووە، ڕووداوی وا لای ئێوە ڕوویدا؟**

**و:** ئەوە لە دووبز نەبووە، ئیتر نازانم لە شـوێنی تـر شـتی وا ڕوویدا بێت، چونکە ئەو موختارەی دووبز زۆر پیاوێکی چاك بوو، زۆر ڕێکوپێك بوو، قەت ئەو شتانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆمان باس نەکردووە، چونکە ئەو مردووانە گشتی ئەچوونەوە بەردەستی ئـەو،

گشتی لە ماڵی موختار ئەشۆراو دوایی پاکوتەمیز لـە گـۆڕ ئـەنران، ئەوەی گەیشتبێتە دەست دووبزییەکان شتی وا ڕووی نەداوە لێیان.

**پ: چۆن وا ڕێکەوت ئەمانە هەمووی بچنە ماڵ موختار؟**

**و:** وەڵا ئیتر خۆیان ئەزانن، تەنسیقیان بە یەکەوە بووە و ماڵ موختاریشە.

**پ: ئـەدی زۆر بـاس ئـەوە ئـەکرێ ئـەم منداڵـە حـەزی لـە خەیار بووە نەعلیان داوە پێی، چیرۆکی وا زۆر ئەخوێنمەوە هـەم لە دووبز، ئێستا هەم لە نوگرە سەلمانیش باس دەکرێت، بۆ تـەنها خەیار؟**

**و:** وەڵاهی من ئەوەم لە دووبز بە چـاو خـۆم نـەبینیوە، باسـی ئەو خەیارە نەمبیستووە، ئێستا وەك ئێوە لە کەناڵەکانەوە دەیبیستم.

**پ: ئەمەت نەبیستووە لە زیندان، ئـەی تـۆ دەواو دەرمانـت نادا بە خەڵك، ئەڵێن منداڵەکە نـەخۆش بـووە ئـارەزووی چووەتـە سەر خەیار، شتێکی لەو بابەتە؟**

**و:** دە بە قورئان مـن نـە بیسـتوومە و نەمبینیومـە، ئـەو کـات باسیانیش بۆم نـەکردووە، لـەو قاعانـەی ئێمـە ڕووی نـەداوە، ئێسـتا ئەبینم لـە تەلـەفزیۆن وا باسـی ئەکـەن، ڕاسـتە منـداڵ زۆر ئـەمرد، نەخۆش ئەکەوتن، تووشی نـاڵێم دیزانتـەرا و سـوورێژەو نەخۆشـی دیکـەش هـاتبوون، زۆر برسـییان بـوو، چارەسـەری بـاش نـەبوو، نەخۆشـە هیلاکـەکان زۆربـەیان چاویـان زەق ئـەبوو بـۆ سـەرەوەو دەست و قاچیان باریك ئەبووەوە، دەم و لووتیان ئەقوپا، هەبوو بـەو

شێوەیە سێ تا چوار ڕۆژ بە گیاندانەوە بوو، ئینجا ئەمرد، هەبوو پێستی وشکەوە ئەبوو، ئەڕشایەوە، سکی خراپ ئەچوو، ئەمانەو شتی تر هەبوو، بەڵام ئەوەنەی من لە دووبز بووم، چونکە بە گشتی 24 بۆ 25 ڕۆژ لەوێ نەبووم، هەروەها قاعەکان پێشەوە، بزانە چەندی دیکە هەبووە، من لای خۆمان نەمبینیووەو نەمبیستووە.

ئیتر من ئا بەو شێوەیە هەنێ ماست و هەندێك جار پسکیت و ئەم شتانەم لەگەڵ چارەسەری هاکەزایی سەرەتایی ئەدا پێیان، ئەوەی بۆمیان ئەهاورد، هەر ئەوەندە ئەزانم، ئەوانەی ترم نەبیستووە و نەبینیوە.

**پ: لە قاعەکەی ئێوە چەند منداڵ مردن؟**

**و:** لە قاعەکەی ئێمە دوو منداڵ مردن، یەکیان خەڵکی لای زەڕایەن و ئەو ناوە بوو، ئەوی دیکەیان منداڵی ژنێکی بەخشراو بوو بە ناوی نەجمە، منداڵەکەی چەند رۆژ گیانی دەدا، رووحەکەی تەسلیم نابوو، ژنەکەش هیچی نازانی، ناسنامەی باوکیان خستە سەر دڵی دووایی منداڵەکە مرد.

نەجمە بەخشراو بوو ئێمە خزمەت منادڵەکانیمان دەکرد، ئەسپێ لای نەجمەوە لە سەر زەوییەکە رێی دەکرد، سەعدییەی کچی کاك عەزیز بردی پاك شوشتی پاکی کردەوە ئیتر ئەسپێی نەما، لە زیندانەدا ئەو شەش مانگە سەعدیە کچی کاك عەزیزی برای ئەحمەد هاوسەرم خزمەتکردنی نەجمەو منداڵەکانی گرتبووە

ئەستۆ، ئەسپێ یەکێک لە هۆکارەکانی نەخۆشی بوو لە زیندانی دووبز.

( سەبارەت بە ئەنفالکراوانی ناوچەی زەڕایەن هەموو لە سەرەتادا لە گوندی کانیمیل بە کەفالەت ئازاد کراون وەك ئەنفالکراوانی ناوچەی دوکان و دەربەندیخان، دوواتر بانگ کراون لە لایەن موختارەوەو ئەنفالکراون و بردراون بۆ تەوارییەکەی شاری سلێمانی و دوواتر سەربازگەی تۆبزاوە.

تەنها گوندی کانی هەنجیری سەر بە زەڕایەن **65** کەسیان ئەنفالکراون، لەو ژمارەیە **15** کەسیان نەگەڕاوەتەوە، هەروەها چەند منداڵێکیان لە سەربازگەی دووبز لە دایك بوونەو چەند دانەیەکیش لەوێ مردوونە.

پیرۆزمەحمود یەکێکە لە ئەوا کچێکی لە دووبز لە دایك بووەو هەر لەوێ مردووە, بەهۆی نەبوونی جل و بەرگ و هەوای پانکە, عەتاو فیدای لە گەڵدا بووە, هاوسەرەکەشی مەحمود ئەحمەد حەمە خان ئەنفالە, فەریدە حەمە سەعید هاوسەری حەمە کەریم حەمەدەمین سێ منداڵی لە گەڵ بووە شلێر و سەحەر و شۆخان. فەریدە خەڵکی گوندی کۆرەی دوو ماڵەیە, کوڕێکی لە زیندان لە دایك بووەو دوواتر لە دووای ئازادبوونی مردووە, بۆ خۆشی ژیان ئاوایی کردووە. ئەمان هاوولاتی گوندەکانی کانی هەنجیر و گوندەکانی نزیك زەڕایەنن, لە قاعەی رەسمییە بوونە و ئەو ناوکی ئەم دوو منداڵەو منداڵەکانی دیکەی برشیووەو لە گەلچیان چۆتە نەخۆشخانە -عەلی مەحمود. ).

## خۆ شووشتن

**پ: لە ڕووی ئاو و خۆشووشتنەوە چۆن بوو؟**

**و:** ئاو بۆڕی هەبوو لەوێ، چونکە مەعەسکەر بوو، لەوێ ئاومان ئاسایی بوو.

**پ: ئاویان لێتان نەگرتبووەوە؟**

**و:** نا نەوەڵا،خۆشۆرینشمان چوار دارمان لە زەوییەکە چەقاندبوو، بەتانیمان بە دەوریا دابوو و لە ناویا خۆمان ئەشووشت، ئەوەمان کردبووە حەمام بۆ خۆمان، تەنافیشمان درووست کردبوو، ئەو بەرگەی ئەمانشووشت لە بەر خۆرەتاوەکە هەڵمان ئەخست.

**پ: ئەی بەتانیتان لە کوێ بوو؟**

**و:** ئەی شەش بەتانیان بۆمان هێنابوو، ئێمە ئەوەمان کرد، ئەوەی خۆی بشۆرایە لە قاعەی یەکەم و دووهەم و سێهەم حەتا قاعەی شەش، ئەوەی خۆی بشۆردایە ئەچوو لەوێ خۆی ئەشۆری، مەنجەڵێکی گەورەی فافۆن کەوتبوو لەوێ بە دار ئاویان تیایدا گەرم ئەکرد و ئەیانبردە ژوورەوە خۆیان پێی ئەشۆری.

**پ: دار بۆ ئاو گەرم کردن دەست دەکەوت؟**

**و:** کورە دار ئەمەنە زۆر بوو بە خوا ئەو خەڵکە نییە ئەو دارە زلە نییە بنکەنەی ئەکرد، بنکەنەیان ئەکردو پاڵێکیان پێوە ئەنا ئەیانخست، هەروا ئامر قاتع و ئەمانە سەریان سووڕمابوو لێمان، ئەیانوت ئەمە چییە؟ وەك کرم ئەنووسیان پێوەی، دارەکەیان کوت کوت ئەکردو ئەیانبردو ئەیانسووتاند.

**پ: بە چی؟**

**و:** نازانم بە چی ئەیانکرد.

**پ: ئەدی حەمامی فەرمی نەبوو لەوێ؟**

**و:** حەمام نەبوو، بەڵام خۆمان ئیش خۆمان دەبر کردبوو بۆ خۆمان.

**پ: ئەدی سەر ئاوی؟**

**و:** هەر 12 قاعە، چوار سەرئاوی هەبوو بۆ هەمووی.

**پ: نزیك 2000 بۆ 2500 کەس تەنها 4 سەرئاوی؟**

**و:** هەر ئەوەندە بوو، منداڵ دەچوونە ئەو دەشتودەرە.

**پ: کێ ئاودەستەکانی پاك ئەکردەوە؟**

**و:** هەر خۆمان پاکمان ئەکردەوە.

**پ: باشە 4 ئاودەست بەشی ئەو هەموو خەڵکەی دەکرد، بە تایبەت منداڵ هەموو سکیان دەچوو؟**

**و:** ناڵێم منداڵ لەسەر زەوییەکە دەستیان بە ئاو ئەگەیاند.

## مامانی

**پ: لە دووبز کەس هەبوو مامانی سەرەکی منداڵ بوون بێت؟**

**و:** نا بەس من بووم لە قاعەکان خۆمان.

**پ: لە دووبز کەس بە فەرمی مامان بوو؟**

**و:** نا، هەموو قاعەکان ژنی بە تەمەنی دنیا دیدەی تیا بوو، دەیانزانی ناوك منداڵ ببڕن دەیان بڕی، ئەگەر ئەو قاعەیەش بە

ڕێکەوت ژنێکی تیا نەبووایە بیزانیایە ناو منداڵ ببڕێت ، ئەوا لە قاعەکان نزیکییەوە ژنێکیان بۆی دەبرد، ئەگەرتەنگاویش بووایە دەیانبرد بۆ خەستەخانەکە.

**پ: بە قسەی تۆ بێت هەر قاعەیەك مامانی تایبەتی خۆی هەبووە؟**

**و:** ئیتر ئێمە 12 قاعە بووین، شەش بەم بەرەوە و شەش بەو بەرەوە، ئەم دوانزە قاعەیە من مەسئول بووم لە گشتی، لەمانە تەنها من مامان بووم، کەسیتر نەبوو، نازانم قاعەکانی تر، وەجبەکانی تر، دوایی کە ئازاد بووین لە زیندان، بە فەرمی ئیجازەی مامانیم لە شاری کەرکووک وەرگرت.

**پ: باسی ئەوەت کرد مامانیت بۆ دوانزە قاعەکردووە، ئایا مامانی تر هەبوو لە قاعەکان دیکە؟**

**و:** نازانم هەبێ نەبێ من لە قاعەکان ژورتریش ئەهاتنە شوێنم، جیش شەعبی ئەهاتنە شوێنم، بەڵام ئاگام لە مامانی دیکە نییە نەمبیستووە هەبوو بێت .

**پ: پێشبینی ئەکەی لە وەجبەی تۆدا، واتا لەو دوانزە قاعەیەی باسی دەکەیت، بە هەمووی چەند منداڵ لە دایك بوو بێت؟**

**و:** وەڵاهی لەو وەجبەیەی من، وەکو خۆم ئەزانم سیان لە قاعەکەی خۆمان، نەسرین و عەتیەو نوسرەت لە قاعەکەمان

مناڵیان بوو، هەر سێکی من ناوکیانم بڕی، هەرسێکیان منداڵـەکانیان دوای گەڕانەوەیان زۆر بە داخەوە مردن.

**پ: تەسەوەر ئەکەی لە دووبز بە گشتی هەموو چەند منداڵ لە دایك بووە؟**

**و:** بە گشتییەوە لەو دووبزە نازانم شەش بوو حـەوت بـوو لـە دایك بوو ئەوەی من بزانم.

**پ: هەموو دووبز؟**

**و:** ئا هەر دوانزە قاعەکەی من مەسئولیان بووم.

**پ: ئەی باسی ژمارەی سەد و زیاتریش دەکرێ؟**

**و:** چی نازانم وەڵا، نازانم خەڵکی تر منداڵی بووبێت، ئـەوەی من بینیم هەر ئەوەنە بوو بە خوا، بە دوانزە قاعە بێت هـەر ئەوەنـە بووە، مەجموع با سێ بۆ چوار ئەوەندە بووبێت.

**پ: ئێ چۆن ئەبێت، خۆت دەڵێیت 7 هەزار ژن ومنداڵی لـێ بووە؟**

**و:** ئێ بۆ نابێت خۆ هەر لە ژن پێك نەهاتبوو، منداڵی تێدایـە، زۆربەی ژنەکان چەندین منـداڵیان پـێ بـوو، کچـی تێدایـە پیرەژنــی تێدایە، هـەبوو لـە نیـوەی ڕێ منـداڵی ئـەبو، بێـوەژنی تیایـە، قـەیرە کچی تیایە، زۆریشی هەر سکی نەبوو.

**پ: هەبوو لە ڕێگا لە دایك بووبێت؟**

**و:** ئەرەوەڵا لەوێ بوو ئەهات ئەیوت منداڵەکـەم لـە ڕێگـا لـە دایك بووە.

**پ: بە بۆچوونی تۆ تەقریبەن هەموو چەند منداڵ لە دایک بووە، ئەوەندەی لە دووبز زیندانی بوون.**

**و:** وەڵاهی ئامارم لانییە، دوانزە قاعەکەی خۆمان دەزانم، قسمێکیان ئەبرد بۆ نەخۆشخانە.

**پ: هەبوو شتی وا؟**

**و:** ئا ئا من خۆم لەگەڵ نەخۆش چوومە بۆ خەستەخانە لەوێ منداڵی بووە.

**پ: بە چی ناوک منداڵت ئەبڕی؟**

**و:** بە مووس.

**پ: منداڵ لە دایک دەبوو جلوبەرگتان چۆن بۆی دابین دەکرد؟**

**و:** بە کەتان، ژن هەبوو جل و ژێر کراس و کراس خۆی ئەدڕی بۆ منداڵەکەی دەیکردە بەرگ، بە بەکرە و دەرزی، دەزووی ڕەش و سپی بەرگیان بۆیان دروست ئەکرد، جەیش شەعبی مەقەسیشی هێنابوو بۆمان بە پارەی خۆمان.

**پ: شیرو خواردنی ئەو منداڵە تازە لە دایک بووانە چی بوو؟**

**و:** تا بەیانی دەگریان، بۆ منداڵەکانی عەتیە و نسرەت، جەیش شەعبییەکان دوو قوتی شیرو مەمە شووشەیان هێنا، بە ئاوی سارد شیریان دەگرتەوە، ماستیان وەردەگرت بە ماست گەورەیانیان دەکرد، شیر زۆر کەم بوو.

**پ: ژنان شیریان هەبوو بیدەن بە منداڵەکانیان؟**

**و:** شیریان کەم بوو، خەفەت و ڕاچڵەکین کاریگەری هەبوو، چونکە شیر کەم دەکات، خواردنی شیرینیش نەبوو بیخۆن، شیرینی بۆ زۆر بوونی شیر باشە، بەڵام نەبوو.

**پ: ئەو منداڵانەی لە دایك دەبوون کێشەی چییان هەبوو لەوێ؟**

**و:** موشکیلەی شیریان هەبوو، چونکە دایکیان خەفەتی ئەخوارد، شیریان نەبوو، ئیتر منیش بە جەیش شەعبیەکانم ئەوت بۆیان بێنن، بەڵام تاقوتوق دەهات، کەم بوو، بەشی ناکرد، منداڵ هەبوو تاکو لەوێ بووین شیر نەچووە سەر دەمی.

**پ: ئاوو خواردنی ئێوە لە چاو نوگرە سەلمان های لایڤ بووە، ئیتر ژنەکان بۆ شیریان کەمبووە؟**

**و:** ئەزانی چۆن بوو، دایك هەیە هەر لە بنەڕەتەوە شیری نەبوو، دایك هەیە دا ئەچەڵەکێ لە داچەڵکینەوە شیری نامێنێ وشکی دەکرد، خواردنیش هەر نانی تێربوون بوو، خواردنەکە خراپ دروستکرابوو، خەفەتیش لەو سەرەوە بووەستێ.

**پ: ئەبێت بە داچەڵەکین شیر نەمێنێت؟**

**و:** ئا ئا شتی وا زۆرە، ئا ئیتر هەندێك جار شیرمان بۆ ئەکڕی ئەماندا پێی، ئەو منداڵانەی لەوێ لە دایك دەبوون هێواش هێواش زۆربەی زۆریان مردن بە نەخۆشی و برسێتی.

**پ: کێ شیری بۆ دەکڕی؟، ئەگەر پارەی پێ نەبوایە؟**

**و:** لـه قاعـەکان تـر نـازانم، لـە قاعەکـەی خـۆم دوو جـار لـە دووبز و تکریت کرِیم بۆیان. تەنها دووجار بۆیانم کـرِی نزیـك ئـەو شەش مانگە، ئەوە هیچ نییە.

**پ: ئـەی لـە دووبـزەوە خێرەومەنـد شـیریان نانـارد بـەخێر بۆیان؟**

**و:** من لە قاعەکەی خۆمان هیچم نەبینی.

**پ: باسی برِینی ناوك بە بەرد دەکرێت لە دووبز؟**

**و:** نا لە ناو دووبز نـەبووە، بـەڵام مـن دوانـزە رِۆژ بـرام بـۆ ئەمنی کەرکووک، دوایی نەقڵ کراین بۆ تکریت نازانم لـەو کاتانـە، دەشێت لەو کاتە رِوویدا بێت، بەڵام بە چاوی خۆم ئەوەم نەبینیوە.

## پەرستاری

**پ: ئەی بۆ نەخۆشی، دکتۆر بۆ چارەسەریتان ئەهات؟**

**و:** یەکەم جار دکتۆر هات بـۆ لامـان، ئـەوەی موزەمیـد بـوو لەگەڵ دکتۆرەکە، خەڵك گەرِەکی حورِییەی شاری کەرکووک بوو، من ناسیم ناوی سەرکەوت بوو، برای باجی عاسییە بـوو، پێم وت: تۆ برای فلان کەسی، وتی بەڵێ.

**پ: ئەی دکتۆرەکە چی بوو ئەویش کورد بوو؟**

**و:** نا ئەو عەرەب بوو.

**پ: موزەمیدەکە هاوکاریتانی دەکرد.**

**و:** که بینیم به نهێنـی پـێم وت: هاوکـاریم دەکـەیت، وتـی تـۆ کێی؟، وتم من نامـەت بـۆ بنووسـم ئەیبـەی بـۆم بیدەیتـه دەس بـاجی عاسییه، بیداته دەست خوشکەکەم، وتی: بینووسه ئەم جاره هاتمـەوه حازری بکه، بیکه ناو لوولەی دەرمان ئەیبەم بۆت.

**پ: ئەتانتوانی به ئاشکرا قەڵەم قاقـەز بگرنـه دەستتانەوەو نامه بنووسن؟**

**و:** نا به دزییەوه ئەماننووسی، به ئاشـکرا کـەس قەڵـەمی پـێ نەبوو.

**پ: ئەتتوانی یان نا، ئەگەر نا، بۆ ناتانتوانی؟**

**و:** ئـێ نەمانئـەتوانی نەیانـه هێشـت، قبوڵیـان نـاکرد، نامـان ئەوێرا، قەڵەم زۆرمەمنوع بوو پێت بێت، هەنـدێك بـه قەڵـەمی چـاو نامەیان ئەنووسی.

**پ: کێ چاودێریتانی ئەکرد؟**

**و:** هـەر هینەکـەی نـاو خۆمـان، ئـەیانوت ئـەرەوەڵا بـاجی ڕەسمییه نامەیەکی نووسـی، بـا ئێمـەش نامەیـەك بنووسین، شـتەکه بڵاو ئەبووەوە، بۆیه به دزییەوه ئەماننووسی.

**پ: یەعنی به ئاشکرا کەس نەیئەتوانی نامـه بنووسێ، یـان شتێك بنووسێت بۆ خۆی؟**

**و:** نامه نووسین قەدەغه بوو.

**پ: کەس هەبوو قەڵەمی پێبێت؟**

**و:** من قەڵەَمم پێ بوو، خەڵکی تریش هەبوو، زۆریش قەڵەم چاوی پێ بوو، نامان وێرا لە جەیش شەعبییەکان داوای قەڵەم و کاغەز بکەین، ئەوانیش نایانوێرا بۆمان بهێنن.

**پ: قەڵەمەکەت لە کوێ پەیدا کرد؟**

**و:** لە کەریم باسامەوە قەڵەمم پێم بوو.

**پ: دکتۆرماوەی چەند ڕۆژ جارێك دەهات؟**

**و:** دکتۆر بە هەمووی چوار جار هات.

**پ: ئەی پەرستارو دەرزی لێدەرو برینپێچ و ئەو شتانە ئەوان نەبوون؟ کە زۆربەی ئەوانەی ئەوێش ژن بوون و پێویستیان بە کەسی ژن بوو بۆ چارەسەرکردن؟**

**و:** وەك وتم دکتۆرێك عارەب و مزەمیدێك ناوی سەرکەوت بوو، برای باجی عاسییە ئەوان دەهاتن تەنها، کەسی دیکە نەبوو.

**پ: ئەی ئەڵێن تۆ لە دووبز دەرزیشت لێ داوە؟**

**و:** ئاخر بزانە چۆن دەرزیم لێ داوە، ئەو دکتۆرە نەبوو وتم هات، وتم بابە تۆ دێیت بۆ ئێرە بۆ دوو کاتژمێر، دوو سەعات بۆ 7 هەزار کەس چییە، وتم بڕۆ پێیان بڵێ بە کێ ئەڵێی بەرپرسە کێیە، پێیان بڵێ ئەم دەواو دەرمانە دەیهێنی دوای دوو سەعاتەکە ئەمینێیتەوە هەمووی بۆ من جێبێڵە.

**پ: چییان ئەهێنا ؟.**

**و:** ئەمجا چییان ناهێنا، ئەنواع دەرزییان ئەهێنا، ئەنواع حەبیان ئەهێنا، لەفاف و معەقەم و موغەزی و..تاد.

**پ: یەعنی چارەسەری پزیشکی هەبوو لە دووبز؟**

**و:** بە خوا سرنج بە کارتۆن ئەیانهێنا، ئەوە نەبێ بیکولێنێ پێی لێ بدەیتەوە، هەر سرنجێك دوای لێدان وەك ئێستا فڕێت ئەدا، ئەوانەیان ئەهێنا، بۆ بەیانی بە قسەمیان کرد، گشتیان جێهێشت لای من، بە جلیکان سپرتۆیان جێهێشت، ئینجا من هەستام لە دیوی دەرەوەی قاعەکە سەکۆیەك هەبوو، شتەکانم برد لەوێ دامنا، ئیتر وەجبە وەجبە نەخۆشیان ئەهێنا بۆ لای من، لە کوێوە ئەیانهێنا، لە قاعەی ژوورەوە .

**پ: هەر لە قاعەکەی خۆتان یان لە هەموو قاعەکان؟**

**و:** لە هەموو قاعەکان بڕوات بێ (رەحمە، سەعدی، خەلات، کەژاڵ) ئەمەنە بەس دەرزییان بۆ من ئامادە ئەکرد لێدانەکەی خۆم لێیانم ئەدا.

**پ: شەوو ڕۆژ، یانی کاتی دیاریکراو؟**

**و:** شەوو ڕۆژ، بەیانی تا ئێوارە، نەدەپرژام نانیش بخۆم.

**پ: کاری لە ناکاویش هەبوو وەك فریاکەوتنی خێرا، یان ژانێکی کوتوپڕ بهاتیەتە پێشەوە؟**

**و:** بەڵێ سێی شەو هەڵمیانئەساند. بەخوا شەو و ڕۆژ دوو سەعات کەمتر ئەخەوتم، هەر خەریك بووم، جاری وا هەبوو بە دەم خەوەوە هەڵمیانئەساند، جاری وا هەبوو نانیشم ناخوارد، نا پرژامە سەر نانخواردن، تیکە لە ناو دەمم بوو بانگمیان ئەکرد.

**پ: ئەدی چوار منداڵەکەت چۆن بەخێوکرد؟**

**و:** منداڵەکانم بۆ خەڵات کچە گەورەکەم بەجێهێشتبوو، ئەو نەبوایە ئەم هەموو ئیشەم پێ ناکرا.

**پ: ئەمە تاکەی بەردەوام بوویت؟**

**و:** ئێمە چوار مانگ و 20 ڕۆژ لەوێ بووین، هەموو کاتەکە بەردەوام بووین لەسەر ئەمە، موغەدیم بۆیان هەڵئەواسی، ئەوەی پێویستی بە دەرزی بوایە دەرزیم لێ ئەدا، ئەوەی پێویستی بە حەب بوایە، حەبم ئەدا پێی، کورە چی بڵێی ئەمکرد.

**پ: هەر لە خۆتەوە ئەمانەت ئەکرد؟**

**و:** نا نا بۆمیان ئەنووسی لە سەری، ئەمە بۆچی باشەو هەموو دەرمانەکان پزیشکەکە لە سەریان بۆمیان ئەنووسی.

**پ: بە کوردی ئەیاننووسی لە سەری، یان بە عەرەبی؟**

**و:** نا نا بە عەرەبی ئەیاننووسی، مەسەلەن ئەمە پەنەدۆڵە یان ئەمە (ئەسترۆماسینە) بۆ فلان نەخۆشی باشە، هەتاکو دەرزی دووپشك ئەوەشیان بۆم نووسی، ئەوەی دووپشك پێوەیدا ئەم دەرزیەی لێ ئەدەی.

**پ: کەس مارو دووپشك و مێروو پێوەیدا؟**

**و:** دووپشك هەبوو، دەرزی دووپشکمان هەبوو سێ چوار جار بە کارم هێنا، بەڵام مار پێوەدانم نەبینی.

**پ: بە شێوەی گشتی ئەو نەخۆشیانە چی بوون لە زیندانی دووبز کە بڵاو ئەبوونەوە؟**

**و:** زانترا و سورێژەیان هەبوو، یەعنی زگچوون، خوێن دائەنیشت، خەڵکی هەبوو دزانترا چڵك و خوێن دائەنیشتن، ڕێخۆڵەیان تووشی ئیلتهاب ئەبوو، حەبی فلاجی ئەخوارد کە لەم دواییە ئەیانهاورد، بۆ منداڵیش پارچەم ئەکرد، سوورێژە منداڵ گرتبووی، لەوێ دوو ئافرەت لە لامان مردن تووشی نەخۆشی سیل هاتبوون.

**پ: هەر لە ناو قاعەکە هێشتبوویانەوە؟ ئەی چۆن ئەبێ؟**

**و:** ئیتر چۆن ببێ و نەبێ وابوو، هەر لە ناو قاعەکە مابوونەوە لە ناو خەڵکەکە، پێشتر هەیان بوو، چونکە ئەهاتن بۆ لای من دەرزیم لێیان ئەدا، ئیتر ئەو دوو ژنە لەوێ مردن.

**پ: چارەسەریانیان نەکرد؟**

**و:** نەوەڵا هەر ئەو دەرزیانە بوو لای من لێیانم ئەدا، چونکە نەخۆشییەکە کاریگەریی لە سییەکانیان کردبوو، پیسی کردبوو لێیان، ئەوەی بۆ سیل لێیان ئەدرێ لە خەستەخانەی تەدەڕون هەیە تایبەتە، لەوێ نەبوو بەڵام ناشیان هێنا بۆیان و ئەوانیشیان نا نارد بۆ خەستەخانەی سیل، فەقیرانە بەو ئازارەوە مردن.

**پ: دەرزیی تەدەڕونیان بۆیان نەیانهێنا ؟**

**و:** نا هەر ئەو دەرزیانە بوون وا پێشتر بۆ منیان هێنا، نایانهێنا بۆیان، بەو دەردەوە دەتلانەوە، لە ئەنجامدا بێ چارەسەرکردن کوشتیانی.

**پ: ئەی ئەگەر تۆ لـە بیرت بێت لـەو نەخۆشـە سیلدارانە چیت لێیان دەدا؟**

**و:** دەرزی ئیستروتۆماسین بۆ حوما ماڵتەش دەبێت.

**پ: لـەو ساڵە نەخۆشـی تیفۆیـدو مـەلاریا لـە لادێکـان بـڵاو بووبوونـەوە، منـیش یـەکێك بـووم لەوانـە، چارەسـەر نـەبوو، لەوانەیە لەویش زۆر بووبێت؟، چارەسەر دەکران؟.**

**و:** بـە ئاشـکرا نـەبوو، هـەر ئـەیانوت تـاو لـەرزیان هەیـە، پشکنین نەبوو.

**پ: دکتۆرەکان چەن ڕۆژ جارێك ئەهاتن؟**

**و:** ئـەو دکتۆرانـە بـە هـەمووی چـوار کـەڕەت هـاتن، ئیتـر نەهاتن، تەنها دەرمانەکانیان بۆ من ئەهێنا و خۆیان ئەگەڕانەوە.

**پ: کـێ دەرمانەکـەی بـۆت دەهێنـا؟ چەنـدێ جـارێ بۆتیـان دەهێنا؟**

**و:** عەینـەن دکتـۆرو مزەمیـد بـە سـەیارەی عەلامـەی نەخۆشخانەی پێوە بوو، هەفتانە ئەیانهێناو ئەڕۆیشتن، چارەسـەریان ناکرد، بەس 4 جار چارەسەریان کرد.

**پ: ئیتر لەوێ تۆ بوویتە دکتۆر؟**

**و:** ئا ئا وابووم مامانیم ئەکرد، موغەزیم هەڵەواسی، دەرزیم لێئەدا، حەبم ئەدا، ئیشرافم ئەکردە سەر ئەمەنە نەخۆشە.

**پ: هـەر ئـەو دوو ژنـە سـیلیان هـەبوو، یـان نەخۆشـی سەرەتان و گورچیلە و ئەمانەش هەبووە؟**

**و:** نا نەبوو ئەوەی ئاشكرا بێت، چونكە پشكنین نەبوو، بەس ئەو دوو ژنە لەوێ بە سیل مردن، ئیتر نازانین چی تر هەبووەو كەسیان نا نارد بۆ موختەبەرو پشكنین، بەلآم چەند ژنێكیش هەبوو شێت بوون، ئەوەی من ئاگادار بوون دووان دەزانم، تەنانەت شێتیش رزگاری نەبوو لە ئەنفالكردن، هەبووە لە بەر پیسی قژ بە سەریەوە ناما، هەبوو نەخۆشی پێستی هەبوو، ئەمانە نەخۆشی هەستیارن بە من چارەسەر ناكران، ناشیانیان برد بۆ نەخۆشخانە.

**پ: بە زۆری ئەو نەخۆشیانە چیبوون لە ناو منداڵان بڵاو بوونەوە؟ چارەسەریان چی بوو؟**

**و:** سوورێژەی منداڵ، زانترا بوو خواردن چەور بوو ئەیانخوارد، منیش بە حوكم ئەوەی جەیش شەعبییەكان حەبم ئەدا پێیان، لەفافم ئەدا پێیان، سرنجم ئەدا پێیان، ئاخر ئیشم پێیان بوو، هاوكاریانم ئەكرد، ئەوانیش هاوكاری منیان ئەكرد، داوای تەماتەم بكردایە بۆمیان ئەهاورد، تەماتە نەبوو یاساغ بوو تەماتە، داوای پسكیتم بكردایە بە كارتۆن بۆمیان ئەهاورد، منیش پسكیتەكەم لە تەك خۆم دانابوو ئەو منداڵەی وا تووشی دزانتەر هاتبوون ئێ نابێ چەوری بخوا، دانەیەكم ئەدا پێیان، ئەمووت بە دایكی ئەمەی بدەرێ، خواردن چەوری مەدەرێ.

**پ: پارەت لێیان ئەسەند؟**

**و:** موستەحیلە یەك دینار، هەمووی لە سەر حساب خۆم بوو.

**پ: جار وا هەبووە جەیش شەعبییەکان پارەیان بدەیتێ شتت بۆ بێنن؟**

**و:** ئا هەشت کیلۆ تەماتەیان بۆم هێنا، ئەو هەشت کیلۆیە ئەوەی نەخۆش بوو تامەزرۆ بوو بۆ تەماتە، هەڵستام چیم کرد بڕوات بێ ئەوەی خۆمان هەر یەکەی دانەیەکم دا پێیان، خوشکەکەی ئەحمەد وتی ئەبێ بەشەکەی خۆتیش دانەی، وتم ئەوە بەشەکەی خۆمیش دائەنێم، وتی نا بە خوا بێرێ لای من داینە، بە خوا ئەزانم ئەیدەیتە یەکێکی تر، وتم نا نا ڕەحمە بە خۆم بۆچی ئەوەتا زۆرە، دانەیەکم داوە پێی لە قاعەکەی خۆمان، نا لە قاعەکانی تریش گەڕامەوە بە سەر نەخۆشەکانا ئەم قاعە ئەو قاعە دوانزە قاعەکەی وا نزیکی خۆمانە دابەشم کرد.

**پ: تەماتەت خوارد؟**

**و:** بە بان دەمم نەچوو، دامە نەخۆش بە خوا.

**پ: نهێنی خۆشی تەماتە چی بوو لە زیندان؟**

**و:** دەست ناکەوت، نەخۆش زۆر بوو، گڕەی دڵیان ئەهات بۆ تەماتە، ترش و خۆش بوو، فێنکی ئەبەخشی، هەرزانیش بوو.

**پ: هەر ئەو جارە تەماتەیان بۆت هێنا؟.**

**و:** نا نا سێ جار بۆمیان هێنا.

**پ: هەمووی بە پارە؟**

**و:** ئا بە پارە، هەموو جارەکان بە پارە ئەیانهێنا بۆم.

**پ: بە چەند ئەیانهێنا لە یادت نەماوە؟**

**و:** وەڵا بیرم نییە بەس کەم بوو .

**پ: یەعنی وا نەبوو وەك نوگرە سەلمان تەماتەیەك دوو دیناریان لێت ئەسەن؟**

**و:** نا بە نرخی بازاری کەرکووک، جەیش شەعبیەکان بۆمیان ئەهاورد بە پارەی خۆی، هیچیان ناخستە سەری، بە خوا ڕۆژێکیان جەیش شەعبییەك وتی: ئوم عەلی یەك مەنجەڵی گەورە ماست و کولێرەی بۆتان ناردووە، کولێرەی گەورەو یەك قازان گەورە ماست، وتم ئەبو عەلی ناتوانم وەریبگرم، وتی بۆ؟، وتم: ئەم هەموو خەڵکە سەیر دەمم ئەکات ناتوانم بیخۆم، وتی لە ناو عەرەب عەیبە دیاری بگەڕێنرێتەوە، وتم عەیبە وتی بەڵێ، هەڵستام جامێ بچووکم کردە ناو ماستەکە نانەکەش پارچە پارچە بچووکم لێ کرد، هەتا بڕوا ماست و نانم داوە پێیان بۆ جەماعەت خۆمانیش ئەو ماستە و پارچە نانیان وەرگرت، بڕوات بێ تۆ چەنێ لەو ماست و کولێرەیەت تامکردووە منیش ئەوەنە تامم کردووەو چۆتە سەرزمانم.

**پ: ئەی باشە خاڵێکی تر کە منداڵێك نەخۆش دەکەوت؟ بۆ نموونە منداڵێك هیلاکە چییان لێ دەکرد؟**

**و:** وەڵا حکومەت هیچی لێیان ناکرد، ئەیانهاورد بۆ لای من، ئەگەر ژێر ئیشراف من بوایە، ئەو دەرزیانەی لێم ئەدا ئەمزانی خەتەرەو وایەو وایە، لەگەڵ دایکی ئەیاننارد بۆ خەستەخانەی

دووبز، لەوێ علاجێکیان پێ ئەدا، بە خوا عیلاجەکەی من باشتر بوو لەوەی نەخۆشخانەکە، دوایی ئەیانهاوردە دواوە.

**پ: ژنێک منداڵی بوایە خەتەر بوایە ئەیانبرد بۆ خەستەخانە؟**

**و:** بەڵێ .

**پ: کێ دەیبرد؟**

**و:** جەیش شەعبی ئەیبرد بەس ئافرەتێکیان ئەبرد لەگەڵ خۆیانا.

**پ: کێ بوو ئەو ئافرەتە لەگەڵ خۆیان ئەیانبرد؟**

**و:** دیاری نەکرابوو، هەر جارەی یەکێ، من خۆم دووجار ڕۆیشتوومە، وەڵا من ڕۆژێکیان بۆ ئەوە نەبوو ئەوە تەقەی خۆشی کرا جەنگی عیراق و ئێران وەستا.

**پ: بۆ هەر لە دووبز بوون تاکو 1988/8/8؟.**

**و:** بەڵێ بەڵێ لەوێ بووین، تەقەی خۆشی کرا، ئیتر یەکێك لە کچەکانی ئێمە بریندار بوو، فیشەکی وێڵ دای لێی، وتم :نابێت تەنیا بڕوات خۆم لە گەڵی دەڕۆم، ئیتر هەڵستاین من و جەیش شەعبییەك بردمان بۆ خەستەخانە، بۆ ئەوەی گوللەکە لە قاچی دەرکەن، دکتۆرەکە ئەیوت نا گوللەکە لە ناو قاچیەتی و ئەمە دەبێت عەمەلیات بکرێت، ئەبێ ببرێت بۆ شوێنێ تر، ئێمە لێرە عەمەلیاتمان نییە، چۆن بڵێی ئێمە تیمارێکی ئەکەین و ئەمە ئەبێ گوللەکە لە ناو قاچیا بمێنێ، وتم بابە گوللەکە دەرچووە لە قاچی،

وتی تۆ دکتۆری، یان من دکتۆرم، وتم ئـەوەتا لێرە هەڵیتەکانـدووەو گوللـەکە لەو دیوەوە دەرچووە، وتم: تـۆ بـەس تیمـاری بکـەو تـەواو ئیتر هەقت بەسەریەوە نەبێت، وەڵا ئیتر تیماریـان کـرد بـەس وتـی: (انتی دکتۆرە لو انی)، وتم عەمرت نەمێنێ بۆ چی دکتۆرێکی.

**پ: پێتان خۆشبوو شەڕی عیراق و ئێران ڕاوەستا؟**

**و:** وەڵاهی پێمان خۆشبوو ئەزانی بۆ، لە بەر ئـەوەی کـوڕی من و تۆ ئەکوژرێ، ئا حەزمان کرد.

**پ: نەتانئەوت تازە فەوتاین دەرناچین؟**

**و:** نا وامان ناوت، من خۆم هەر وام ناوت.

**پ: هیچ لیژنە ناهات بۆ ناو زیندانەکە و سەردانیتان بکا؟**

**و:** نـا نـا بـەس خـەڵکی نـەخۆش بچوایـە بـۆ دووبـز بـۆ مستەوسەفەکە، خەتەر بوایە ئەیانبردو هەر ئەوەندە هیچی تر نا .

**پ: خەڵك ئەچوو؟**

**و:** خەڵکێك هەبوو ئەچوو ئا، نا نا هەمووی نا خەڵکێك هەبوو چۆن بڵێین ئەمە بێ حاڵە ئەمە ببەنە ئەوێ.

**پ: مەسـەلەن ئـەو دوو ژنـەی سـیلیان هـەبوو، هـیچ نایانبردن بۆ خستەخانە؟**

**و:** بـەرێ وەڵا بردیانیـان بـۆ ئـەو خەسـتەخانەیە بڵـێین مستەوسفەکە، بەڵام نەیانیانبرد بۆ خەستەخانەی گەورەی تایبەت بـە سیل، لەوێ ئەوەی بڕۆیشتایە بۆ ئەوێ، لەوێ خەڵك دووبز پارەیان ئەدا بەو جەماعەتە جلوبەرگیان ئەدا پێیان خێریان پێیان ئەکرد.

**پ: دووبز موختارەکەی باش بووە، خەڵکەکەشی بە قسەی تۆ بێت باش بوونە، هاوکاری خەڵکیان کردووە، تۆ هەڵوێستت چییە لە سەر خەڵکی دووبز؟**

**و:** لە چاکەیان دەرناچین.

**پ: کوتانی منداڵان هەبوو؟**

**و:** نا ئەوەندە لەوێ بووین هیچ کوتانێکی منداڵان نەهات، سوورێژەو نەخۆشیش بڵاو بووبوونەوە، ئێ ئێمەیان بۆ مردن دانابوو، خواردنەکەشی دەیاندا پێمان بۆ شاردنەوەی تاوانەکەیان بوو.

**پ: کەی دەستیان کرد بە چارەسەری ئێوە؟ دوای چەندێك؟**

**و:** دوای نزیك هەفتەیەك لە گەیشتنمان بۆ دووبز دکتۆرمان بۆ هات.

## ڕابەری مانگرتنەکەی دووبز

***ئەمە چیرۆکی یەکەم بەرەو ڕووبوونەوەی ئەنفالکراوانە، ئەوان هەمیشە کەرامەتیان لە پێش هەموو شتێکەوە زانیووە، لە ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیاندا بەهاو کەرامەتی خۆیان پاراستووە***

**پ: تۆ لە دووبز بەرپرسی چی بوویت؟**

**و:** من مەسئول قاعە بووم.

**پ: چۆن کرایت بە مەسئول قاعە؟**

**و:** لــە بەرئــەوەی عــەرەبیم بــاش ئــەزانی، کەســی وا هەبووعەرەبیشی باش نازانی ببووە مەسئول قاعە.

**پ: کـێ دیـاریتی کـرد بـە مەسـئول قاعـە؟، کـێ مەسـئول قاعەکانی دیاری کردبوو؟**

**و:** جەیش شەعبییەك منی دیـاری کـرد ببمـە مەسـئول قاعـە، ناوی ئیبراهیم بوو خەڵکی حەویجە بـوو، چونکـە عـەرەبیم ئـەزانی، خزم و ناسیاری زۆری تیا بوو قاعەکەمان ئیتر مـن ئیـدارەیانم ئـەدا بۆیـە منـی کـرد، دەبووایـە هـەر قاعەیـەك مەسـئولێکی هەبووایـە، هەبوو عارەبیشی نازانی ببوە مەسئول قاعە .

**پ: بۆ لە هەموو جێگاکان ڕەسمییە دەبووە مەسئول قاعە؟**

**و:** دەچوومـە پێشـەوە و زمـانم ئـەزانی، ئـەو کـات تاقەتیشـم هــەبوو، پێشــتریش کــاری سیاســەتم کردبــوو، ئیتــر زۆر کــەس بووبوونە مەسئول قاعە زمانیشیان نازانی.

**پ: ئیشوکارت چی بوو؟**

**و:** ئیشوکارم ئـەو خوارادنـەی کـە ئـەهات مـن سەرپەرشـتی دابەشــکردنیم ئــەکرد، ئــەو خواردنــەی کــەمی بکردایــە، بەشــی نەکردایـە، ئـەڕۆیم هێقـەیانم ئـەگرت و بەشـی ئـەوەی بـۆی نـەماوە لێیانم ئەسەند بۆیان.

**پ: بە قسەتیان ئەکرد؟**

**و:** ئا.. ئەرەوەڵا.

**پ: ئـەڵێن لـە دووبـز لـە کـاتی خـواردن دابەشـکردندا عەسکەرەکان تەعەدایان لە کچە گەنجە جوانەکان ئەکرد؟.**

**و:** با باسی ئەوەشت بۆ بکەم، من ڕۆیشتم ئەمبینی ئەو کچەی جوان بوایە، سەیری عەسکەرەکانی نەکردایە، مەسـەلەن شـەرمیان ئەکرد سەیری عەسکەرەکانیان نەکردایـە چێشتەکەیان ئـەکردە بـان دەستی، ئـەویش زۆر جار لـە حەیبـەتا قاپەکـەی فڕێ ئـەدا، وایـان ئـەکرد بـۆ ئـەوەی کچەکـە هاوڕبداتـەوە، ئـەوە مـن بینـیم هەڵسـتام مانگرتنێکم ڕێکخست.

**پ: چۆن ڕێکت خست؟**

**و:** دوانـزە قاعـە، شـەش ئەمبـەر، شـەش ئەوبـەر، بـە ئایشـە عارەب، بەدیعە و بەسیرە، ئەسمەرە ڕەش، ئەسمەرە سپی، درسم و ... وتم قەبووڵ ناکەم خواردن وەربگرن، دەبێ وەرینـەگرین لەبـەر ئەو هۆیەی باسم کرد، ئەوانیش بە قسەمیان کرد.

**پ: چەند کەس بەشداری لە مانگرتنەکە کرد؟**

**و:** 12 قاعـە بەشـداری کـرد، سـەرتاپا، هـەموویان کەسـێك نەبوو بەشداری نەکات.

**پ: کەس ئیزرابەکەی نەشکاند؟**

**و:** کـەس نەیشـکاند سـەرتاپای هـەر 12 قاعەکـە بەشـدارییان تێیدا کرد، ئەو سەعاتە نەچوون بۆ سرەی وەرگرتنی خواردن.

**پ: مانگرتنەکە چەند ڕۆژ بەردەوام بوو؟**

**و:** تۆ گوێ بگرە لێم، هەر قاعەیەك مەسئولێکی خۆی هەبوو وەك وتم، پێیانم وت: بەیانی خواردن هات پێتان ئەڵێم یەك ڕجاتان لێ ئەکەم وەریمەگرن، وتیان ئێ باشە چیمان لێ ئەکەن؟، وتم: لەوانەیە لێمان بدەن بمانکوژن، وتم: هەموو خەتاکە بخەنە سەر من، هەیە ئەپرسێت کێ پێتی وت داوای کرد مانبگرن، بڵێن باجی ڕەسمییە پێمانی وت، ئەوجا دێنە لای من، من خۆم قسەیان لەگەڵ ئەکەم.

**پ: چەنێ ئیزرابەکە بەردەوام بوو؟**

**و:** دوو بۆ سێ سەعات هەموو ئیزرابمان کرد.

**پ: هیچ خواردنتان وەرنەگرت؟**

**و:** یەك کەس نەچوو بۆ وەرگرتنی خواردن.

**پ: ئەی ئەوان چییان کرد؟ کاردانەوەیان چی بوو؟ ئێوە خۆتان دیل بوون؟**

**و:** ئەوان وتیان بە ئامر قاتع، ئامر قاتع هات وتی چۆن خواردن وەرناگرن، تەقەیەکیانیش بە ئاسمانا بە سەرمانا کرد، بۆ ئەوەی خەڵکەکە بترسێ، ئامر وتی: ئێوە ئیزراب ئەکەن بەرامبەر حکومەت، کێ پێتانی وت وا بکەن؟ باجی بەدیع لە نزیکی بوو وەڵامی دایەوە وتی: ڕەسمییە پێمانی وتووە.

**پ: بۆ ئەو ناوتی دا؟**

**و:** من خۆم پێیانم وت ناو من بدەن، با بێن من قسەیان لە گەڵ ئەکەم.

**پ: ئەبوایە بیوتایە خۆمیش.**

**و:** نـەیوت خـۆمیش ئەترسـان، ناهـەقیان نـاگرم ئێمـە لـە بەردەستیان دیل بووین، ئەسیرێکی بێکەس.

**پ: کێیە ئەم باجی بەدیعەیە؟.**

**و:** بەدیعە زەنگەنە بوو.

**پ: پێشتر ئەتناسی؟**

**و:** ئا ئا خزم باوك منداڵەکانیشـە، وەڵا سـەیرم کـرد هـاتن بـۆ لای من، جەیش شەعبی و ئامر قاتع و تەقریبـەن هـەموویان شـەش حەوت نەفەر بوون، من دانیشتبووم دایان لە پەنجەرەکە وتیان وەرە دەشتەوە، منیش چوومە دەشتەوە، ئامر قاتع وتـی تـۆ پێیانـت وتـووە خواردن وەرنەگرن، وتم بەڵێ من پێیانم وتووە، وتی چۆن ئیـزراب ڕێك ئەخەیت بەرامبەر بـە حکومـەت؟ وتـم ئێمـە هاتووینـە بـۆ ئـەم شـوێنە، ئێمـە هێنـراوین بـۆ مـردن، هاتووینـەو ئـەمرین ئـەبێ بـە شـــەرەفەوە بمـــرین، نـــابێ عەســـکەرییەکان تەعـــەدا لـــە کچـــە گەنجـەکانمان بکـەن، وتـی: چـۆن تەعـەدای چـی؟ وتـم: تـۆ خـاوەن خێزانی، خاوەن شـەرەفی، خێزانـت هەیـە دایـك و خوشـکت هەیـە، قبووڵ ئەکەی کچمان ئاوا قاپ خواردنەکەی ئەگرێ، بـەڵام سـەری ڕوو لە خـوارەوە بکـات لـە شـەرما، سـەیری عەسـکەرەکان نـەکات خواردنەکە بکەنە بان دەسـتیا، دەسـتی بسـووتێنن، تـەنها بـۆ ئـەوەی سەری بەرز بکاتەوە عەسکەرەکان رووخساریان ببینن.

**پ: بـۆچی ئــەو عەسـکەرانە حــەزیان ئــەکرد ئــەو کچانــە سەیریان بکەن؟**

**و:** ئیتر گەنجە بێناموسە لە بـەر بـێ ناموسـی وایانئـەکرد، ئامر وتی: (لا واللە ما اقبل)، وتم چارە، وتی یەك شـتێکت پـێ ئـەڵێم وەعد بێ چارەسەری بکەم، بەس ئێستا پێیـان بڵـێ دەرچـن خـواردن وەربگرن، ئەوجا خواردنەکـەی هـاوردەوە، وتـی: تۆ لـەو بـەرەوە بوەستە، منیش لەم بەرەوە ئەوەستم، بـەس بانگیـان بکـە قەناعـەتیان پـێ بکـە، بـا بـێن منـداڵتان پێیـە منـداڵ گوناحـە نـان نـەخوا، بـا بێن خواردنەکـەیان وەرگـرن، وەعـد بـێ بـەیانی بـە سـەیارەکەوە ئـەو مەجموعە کەسە ئەگۆڕم، وتم وعد؟ وتـی وعـد، وەڵا دەرچـووم لـە ناوەڕاست قاعەکان هەردوو بەر یەك چەپڵەیەکم لێدا وتم هەمووتان دەرچن، زەردەواڵە چۆن لە کون دەرئەچێ، بە یەك چەپڵـە هـەمووم هێنا، بە یەك چەپڵە ئیشارەم دا پێیان گشتیان دەرچـوون، وتـم بـڕۆن لەو بەرەوە بە ڕیـز بوەسـتن، ئـەوە ئێسـتا خـواردن دێـت ئـامر قـاتع (فەرمانـدەی جەیشـی شـەعبی سـەربازگەکە) لەگـەڵمان ئەوەسـتێ، بەیانی سەیارەکە بـەو مەجموعـە عەسـکەرەوە قـەولی داوە گشـتیان ئەگۆڕێ بۆمان، وەڵا ئیتر هاتن خواردنەکـەیان وەرگـرت تـا تـەواو بوو، ئەو لەوبەرەوە وەستا منیش لەمبـەرەوە، خواردنیـان وەرگـرت و هاتینەوە، بڕوات بێ بەیانی ڕۆیشتم گشتی گۆڕابوو.

**پ: ئەوانەی خواردنیان دابەش دەکرد؟**

**و:** بەڵێ ئەوانەی خواردنیان دابەش ئەکرد، هەتا سەیارەکەشی گۆڕیبوو.

## جەژنی ناموورادیمان کرد

**پ: لەوێ بوون دوو جەژن هاتە پێشەوە ڕەمەزان و قوربان، لەو جەژنانە چیتان ئەکرد؟**

**و:** وەڵا عەینەن خواردنی ڕۆژانە چۆن بوو هەر وابوو، شتی زیادەیان نەدا پێمان، ئەی جەژنە نییە چێشت هەر ئەو چێشتە بوو کە ڕۆژانە بۆمان ئەهات، ڕەمەزانیش هیچ نەگۆڕا.

**پ: خۆ گۆڕین و جل تازە لە بەرکردن نەبوو؟**

**و:** هەر ئەو جلانەمان پێبوو لەگەڵ خۆمان هێنابوومان، ڕۆژی جەژنەکان هیچ گۆڕانکاری نەبوو، جیا نەبوو لە ڕۆژەکانی دیکە، تەنانەت دەنگی مەلا و لە دەرگادانیش نەما، دایك هەبوو لەو ڕۆژانەیا مندالی دەمرد.

**پ: ئەی خۆتان جەژنە پیرۆزەتان لە یەك نە ئەکرد؟**

**و:** با جەماعەت بۆ لای یەك ئەهاتن ، ئەیانوت: جەژنەتان پیرۆز بێ گەردنمان ئازاد بکەن، باجی ڕەسمییە توخوا گەردنمان ئازا بکە، زۆرت لە گەڵمانا کێشا، توخوا گەردنمان ئازا بکە، منیش ئەموت گەردنتان ئازا بێ ئیتر بەم شێوەیە، جەژنە تەنها لە گەردن

ئازایی کورت بووبووەوە، چونکە گەردن ئازایی لە کاتی بەرەو مردن زۆر گرنگە بۆ دڵنەوایی مرۆڤەکان، لەو کاتانەی ترسی مردن هەیە، گەردن ئازایی زۆر دەبێت، جل تازەو خواردن و سەیران منداڵان نەما، منداڵان لە هەمووان زیاتر نا مورادتر بوون.

**پ: لەناو خۆتان لە ڕۆژانی جەژنا هەستتان بە چی ئەکرد؟**

**و:** وەڵا هەر ئەوەنە من چارەسەری خەڵکم ئەکرد، وەك ڕۆژانی ئاسایی هیچ جیاوازیەکمان نابینی، کەس دڵی لەوێ نەبوو، هەموو دڵمان لای ئەوانە بوو جێمانهێشتبوون، بە تایبەت جەژنی قوربان کەوتە جەرگەی نەقڵ کردنەکانەوە، هەموو لە ترس و دڵەڕاوکێدا بووین.

**پ: لە زیندانی دووبز ڕۆژووگرتن و نوێژکردن چۆن بوو؟**

**و:** وەڵا ئەوەی نوێژی بکردایە بۆ خۆی ئەیکرد، ڕۆژوویش هەروا.

## منداڵە بێسەرپەرشتەکان

**پ: لە دووبز منداڵە کوڕەکان منداڵی هەرزەکاریان تیا بوو؟**

**و:** ناڵێم حەمەدو ئیدریس، ئەم دووانە لە قاعەکەی ئەو ژنە بوون کە خەڵکی خوێڵێن و مەملەحەیە بوو لە قاعەی چوار بوون، ڕۆژێ ئاوا دانیشتبووم عیلاجم ئەدایە خەڵك، گوێم لێ بوو ئەو ژنە ئەیوت: یەڵا دەی دەی بکەونە پێشم دەی. وتم ئەوە چییە؟ بە ژنەکەم

وت، وتی وەڵا ئەیانبەم ئەیاندەمە دەست جەیش شەعبییەکان بیانبا بیانکاتە ناو زەلامەکان، ئەم دوو زەرتە زەلامە چییەکەن لە ناومان، ئەمانە بە نفوس 15 ساڵ بوون، بەڵام بە باڵا کەڵەگەت بوون.

**پ: لە کوێ ئەمە؟.**

**و:** ئەمە لە قاعەی دووهەم لای ئێمە.

**پ: لە دووبز یان تۆپزاوە؟**

**و:** نا نا لە دووبز ئەیوت ئەمانە زەرتە زەلامن و دەریان ئەکەم، ئیتر بێ زەمیر بوو، ئەیوت ئەیبەمە ناو زەلامەکان. وتم وازیان لێ بێنە دوایی ئەیانکوژن.

**پ: ئێ ئەویش لەوەیە نەیزانیبێ؟**

**و:** چاك زانیویەتی، پێم وت دایکەکەم خوشکەکەم بۆ خاتری خوا، مەیدە دەست جەیش شەعبییەکان بیانبەن، ئا ئا ئەیتوانی ئەیبرد ئەی داوە دەستیان ئەیانیان برد، ئێ ئەوە جنسیەکەمان ئێمە 15 ساڵین، ئیتر لەوانەیە بیانیانبردایە، منیش پێم وت وتم دایکەکەم خوشکەکەم ئەمانە بیانبەی چارەنووسیان باش نابێت ئەفەوتێن بە خوا، وتی: مادام دڵت پێیان ئەسووتێ بیانبە لای خۆت، وتم ئیدریس و حەمە بڕۆن جل و شتومەکتان بپێچنەوەو بێن بۆ لای من، هاوردیانم بۆ لای خۆم لە تەنیشت خۆم دایانم نا.

**پ: تاکەی لای تۆ مانەوە؟**

**و:** حەتا دەرچوون هەر لای من بوون.

**پ: ئێتسا ئەتناسن؟**

**و:** ئا ئا بە تەلەفۆن ماوە ماوە قسەیان لەگەڵ ئەکەم .

**پ: ئەو دوو کوڕە خەڵك کوێ بوون؟**

**و:** خەڵکی کفرین، نـاوی دێیەکـەیان نـازانم، دایـك و باوکیـان کەوتبوونە نوگرە سەلمان، هەتا دوایی مانەوە.

هەروەها سێ منداڵ خەڵکی گوڵبـاخ دایکیـان لەگـەڵ نـەبوو، گەورەکە ناوی چیا بوو هەشت ساڵ بوو، لای حەیات ناوێك بـوون. ئەمانە هەر لە دەوروبەری ئێمە بوون، لـەولاتریش هیتـر هـەبوون، لـــە خێزانـــەکانیان جیاکرابوونـــەوە، بێکـــەس کـــەوتبوون، بـــەڵام نەمانهێشت بێ کەسییان پێوە دیار بێت.

**پ: ئەوەنـدەی لـە دووبـز بوویـت هـیچ ڕێککـەوت منـداڵێك لەوێ بێت تەمەنی شانزە حەڤدە ساڵ بێت؟**

**و:** نا کەسی وام نەبینی.

**پ: ئەدی منداڵی دابڕاوو بێکەس؟**

**و:** منداڵێك ناوی مستەفا بوو، بێ دایك بوو کەوتە لای ئێمە.

**پ: چەند ساڵان بوو ؟**

**و:** کوڕە لەوانەیە سێنزە ساڵیش ئەبوو، فەقیرە نازانم دایکیـان بـۆ شـوێنێکی تـر بردبـوو، ئیتـر کەوتـە لای ئێمـە، ئـەو مسـتەفایە نەخۆشکەوت، لـەم هەڵبژاردنـە خـەڵاتی کچـم مسـتەفای دۆزییـەوە، ئیتر بزانە ئەو حەمکە قاعەیەو مـن ئەوەنـدەم لـە بیـرە، بزانـە چەنـد منداڵ دابڕاون لە خێزانەکانیان کەوتبوونە دووبز، لەوانەیە منداڵیش هەبوو بێت دابڕابێت زیندە بەچاڵیش کرابێت، زۆر زۆریش.

## بردن بۆ ئەمنی کەرکووک

**پ: بۆچی لە زیندانی دووبزەوە تۆیان هێنایەوە بۆ ئەمنی پارێزگای کەرکووک، ئەمە چۆن بوو؟**

**و:** ڕۆژێك جەیش شەعبییەکیان نارده شوێنم منیش رۆیشتم، لەوێ یەکێك چاوەڕێمی ئەکرد، پرسی وتی تۆ ڕەسمییە نەجمەدین محێدینیت؟ وتم بەڵێ، وتی: فەرموو لەگەڵمانا سوار بە، هەتا شوێنێك ئەتبەین و ئەتگەڕێنینەوە، سەیارەیەك موقەپەتی رەش بوو، وتم: ئەڕۆم منداڵەکانیشم ئەهێنم، ئەی منداڵەکانم چی بکەن، ئیتر وتی قەیناکە لەگەڵ خۆتا بیانهێنە، ڕۆیشتم منداڵەکانم هێناو لەگەڵ خۆما سواریانم کرد، بردمانیان بۆ زیندانەکەی تۆپزاوە، لەوێ دابەزیمان، سەیرم کرد تەکسییەك وەستاوە یەکێکی تیابوو ناوی مولازم ئیسماعیل بوو، من ئەمناسی چاوەڕێمی ئەکرد.

**پ: ئەو وەختەی تۆیان برد بۆ زیندانی تۆپزاوە هێشتا قەرەباڵغ بوو؟**

**و:** چۆڵوهۆڵ کەسی لێ نەبوو، نازانم ناو قاعەکان، دەرەوە کەسی لێ نەبوو.

**پ: مانگی چەند بوو؟**

**و:** کە هاتنە شوێنمان، سێ مانگ بوو ئێمە لە دووبز بـووین، ئیتر وتی: (ها ڕەسمییە شلونچ )، وتم: اشكرك شلونك استاز، وتـی (الحمد لله)، (تفزل اركب بالسيارە لا تخـافون)، وتـم: آنـی أخـاف؟ وتــی (لا واللە لا تخــافين). پێشــتر مـولازم ئیسـماعیل چەنـد جـار بانگمانی کردبوو بۆ ئـەمن بۆ مەسـەلەی کاکـەم، ئیتر ئـەمجارەش بردمانیانەوە بۆ دائیرەی ئەمن، کە گەیشتین لە شـوێنێك دامـانی نـاو خۆی ڕۆیشت، ئەوەنـدەی پـێ نـەچوو هاتــەوە وتــی: بـە خـوا ڕائیـد حەمید لێرە نییە ئیجازەی وەرگرتووە، ئەبێ بچنە خوارەوە، ئیتر بـە قاڵدرمــە بردمانیانــە خــوارەوە، دیســانەوە جــارێکی دی وتـــی: (لا تخافون انزلوا جەوە)، وتم: لا واللە ليش اخاف .

دابەزیمانــە خــوارەوە پێچێـك هــەبوو، بردمانیانــە پێچەکــە، سـەیرم کـرد ئافرەتێـك لەوێیـە، دوایـی سـەیرم کـرد قاعەیـەك کلیـل دراوە، کەمێك رۆیشتین قاعەیـەکی دیکـە، هەمدیسـان ئـەویش کلیـل دراوە، سـێ قاعـە بـە دوای یـەکا هـەموویان کلیـل درابـوون، ژێـر زەمینەکە گشتی فوول زەلام بوو، ژنـی تیـا نـەبوو، تـەنها ئـەو ژنـە لــەوێ بــوو، ئێمــە لــەوێ دانیشــتین، زۆر برســیمان بــوو، نــان نیمەڕۆشمان نـەخواردبوو، کـەمێکی پێچـوو نانیـان بۆمـان هـاورد، نیسك و برنج و سەموون و ئاو، ئـەوجا بـە ژنەکـەی وت: ئـوم ئـالا تعالی أکلـی ویـاهم. وتـم خـەڵات کچـم ئێمـە ئێسـتا هاتوینەتـە ئێرە، ئەگەر تۆیان بانگ کرد، بڵێ لە دایك بوومە خاڵۆم نەبینووە، ئەگـەر

وتیان لە کوێیە بڵێ نازانم، وتیان پێت خاڵۆت هەیە، بڵێ هەمە بەس نەم بینیوە، موستەحیلە دایکم بڕوا بۆ لای خاڵۆم، دایکم نەڕۆیشتووە، نە ئێمەش بینیمانە، وتم وا بڵێ، نەکەی ئیفادەی تۆ وەرگرن و منیش بە شێوەیەکی تر لەوانەیە بۆ شتێکی وا بێت، تومەز هەروا بوو بانگکردنمان هەر بۆ پرسیار براکانمە، وەڵا ئیتر منیش ئاوها دانیشتم دوانزە ڕۆژ لەوێ بووین، لەو ژێر زەمینە، پیاوی زیندانی تێدا بوو، سێ ژوور پیاوی تیا بوو، پەنجەرەکانیان بەرز بوو یەکتریمان نابینی، کە ئەچووین بۆ سەرئاو ئەیانمانبینی، ئاویشم کردە دەم یەکێکەوە، خەڵکیان دێنا، کەلەپچەیان ئەکرد، دوای یەك دوو سەعات ئەیانیان برد، خوا دەزانێ بۆ کوێ، لە ناو قاعەیەك چوومە ناوییەوە، جلوبەرگی پیاومان بینی لە قوژبنێکا کۆکرابوونەوە.

**پ: تەعزیبی تیا بوو؟**

**و:** نا ئەو ئوم ئالایە لەوێ بوو بانگم کرد، وتم وەرە نان بخۆ لە گەڵمانا مەترسە، تومەز ئەو سستەرە، تاوانبار کرابوو عەلا ئەساس داو دەرمان ئەنێرێ بۆ پێشمەرگە، مێردیشی ئەسیرە، کچێکی هەیە، عەرەب بوو لە نەخۆشخانەی ئازادی لە کەرکووک دەوامی ئەکرد.

**پ: چۆن عەرەب بوو و پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگەش هەبوو؟**

**و:** ئیتر ئاوها تاوانباریان کردبوو نـازانم، وتـم بابـه تـۆ وەرە نان بخۆ لەگەڵمان، ئیتر هانمداو نـانی خـوارد لەگـەڵمان، لـه حـەمام منداڵەکانم شۆری و ئەویشم بردەبان، وتم بـڕۆ خـۆت بشـۆرە، وتـی یاخوا بەر لە ئێوە من دەرچم ئێوە دەرچن من دەرنەچم ئەوساکە مـن چی بکەم لێرە بـە تـەنیا، ئـەنجا ژوورێـك هـەبوو لـەوێ دەرگاکـەی کەمێك کرابووەوە، وتی نازانم ئەم ژوورە چی تیایە، وتـی تـا بـەیانی من لە تـرس ئـەم ژوورە خـەوم لـێ ناکـەوێت، وەڵـڵا هـەر چوومـە ژوورەکـە سـەیرەکەم پـڕی جلوبەرگـە، گشـتی جلـی پێشـمەرگەیە، نـــازانم شـــەرواڵ و تـــەزبێح و جەمـــەدانی، ئـــەو ژوورە پـــڕی شـتوومەکە، غـەراز هەڵدراوەتـەوە پـڕی ئەوێیـە، وتـم بابـە گشـتی جلوبەرگـە هیچـی تیـا نییـە، قاپییەکـەم راکێشـا، ئـەو وتـی بـە خـوا چەنێکە لە ترسـی ئـەم ژوورە نەخەوتوومـە، ئـەو ژێـر زەمینـە دوو دەرگای هەبوو، ئەلموهیم ئێمە دوانزە ڕۆژ لەوێ ماینەوە، یانزەمین ڕۆژ لە سەر دوانزەمین بانگمی کرد، ئیتـر پرسـیار کاکـەمی کـرد، وتـــی بـــێ هاوکاریـــت ئەکـــەین و دەرت ئەکـــەین لـــە زینـــدان، بـــڕۆ براکەت بێنەوە پەیمان بێت هیچی لێ نەکەین، پلەو پۆسـتی باشیشـی بدەینێ، وتم واللە بیکەنە سەرۆك کۆمـاری عێـراقیش مـن نـازانم لـە کوێیە، نە شوێنی ئەزانم و نە هەواڵی ئەزانم.

**پ: لێتی نەپرسی چۆن گیراویت لە قادر کەرەم؟**

**و:** وتم من لە قادرکەرەمبوومـە لـە میـوانی کەوتوومەتـە نـاو ئەم شاڵاوەوە.

**پ: نەیپرسی چۆن ئەم عەرەبییە دەزانیت؟**

**و:** وتم پیاوەکەم تەتەوعی جەیش بوو، لە موسەیەب فێربووم.

**پ: ئەوان چۆن وا زانییان کاکەی تۆ لەوێیە، مەبەست پێشمەرگەیە؟**

**و:** ئێ لەوە پێشتر بانگمانیان کردبوو.

**پ: کێ بانگتانی کردبوو؟**

**و:** دائیرەی ئەمن بانگمانیان کردبوو، فایلمان هەبوو لەوێ.

**پ: ئێ تۆ ئێستا وا لە دەشتیت و بە خەڵکی لادێ گیراویت.**

**و:** ئێ منیان نەبرد بۆ ئەوێ، لەوێ فایل نییە؟ سەیری ئەکەن بزانن ڕەسمییە نەجمەدین عەینەن لە ناو هین ئەنفالەکانە.

**پ: ئێ قەینا خەڵکی تریش ئاوا هەبوو وەك ئێوە پیاوو براو کەسی پێشمەرگە بوو، لەوێ لە ناو ئەنفالکراوەکان؟**

**و:** وەڵا ئاوها بانگمیان کرد.

**پ: لەو مەعەسکەرە بەس تۆیان بانگ کرد؟**

**و:** بەس منیان بانگ کرد، تەنها من خۆم و منداڵەکانم، وەڵا ئیتر زۆر هاوردی و بردی و چۆن بڵێ ببمە داردەستیان و ئیشیان بۆ بکەم، وتم وەڵڵا نە ئیش ئەتوانم بکەم نە ئەزانم براکەم لە کوێیە، وتی ئاخر ئەتگەڕێنینەوە بۆ شوێن خۆت، وتم: وەڵا ئامادەم بمنێرنەوە بۆ جێگاکەی خۆم قەیناکە، وتی: ئەبێت ئیمزای بکەیت، وەڵڵا ئیمزام کردو ناردمیانەوە بۆ شوێن خۆم .

**پ: ئـــەم بانگکردنـــە پەیوەنـــدی بـــە عـــەریزەدانی کـــاك ئەحمەدەوە نەبوو، عەریزەی دابوو بۆ بەردانتان.**

**و:** نا باسیان نەکرد کە عەریزە دراوە لە لایەن ئەحمەدەوە.

**پ: یەکسەر ناردتیانـەوە بۆ تۆپزاوە، یـان ناردتیانـەوە بـۆ دووبز؟**

**و:** بۆ تۆپزاوە، ئەمجا بۆ دووبز.

**پ: ئەو دوانزە ڕۆژە خواردن و خەوتان چۆن بوو؟**

**و:** بـرنج و باینجـان و کولەگـە و .. شـلە و بـرنج بـە شـێوەی گشتی، جار جارە مریشکیشیان ئەدا پێمان.

**پ: هەر یەکجار لێپرسینەوەیان لەگەڵتان کرد؟**

**و:** تـەنها ڕۆژی یـانزەمین لێپرسـینەوەی کـرد، ڕائیـد حەمیـد کردی.

**پ: هیچ لە گەڵ زیندانیی دیکە قسەتان نەکرد؟**

**و:** تەنها دایکی ئاڵا.

**پ: ڕائید حەمید هەڕەشەی لێت نەکرد؟**

**و:** هەڕەشەکەی هەر ئەوەندە بوو وتی ئەتبەینەوە بۆ زیندانی دووبز، هاوکارمان بی دەرت ئەکەین لە دووبز.

**پ: کـە گەڕایتـەوە بەرپرسـانی زینـدانی دووبـز پرسـیاریان لێت نەکرد؟**

**و:** نا من بە ئامر قاتعم نـەوت بـۆ کـوێ منیـان بـردووە، وتـم نهێنییە نابێت باس بکرێت، ئیتر ئەو ترسا.

**پ: کـه چوویتـەوە زیندانییـەکان هـاتن بـۆ لات؟ پرسـیاریان نەکرد؟**

**و:** کە بردمیانەوە هەموو ئەنفالەکان دووبز هاتنە پیریمانەوە، خـەریك بـوو بخنکێـین لـە بـەر قـەرەباڵغی، نامانـەتوانی هەناسـە بدەین، یەکپارچە هەموو هاتن بۆ پێشوازیمان.

## شت فرۆشتن لە دووبز نەبوو

**پ: شـت فرۆشـتن هـەبوو لـە دووبـز بـە نرخـی گـران وەك نوگرە سەلمان؟**

**و:** نا نەبوو، دوکاندانان و شت فرۆشتن لـە دووبـز نـەبوو بـە هیچ جۆرێك، بڕوات بێ خەڵکێك زۆر هەبوو ژێریـان نـەبوو تـا لـە بانی بخەون، هەڵستام تەکلیفم کرد لـە رەفیـق عـەلی هـەبوو لـەوێ، مەسئولی باب نیزامەکە بوو، ئاخر ڕۆژێـك وتیـان ئـەرەوەڵا رەفیـق عـەلی هـات هـەموومان ئەترسـاین لێـی، هـات لـە بـان دیوارەکـەوە بانگمی کـرد وتـی: ڕەسـمییە تعـالی، منـیش رۆیشـتم بـۆ لای وتـی: شامل حبیب شی صیر منچ، وتم شامیل ناومـان زۆرە، وتـی: شـامل حبیب، ئێ سەیر ئەکەم ئەمە ئامۆزامە، هەم مێرد ئامۆزایەك ترمـە، وتم ابن عمی وتی دە ئەو تەوسیەی منـی کـردووە ڕەسـمییە لەوێیـە چاوت پێوە بێ، چی گەرەك بوو بـۆی بکـە، وتـی هـەردووکمان لـە دائیرەی ئەشغال پێکـەوە بووینـە برادەرمـە، کـە وای وت منـیش بـە ڕاستی زۆرم پێ خۆشبوو، هەموومانیش لێی ئەترساین، باش نەبوو

لەگەڵمان، ئیتر ئەو چۆن بڵێی ببووە وەسیت، نامەم ئەدا پێی ئـەیبرد بـۆ ئیلهـام خوشـکم لـە مـواد غـەزائی نامـەی بـۆم ئـەهاوردەوە لـەو سەرەوە.

**پ: هیچی بۆت نەئەهاورد ئەشیاومەشیا؟**

**و:** با جلوبەرگی بۆ منداڵەکانم ئەهاورد.

**پ: خـەڵکی کـوێ بـوو ئـەم رەفیـق عەلییـە؟ لـە کـوێ دادەنیشت؟ تەمەنی چەند بوو؟ بە ئەسڵ خەڵکی کوێ بوو؟**

**و:**ماڵیـان لـە گـەڕەکی قادسیە بـوو لـە نـاو کەرکـووک، لـە پرۆسەی ئازادی کوشتیان وایان وت.

**پ: ئەو ماوەی لەوێ بوون جلوبەرگتان بۆ دەهات؟**

**و:** خەڵك کەم کەم جلی بۆ ئەهات، بە زۆری جلـەکان خۆیـان بوو، ئەوانەی پێوەی گیران لـە کـاتی ئـەنفال هـەر ئـەوە بـوو، ئیتـر ئەیانشووشت و ئەیانکردەوە بـەریان، مـن بـۆ خـۆم و منداڵـەکانمیان ئەنارد.

**پ: خەڵکی تریش هەبوون شتومەکیان بۆ بێت؟**

**و:** خەڵکی تر هەبوو بە کەمی بۆیان ئەهات، وەك چۆن بڵـێ نـاتوانم هـەموو قسـەیەك بڵـێم، ئیتـر گـەنج هـەبوو لـە برسـان و بـە ناچـاری تـاعمولی ئـەکرد لەگـەڵ هەنـدێك کەسـا، چەنـدین کەسیشـم بانگ دەکرد، تەمێمان ئەکرد، قسەم پێیان ئەکرد.

**پ: بەڵام سەپاندنی برسێتی و جیاکردنەوەی خێزانـەکان لـە یەکتری تاوانی گەورەن، بەم هۆکارەوە ناچارکردن بـە تـەنازولات**

**لـه کـاتی زینـدانی و جیاکردنــەوەو سـەپاندنی برسێتی و نــەهاتنی جلوبـەرگ و پێداویسـتی بـۆ زینـدانیان ئــەویش تـاوانێکی دیکـەی گەورەیە لە زینداندا کراوە.**

**و:** وایە بەڵام دەبووایە هەر خۆڕاگر بووینایـە، ئێمـە هـەموو قاعەکان بە چلەی گەرمای هاوین، لـە ژوورەوە ئـەکولاین، شـەوان دەرگامـان شـیش ئـەدا لــە سـەر خۆمـان، ئـەمانتوانی لــە دەرەوش بخەوین ((بەکر حوسێن حەمە حەسەن گوندی قادراوە سـەنگاو، لـە بەرنامـەی چیرۆکـی ئیـرادە دەڵێـت: جوندییـەکی مەتبـەخ جبـووری بوو، کەسێکی باش بوو، پێمی وت: ئافرەتێك لەوێیە دەیەوێت شـووم پێ بکات، تۆ وەرە لەگەڵم تەرجمەم بۆ بکە، کچەکە وتـی: خەڵکەکـە ئەبەن، شوو بکەم باشترە لەوەی بمکوژن، رێك کەوتن کـە شـوو بـە جبوورییەکە بکات، بە نیاز بـوو، بیکاتـە نـاو مەنجـەڵی قزعەکـەوەو دەری بکات و کەسوکاری ئاگادار بکاتەوەو مارەی بکات- عەلی)).

**پ: لە ناو ژنەکانا لەوێ کەس هەبوو ببێ بە بەقاڵ؟**

**و:** لە ناو ژنەکانا یەك کەسێك هەبوو، گونیە نییە، ئەو رەفیـق عەلییە سەیرم کرد گونییەکان ئەداتە دەست ئەو کچە، گونێی بـەتاڵی سەموون، کە بۆ سەموون و شـت ئـەیانهاورد ئەیدایـە ئـەو، ئـەویش چوار چوار ئەیدایە دەم یەك و ئەی برد بـۆ لای ئـەوەی کـە ژێـری نییە، بە پارە ئەیفرۆشت پێی.

**پ: پارەی نەبوو یان حەزی لە کاسبی بوو؟**

**و:** کاسبی چی ئەبێ من کاسبی بکەم بە سەر ئەوانەوە، هەڵستام بە ڕەفیق عەلیم وت، وتم ڕەفیق عەلی ئەو گونیانە وا ئەیدەی بەو بیدە بە من .

**پ: ئەوەشت لێی بڕی؟**

**و:** ئا بڕیم لێی ڕاستییەکەی درۆ ناکەم، من کەسم زۆرە ئەیشۆرن ئەیدوورن، خۆم ئەڕۆم بزانم کێ نەیبێ فی سبیل الله وتم ( الله اجر همینه)، بە خۆڕایی ئەمدا پێیان. بەو شێوەیە هەڵستام گونیەیەکم لێ بڕی، جەماعەت گشتیان چاك ئەکرد ئەیاندووری کێ نەیبوایە دانەیەکم ئەدا پێی بۆ ژێری بە خۆڕایی.

**پ: تۆ لەوێ پارەت هەبووایە ئەتتوانی شت بکڕی؟**

**و:** ئا جەیش شەعبییەکان بۆمیان ئەکڕی.

**پ: جەیش شەعبییەك هەبوو ناوی ئەبو هەیسەم بێت، بینیبووت ؟**

**و:** ئەبو هەیسەم وەڵا ناویم بیستووە، ئەبو حیکمەت هەبوو ،ئەبو هەیسەم، ئەبو عەلی هەموو هەبوون .

**پ: ئەڵێ من شتم بردووە بۆ ئەو خەڵکەو یارمەتیم داوە، قوتی شیرم بۆیان بردووە .**

**و:** ڕاست ئەکا، ئەزانی چۆن بوو، ئێمە تەوسیەمان ئەکرد، ئەمانوت شیر بێنە بۆ ئەو منداڵانە تازە بوونە لە دایك، پارەمان ئەدا پێیان، بەڵام ئەوەش زۆر کەم بوو، شیر زۆر بوایە ئەو حەمکە منداڵە بۆ ئەمردن!!

**پ: ئەو پارەیەتان لە کوێ بوو؟**

**و:** من پارەم بۆ ئەهات لە ماڵ ئیلهام خوشکمەوە، ناڵێم ڕەفیق عەلی بۆمی ئەهاورد.

**پ: ئەی ئەوانی تر پارەیان هەبوو؟**

**و:** ئـەوانی تـر نـازانم، هـەیانبوو دە هـەزار دینـاری ئەسـڵی بەستابوو لە پشتی و هاوردیان لەگەڵ خۆیانا.

**پ: کەواتە شت فرۆشتن نەبووە؟**

**و:** شت فرۆشتن نەبوو، هەر ئەو گونیەیـە هـەبوو هیچـی تـر نەبوو، شت فرۆشتن لە دووبز نەبووە، جـەیش شـەعبییەکانیش ئـەو تەماتەو شـیرو شـتانەیان کـە ئـەهاورد بۆمـان یـەك فلسـیان ناخسـتە سەری، شتیش هەرزان بوو ئەو کات، جـەیش شـەعبییەکانیش خـوا هەڵناگرێت، زۆریان بە ویـژدان بـوون بـە دزی حکوومەتـەوە زۆر هاوکارییان ئەکردین، زۆریان ناڵێم هەموو، چەم بێ چەقەڵ نابێت.

## ناومان نەخوێندرایەوە

**پ: کە گەیشتە ئەوێ جارێکی دیکە جەردتانیان کردەوە ؟**

**و:** نا نا کە لە ڕێوە هـاتین بـەس بـە حسـاب ئـەو فایلـەی نییـە دراوەتە دەستیان لای زابتەکە بوو، بە حیسـاب فایلەکـە نەفەرنەفـەر ئەمانیان کردە ژوورەوە بۆ ناو قاعەکە.

**پ: هەر ئەو جارە بوو؟**

**و:** ئا بەڵێ هەر ئەو جارە بوو، ناومـان نەخوێندرایـەوە حـەتا لە کۆتایی بردمانیان بۆ تکریت.

**پ: نەتزانی ژمارەی قاعەکان چەنێکە لە دووبز؟**

**و:** نەوەڵا نەمزانی هەموو سەربازگەکە چەند قاعەیە.

**پ: ژمـارەی هـەموو ئەوانـەی لـە دووبـز بـوون تەقریبـەن چەند کەس دەبوون؟**

**و:** 7 هەزار کەس بووین.

**پ: چۆن زانیت 7000 کەسن؟**

**و:** گوێم لە ئامر سریە بوو، ئامر سریە بەرگی ئـەمنی لەبـەر بوو، بەرگی سەربازی بێ بەستنی پلەی سەربازی، ئـامر سـریە بـە ئامری وت بنووسە 7000 ژن و منداڵ عائیلە، بە گوێی خـۆم گـوێم لێ بوو.

**پ: ژمارەی قاعەکان نازانیت چەند بوو؟.**

**و:** ئێمـە 12 قاعـە بـووین، لەولاشـمانەوە 12 یـەکی دیکـە هەبوو، ژمارەی قاعەکان نازانم رێك چەند دووانزەیی بـووە، بـەڵام 24 نـەبێت ئـەوا 12ی دیکـە بخـەرە سـەری ئەوەنـدە بـووە یـان زیاتریش.

## وەجبە بردن بۆ مەرگ

**پ: دەڵێن دوو ژن لە دووبز ڕایانکرد، وابوو؟**

**و:** بـەڵێ، دوو ژن لـەوێ ڕایـانکرد، یـەکێکیان نـاوی خـاوەر بوو خەڵك لای ئێمە بوو، کـەریم باسـام ئەیناسـم، خـاوەرو ژنـێ تـر خەڵك دێی فەقێ مستەفای لای سەنگاو لەگەڵیا پێکەوە ڕایانکرد.

**پ: بەس ئەو دوو ژنە ڕایانکرد؟**

**و:** ئاخر تۆ گوێ بگرە، نەیانوت باریـان ئەکـەن و ئەیانبـەن، وتی: باجی ڕەسمی ئێمە ڕائەکەین.

**پ: بۆ ئەوان لە بارکردن ئەترسان ؟**

**و:** وتی ئەمانبەن، بەس نازانم بۆ کوێ ئەمانبەن.

**پ: کەس نەیئەزانی بۆ کوێتان نەقڵ دەکەن؟**

**و:** چاك ئەمزانی، بۆ مردن ئەمانبەن.

**پ: تۆ چۆن زانیت؟**

**و:** ئێ پێمانیان وت، وەڵاهی ئەوەی لەوێ بەرپرسـی جـەیش شەعبییەکان بوو، ئەو ئەیزانی، وتی خوا ڕەحمتان پـێ بکـات، خـوا ئینشەڵا دەرگاتان لێ ئەکاتەوە، ئینشەڵا عافوویيەکتان بۆ ئەدرێ.

**پ: واستە هەبوو، بۆ ئـەوەی یـەکێ واسـتە بکـات نـەیبـەن، نەقڵی نەکەن؟**

**و:** بـەڵێ واسـتە هـەبوو، پـارە بـدە بـۆ ئـەوەی نەیبـەن، حـەتا پرسـیاریان لـە مـن کـرد، ئەگـەر پـارەت هەیـە، مەحاوەلـە ئەکـەین نەجاتت بدەین، وتم وەڵاهی پارەشمان هەبێ نەجاتی خۆم نادەم، وتم لەم خەڵکە زیاتر نیم، وتـم لـە گـەڵ خەڵکەکـە ئەمێنمـەوە بۆ کوێیـان ئەبەن منیش ببەن.

**پ: ئـەو وەجبـە بردنانـە چـۆن چـۆنی بـوون چـەن وەجبـە خەڵکیان برد؟**

**و:** دوو مانگی پێچوو، هاتن یەکـەم قاعـە ئێمـە ببـەن، یەکـەم وەجبە هاتن بۆ ئێمە، چونکـە یەکـەم قاعـە بـووین، ئـەوەی مەسـئول بوو لە سەر ئێمە و فایلەکە دەورو تەسلیم ئـەکا لـەوێ نـەبوو، بۆیـە چوون بۆ قاعەکان ژوور، ئینجا ئێمە حەزەرمان وەرگرت، هـەموو شەوێ ئەوەی دوو کراسی هەبووایە، سێ کراسی هەبووایە، لە بـان یەکەوە ئەمانکردە بەرمان، ئاخر نەیانئەهێشت شت بەریتـە نـاو ئـەو ئۆتۆمۆبیلەی پێی ئەتیانبرد، دوو کراس و سێ کراسمان ئەکردە بەر خۆمـان و منـداڵمان، خۆمـان وەك بـت ئەوەسـتاین ئەوەنـە شـتمان کردبــووە بــەرمان، ڕەق ڕائەوەســتاین، نامــانتووانی بــە باشــی بچەمێینەوە، چیمان هەبوو کردبوومانە بەر خۆمان.

**پ: لای ئێوە لە چەنەم مانگەوە بردن دەستی پێکرد؟**

**و:** مانگ و نیوێکی مابوو دەرچین دەسـتی پێکـرد، پێشـتر لـە قاعەکانی ژوور بردبوویان، قاعەی کەلارییەکان، خەجێ کـە دشـی منە هاوسەری مام فایەقی قەواڵی بـوو، خـۆی و منداڵـەکانیان بـرد، خەڵکی قەواڵین ئەوان بەرکەوتن هەموویانیان بردو نەگەڕانەوە، تـا ئێستا نازانن چییان لێهات.

**پ: خەجێ لە دووبز بردیان؟**

**و:** لە دووبز بردیان بۆ گـۆڕی بـە کۆمـەڵ، فەهیمـەش دشـی منە، ئەویش لە خەتێ دیکەوە گیران، ئەوانیش فەوتان، وابزانم هەر

نەهاتە دووبز، خەڵکی گوندی لەکن، ئەویشیان بە منداڵەکانییەوە بردو نەگەڕانەوە، پێش ئێمە ئەوەی برا نەگەڕایەوە، وتیان زوو دوو وەجبە کەلارییان بردووە بۆ نوگرە سەلمان، دوایی لە عافواتەکە بەربوون، دەنا ئەوانی دیکە ئەوەی برا ئیتر نەبینرانەوە، ئێمەش بە ڕێکەوت بەر لێبوردنە گشتییەکە کەوتین، لە لێواری مردن گەڕاینەوە، خۆ یەك تاکە گەنجی پیاو بەر عافوات نەکەوت، تەنانەت دوای عافواتەکەش گیرا بێت لە ناو دراوە.

**پ: چەند ڕۆژ پێش ئێوە ئەوانیان برد؟**

**و:** چەن ڕۆژ پێش ئێمە؟ وەك ڕۆژ نازانم، بەڵام چوار وەجبەیان برد، ئینجا هاتنەوە لای ئێمە، لای ئێمە لە قاعەی دوانزەوە دەستیان پێ کرد، جاری 3 قاعەیان بار دەکرد.

**پ: ئەو وەجبانە چەنێ بەینیان بوو؟**

**و:** ماوەیەکی کەم.

**پ: یەعنی دایاننابوو هەر هەمووتان بەرن؟**

**و:** دایاننابوو هەر هەموومان بەرن، یەعنی تۆ ئێستا تەسەوەر بکە ئەو مەعەسکەرە حەوت هەزار کەسی تیا بووە، لە ئاخیرا زۆر قاعە هەر دەرگایان داخرا چۆڵ بوون، گشتی وەجبە وەجبە بردیان ئیتر ئیمەیان برد بۆ تکریت، دوای ئێمە چۆڵ تریش بووبوو، نازانم ئەو دوانزە ڕۆژە کەسی تر براوە، یان نا، خۆمان و شانسمان بەر عەفو کەوتین، کراینە ناو سەیارە مقەپەتەکەشەوە، بردن بە سەیارەی مقەپەت، یانی بۆ مردن ((جەیران ساڵەح خەڵکی

گوندی تاوێره بەرزی جەباری دەڵێت: ئێمەیان کرده سەیارەکەوه لە دووبــز عافوویــدا، دامانیــان گرتــەوەو کردمانیانــە قاعەکانــەوه بـەرەڵامانیان کـرد، بـۆ ئێوارەکـەی هێنامانیانـەوه بـۆ چەمچـەماڵ - چیرۆکـەکانی ئـەنفال- تەلـەفزیۆنی کەرکـووک، محەمـەد سـەیده - عەلی)).

**پ: وەجبەی چەند کەسیان دەبرد؟**

**و:** قاعه قاعه ئەیانبرد، هەمووی یەکپارچە، جەڵەبی کەسـیان تیا ناهێشت، یەکپارچە سواریان ئەکرد، تا مـن لـەوێ بـووم سـێ لـە قاعەکان لای ئێمە دوای بردنی ئەوانەی ناوی داخران.

**پ: ئـەو وەجبانـەی بـران کەسـت لێیـان دەناسـی؟ ئەگـەر کەست دەناسی نازانی چییان لێهات؟**

**و:** بەس خـەڵکی قـەواڵی و کۆرومـۆرم ناسـیووه، بـردران و نەهاتنەوه.

**پ: بە بۆچوونـت دوای ئێـوە لـە هـەموو قاعـەکان نزیکـەی چەندیان براون؟**

**و:** بە بڕوای من زۆرینە بەلای نیوەوە مابوون، بەڵام حەوت هەزاریش زۆره، هەزارانیان بـرد نەگەڕانـەوه، نـازانم دوای ئێمـە، ئاخر ئێمەش سێ قاعە زۆر زیـاتر بـووین لای خۆمـان، سـێ چـۆڵ بووبوو، ئێمەش تەقریبەن چوار قاعە بووین، واتا زۆرینە بووین.

**پ: پیاوێـک وتوویـەتی ژن و منـداڵم لـە دووبـز ڕزگـار کردووه، کەس لە دووبز لە ژن و منداڵ ڕزگار کرا؟**

**و:** کەسـی وا نـەبووە تـەنها دوو ژن خۆیـان ڕایـانکرد، وەك باسم کرد، ئیتر کەس کەسی ڕزگار نەکردووە لە دووبز، ئـەوەی وا بڵێت ڕاست ناکات.

**پ: بۆ بردنی ئەو خەڵکە ئەمر لە کێوە دەهات؟**

**و:** ئەمر لە سەرەوە ئەهات، ناوەکانیان لا بوو، ئـامر سـریەو ئامر قاتعیش نایانزانی کێ ناوی هاتووە بۆ نەقڵکردن، ناوەکـان لای ئامر سریە بوو، ئەو ئەمن بـوو (دووبـز بەشـێك بـووە لـە تـۆپزاوە، فەرمانەکە لەوێوە هاتووە- عەلی).

**پ: هیچ چوونە جێگـای ئەوانـەی وا دەیانیـان بـرد؟ چییـان بەجێدەهێشت؟**

**و:** جەماعــەت ئــەچوون هــەموو شــتیان جێهێشــتبوو، لــە ڕایەخەوە تا ئاڵتون و مەمە شووشە و نفووس و پارەش، نایانهێشـت عەلاگەیەکیش لەگەڵ خۆیان ببەن و سەرخەنە نـاو سـەیارە، بـە دار پێیانیان بـەر ئەدایـەوە، بـەڵام دوایـی قاعـەکان دائـەخران، تەنـانەت مەمە شوشەی مناڵیشیان لێمان سەند نەیـان هـێڵا لە گەڵ خۆیـان بـی هێنن.

**پ: ئەوانــەی لــە کـاتی بـردن خەڵکەکـەیان سەرئەخسـت، چەکداری ناو سەربازگەی دووبـز بـوون؟ یـان لەگـەڵ سـەیارەکان ئەهاتن؟**

**و:** چەكداری ناو معەسكەرەكە جەیش شـەعبییەكان لـە دوور ئەوەستان نزیك ناكەوتنەوە، تەنها ئامر سـریەكە وتمـان ئـەمن بـووە فایل بە دەستییەوە بوو لەگەڵیان ڕائەوەستا.

**پ: ئەوانە چییان لە بەر بوو؟**

**و:** ئەوانـەی بـۆ قاعـەی یـەك ئێمـە هـاتن، جلـی مـەدەنی لـە بەریان بوو، ئەمن بوون.

**پ: هەموو ئـەو خەڵكـەی نـەقڵكران بـە یـەك جۆر سـەیارە بردران؟**

**و:** ئەرێوەڵا یەك جۆر بوو، ئەزانی ئێمە هەموو ڕۆژ هەموو جلـەكانمان ئـەكردە بـەرمان، تـەنها شـەوان دامانئـەنا لـە ترسـی نەقڵكردن.

**پ: ئێـوە فایلـەكانتان لای كـێ بـوو؟ ئـەمن یـان جەیشـی شەعبی؟**

**و:** ئامر سریە مەسئوولی سـجنەكە بـوو، بـەرگی عەسـكەری بێ پۆستی سەربازی سەوزی تۆخی لەبەر بوو.

**پ: كەواتە ئەمن بووە؟**

**و:** ئەمنەكان دەرناكەوتن، هەر جەیش شەعبییەكان لە ناومان بوون، كاری ڕۆژانەمان لای ئەوان بوو، بـە عـام لەگـەڵمانا خـراپ نەبوون.

**پ: دەڵـێن مەسـئوول قاعەیـەك بـە نـاوی ئایشـە عـەرەب وتوویەتی خەڵك ڕەمی كراوە، زیندە بە چاڵكراوە، خوشكی شەهید**

**ئەرپەی گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکووک بوو، برایەکیشی لە ئەنفالەکە بە خیانەت شەهید کرا.**

**و:** وابوو خەڵکەکەی ئەترسان، وتم پێی ورەیان دامەگرە با نەترسن، وا مەڵێ ئیتر.

**پ: بۆ پێیان دەوت ئایشە عەرەب؟**

**و:** ئەو عەرەب نەبوو، دایکی ناوی حەلیمە و باوکی ناوی غەریب بوو، شێوەی بە عەرەبی ئەکردو عەرەبی باش ئەزانی، لە چەمچەماڵ مرد، زۆر کوردپەروەر بوو، تەنها ناوەکەی وا بوو.

## گواستنەوە بۆ ئەمنی تکریت

لەم زیندانە شوومەی دووبز کە لە ڕووی کارگێڕییەوە بەشێك بووە لە زیندانی تۆپزاوە، بە هۆی زۆری ژمارەی ئەنفالکراوەکان لە ناوەڕاستی مانگی چوار بۆ ناوەڕاستی مانگی پێنج، بەشێك لە زیندانییەکانیان لێرە بۆ کاتی گونجاو گلداوەتەوە، بۆ ئەوەی دواتر بۆ لەناودانیان دەستبەکاربن، دوای ئەوەی پیاوە گەنجەکان و بەشێك لە ژن و منداڵەکانی تۆپزاوە کۆتاییان پێدێنن، کات و شوێنی گونجاو بۆ ئەمانیش دەدۆزنەوە بۆ کۆتایی پێهێنانیان، واتە ئەمان لێرە بۆ زیندە بەچاڵکردن ئامادەکرابوون.

ئەنفالکراوانی ناو زیندانی سەربازگەی دووبز بارودۆخی ژیانیان تا ڕادەیەك لە زیندانی قەڵای نوگرە سەلمان باشتر بووە لە

خـواردن، ئـاو، چارەسـەری پزیشـکی، لـە گۆڕنـانی مردووەکـان و ئەشـکەنجەدان، بـەڵام لێـرە ئـەمان لــە قۆنــاغی ئیعــدامی پــێش جێبەجێکردنـدا بـوون، ئاویـان هـەبووە، دەرچوونیـان لـە هۆڵـەکان هـەبووە، بـەڵام ژیـانی داهاتوویـان دیـاریکراو بـووە، چـاوەڕوانی جێبەجێکردنی مەرگ بوونە، لیرە ئامادە دەکران بۆ ئیعدامکردن، تـا جێگـای جێبـەجێکردن و جـەللادی جێبەجێکـەر ئامـادە دەکـران بـۆ جێبەجێکردن، سەربازگەکە هۆڵی چاوەڕوانی ئیعدام بووە.

**پ: لە نەقڵکردن دەترسان ؟**

**و:** بە عام زۆر زۆر ئەترساین، کە وتیان نەقڵن، ژنێك خەڵك زەڕایەن لە ترسا لە هۆش خۆی چـوو، ئیتـر لـە هـەموو وەجبـەکان شتی وا ڕوویداوە. وەڵڵا من شەخصـی خـۆم نـا ترسـام، خـەڵك تـر هـەبوو ئەترسـا، بـەڵێ وەڵـڵا مـن چـۆن بڵێـی چونکـە مـن خاوەنـد مەبدەئێك بووم، ترس نەبوو لە دڵـی منـا، ژنـە دنیادیـدەکان زۆریـان بینیبوو، زۆریان ناترسان، ئەگەر بترسایام تاقەتم نابوو تیماری ئـەو حەمکە خەڵکە بکەم، بترسـایام نـەم ئـەتووانی خـواردن بخـۆم، بۆیـە ناترسام.

**پ: چەندی مانـگ بۆ نەقڵ کردن نۆرەی ئێوە هات؟**

**و:** وەڵا ناڵێم چـوار مانـگ و بیسـت ڕۆژ لـە دووبـز بـووین، ئیتر ئێمەیان برد بۆ تکریـت، سـێ ڕۆژ دوای عەفوەکـە بـەردراین، دوو ڕۆژ دوای جەریدەکـــەی حەمـــەد بـــەربووین، ڕۆژی دوای عافواتەکـە حەمـەد جەریـدەی بـۆم هێنـا بڕیـاری عافواتەکـەی تێـدا

نووسرابوو (بڕیاری 736 لـە 6-9-1988 دەرچـووە) ، ئێمـە 9-9-1988 بەربووینە، لە نێوان 27-28-8 برداوین بۆ ئەمنی تكریت.

**پ: چەند ڕۆژ لە تكریت بوون؟**

**و:** بە گشتی.دوانزە ڕۆژ لە تكریت بووین.

**پ: بە چ سەیارەیەك بردران؟، چەند كەسی تیا بوو؟**

**و:** ئەوانەی نەقڵ ئەكران، هـەموویان بـە یـەك جـۆر سـەیارە ئەبران، سەیارەكان وەك یەك بوون، ئیتر نازانم هەر ئـەو سـەیارانە بوون، یان جیا بوون، بە سەیارەی موقەپەتی شین بردمانیان.

**پ: ئەویش شین بوو؟ هەر ئـەو نـەوعە بوو كە ئێوەیان پێی برد بۆ دووبز؟**

**و:** بەڵێ هەمان ئەو جۆرە بوو.

**پ: چەند كەسیان لە سەیارەكە كردبـوو، ئێـوە گرووپەكـەی خۆتان هەموو پێكەوە بوون؟**

**و:** گرووپ خۆمان و زۆری دیكەشیان تێپەستا، كە ڕۆیشـتین هەموو بووینە زیاتر لە 65 بۆ 70 كەس .

**پ: ئەو وەجبەیە بە هەمووی چەند كەس بوون؟**

**و:** ئەو وەجبەیەی ئێمە بە هەمووی 750 نەفەریان برد.

**پ: سەرەتا زانیتان بۆ كوێتان دەبەن؟**

**و:** یەكەمجار نەمانزانی، نامانزانی مەسیرمان كوێیەو چییـە، بەڵام لە ڕێگا بە قیتعەی سەر شەقامەكان زانیمـان بـەرەو تكریتمـان

ئەبەن، لە نێوان بنمیچی سـەیارەکەو تەنیشـتەکەی بـەتاڵایی هـەبوو، قیتعەکانمان ئەخوێندەوە.

**پ: هیچتان لەگەڵ خۆتان برد؟**

**و:** گشـت شـتەکانمان بەجێهێشـت، ئـەوەی یـەك عەلاگـەی بچووکیشی پێبوایە بە دار دەیاندا لە دەستی پێیان بەرئەدایەوە.

**پ: ئەو شتانەی هەتان بوو چیتان لێی کرد؟**

**و:** لە دووبز بە جێمانهێشت، تەنها ئەوانەی بەرمان برد.

**پ: هـەموو شەشەکانیشـتان جێهێشـت، بـەتانی، سـەرین، دۆشەك؟**

**و:** هەموو هەمووی، تەنها ئەوانـەی بـەرمان لەگـەڵ خۆمـان هێنا، ئەو سەیارەیەی بردمانی عەلاگەیەکی تیا نەبوو.

**پ: ناو سەیارەکە وەزعتان چۆن بوو؟**

**و:** حاڵمان نـەبوو لـە بـەر تـەنگی جێگـا، لـەش لـە بـان لـەش بـووین، گــەرماو تەنگەنەفەسـیش لــەو لاوە بووەسـتێ، منداڵــە کۆرپەکان وەزعیان خراپ بوو، بە خوا ڕێگا دوور بوایـە ڕوحیـان دەرنـاکرد دەمـردن، بـۆ دووبـز بردمانیـان دنیـا ئەوسـا فێنـك بـوو ڕێگاکە نزیکتریش بوو، بۆیە ئەوسا وا تەنگەتاو نەبووین .

**پ: چەنتان پێ چوو تا گەیشتنە جێی مەبەست؟**

**و:** نزیك دوو سەعات کەمتر بوو.

**پ: سەیارەکە لە ڕێگا هیچ راوەستا بۆتان، بۆ ئیسـراحەت، ئاو خواردنەوە، پێداویستی منداڵ؟**

**و:** نا نا هیچ ڕانەوەستا.

**پ: هیچ چەکدار لەگەڵتان سوار بوون؟**

**و:** لەگەڵ سایەقەکە یەکێك سوار بوو، چەکدار بە بەرگی مەدەنییەوە، ئیتر نازانم قافڵەکە چەکداری تیا بوو بێت بۆ پاراستن لەمسەرو ئەوسەر قافڵکە، ئێمە کە لە ئەمن خۆم و منداڵەکانم براینەوە بۆ دووبز دوو سەیارەی عەسکەری پڕ لە چەکدار لەگەڵمان بوون، بۆیە لێرەش هەر وا بووە.

**پ: چەکی چییان پێ بوو؟، چۆن چەکەکانیان گرتبوو؟**

**و:** تفەنگی کورت.

**پ: جیاوازی چەکدارەکان چی بوو لەگەڵ ئەو چەکدارانەی بردتانیان بۆ دووبز؟**

**و:** ئەمان بەرگیان مەدەنی بوو.

**پ: کەی گەیشتنە تکریت؟**

**و:** پێش نیوەڕۆ گەیشتین.

**پ: مەعەسکەرەکە لە کوێی تکریتەوە بوو نەتانزانی؟.**

**و:** لە ناو ئەمنی تکریت بوو.

**پ: چۆن ئەزانی ئەمنی تکریت بوو؟**

**و:** بەرێوەڵا ئەمانزانی، ئاخر دە بزانە، ئەودیوی ئەمن بوو، ئەمدیوی سجنەکە بوو، کەمێك بەینیان هەبوو، دە پانزە شەقاوێك .

**پ: قاعەکان گەورە بوون؟**

**و:** قاعەی گەورە بوو، دوو قاعە بوو ئێمەیان کردە ناوی.

**پ: بانی جەمەلۆن بوو، یان چیمەنتۆ بوو؟**

**و:** جەمەلۆن بوو.

**پ: هەر ئەو دوو قاعەیەی تیابوو، یان قاعـەی تریشـی تیـا بوو؟**

**و:** نا ئەوەنە سەیرم ئەکرد، لەو لاوە قاعەی بچووك بچووكی تری تیا بوو، لـەو لاوە لـە دوورەوە، بـەس ئێمـەیان كـردە ئـەو دوو قاعەیەوە .

**پ: باب نیزامی هەبوو؟**

و: ئەی چۆن ئەرێوەڵا بابی نیزامی هەبوو.

**پ: چی بوون ئەوانەی لە باب نیزامەكە بوون؟**

**و:** ئــەمن بــوون، ئەوانەشــی كــە حەرەســی ئێمــە بــوون، هەموویان ئەمن بـوون، حەمـەدی نـاو بـوو كوڕەكـە عـەرەب بـوو، ئەوەی حەرەسی تایبەتیمان بـوو لـە بـەردەم قاعەكـەمان، هـەتا بـەو حەمەدەم وت دووان لە منداڵەكان شیریان نەمابوو، چونكە لـە كـاتی هێنانمان بۆ تكریت، مەمە شووشەكەیان لە دەستیان فڕێدابوو، داوام لێی كرد شیرو مەمە بۆ منداڵی قاعەكەی خۆمان پەیدا بكات، ، پێـیم وت: حەمەد پارەت ئـەدەمی دوو شـیرم بـۆ بێنـە لەگـەڵ دوو مەمـە، وتی ئەیهێنم، بە منی ئەوت خاڵە، وتی خاڵە وەڵلاهی ئەگـەر بێـت و بـزانن ئیعـدامم ئەكـەن، وتــی بــا نــەزانن جــاریٚ هــاوردی، وتـم پارەكەیت ئەدەمیٚ، پارەكەی وەرنەگرت لێم .

**پ: ئەو دوانزە ڕۆژە، شەوو ڕۆژ هەر حەمادی حەرەستان بوو؟**

**و:** ئەو دوانزە ڕۆژە، جگە لەو کەسی ترم نەبینی.

**پ: قاعەکـەتان چەنـد کەسـی تیـا بـوو، ئـەوەی ئێـوە لێـی بوون، تەقریبەن؟**

**و:** ئێمە هەموومان 750 کـەس بـووین، دابەشـی دووی بکـە، نیوەی لە قاعەکەی دیکە بوون، نیوەشی لـەملا بـوون، لـە قاعەکـەی ئێمە.

**پ: ئەی خواردنتان چۆن بوو؟**

**و:** وەڵا خواردنمــان زۆر بــاش بــوو، ئــەو دوانــزە ڕۆژە خواردنیان ئەهاورد بۆمان، زۆر بـاش بـوو، یـەعنی عـەجایب بـوو خواردنەکـەیان، بـەیانیان سـەموون و شـووتی، نیمـەڕۆیان شـلەی باینجان گۆشتی تیابوو، یان شلەی کولەگـە بـوو ئیتـر هـەر شـلەیەك بێــت، ئێــوارانیش گڵاســێ لــە ماســتەکانیان ئــەدا پێمــان لەگــەڵ ســەموونێك، قاپیــان دابــوو پێمــان، عەینــەن وەك قــاپی قوســعەی عەسکەری، من خواردنەکەم بە سەریانا دابەش ئەکرد.

**پ: تۆ بەس لە قاعەکـەی خۆتـان خواردنـت دابـەش ئـەکرد یان لە هەردوو قاعەکە؟**

**و:** لە هەردوو قاعەکە من خواردنەکەم دابەش ئەکرد.

**پ: بۆ تۆیان هەڵبژاردبوو؟.**

**و:** وەڵا لەوێ معاون مودیر ئەوێ بانگمی کرد وتی: یاهو منکم یعرف عربی؟ وتم ئانی، وتی وەرە ئەم شتانەت ئەدەمێ تۆ دابەشی بکە بە سەریانا، وتم باشە.

**پ: چۆن دابەشتان ئەکرد؟**

**و:** من ئەمپرسی خێزان خێزان چەند کەسن، دە نەفەرن بە گوێرەی دە نەفەرەکە خواردنم بۆیان تێ ئەکرد، چەند کەسن چوار نەفەر، بە قەد چوارەکە خواردنم بۆیان تێ ئەکرد، ئیتر ئاوا هەر کەسەو خێزانەو بە پێی ژمارەیان، ئەگەر خواردنەکە بەشی نەکردایە داوای هی دیکەم ئەکرد، خواردنەکە باش بوو، بەڵام کەم بوو هەندێك جار بەشی هەمووی ناکرد.

**پ: بە خوارنەکە تێرتان دەخوارد؟**

**و:** بەڵێ خواردنێك باش بوو.

**پ: خواردنی تکریت باشتر بوو یان دووبز؟**

**و:** تکریت باشتر بوو.

**پ: کێ خواردنەکەی بۆتان دەهێنا؟**

**و:** وەك دووبز نەبوو لە معەسکەرەوە بێت، ئەمە ئەمن بۆمانی ئەیهێنا.

**پ: دەتانزانی خواردنی پێش مردنە؟**

**و:** من ئەمزانی، بەڵام مەجبوور بووین دڵی خۆمان بدەینەوە، مرۆڤ حەزی لە ژیانە تا کۆتایی دێت.

**پ: شەوان دەرگایان لێتان دا دەخست؟**

**و:** بەڵێ دەرگا داخراو بوو شەوو ڕۆژ هەموو کات، شەوو ڕۆژ داخراو بوو، بەس من نەبێ حوڕیەتیان دابووپێم، کوڕەکە حەمەد حەرەسەکە دایم لە بەر دەرگا بوو، من دەرچوومایە دەرەوە ئاسایی بوو منداڵەکانم ببردایە، عەینەن هەموو ئەیانمبرد وەك چۆن وەجبە وەجبە، وەڵا هەر بیاندایە لە دەرگا بیانوتایە گەرەکمانە بچین بۆ ئاو دەست ئیتر دەرگایان ئەکردەوە، حەمامی لێ نەبوو نازانم ئیتر حەوشیش نەبوو، دەرچوونە دەرەوە نەبوو بۆ ناو حەوشە.

**پ: ئەدی خۆشووشتنیش نەبوو؟**

**و:** ئەو دوانزە ڕۆژە لەوێ، هیچ خۆمان نەشووشت، بەس دەمووچاومان دەشووشت من دەیانم برد، پەڕوپاتاڵی منداڵیش دەشۆراو ژنەکان دەیانهێنا دەیانشووشت.

**پ: لێدان هەبوو؟**

**و:** نا.

**پ: منداڵ مردن هەبوو؟**

**و:** مردن نەبوو، ئەوەندەی ئێمە لەوێ بووین هیچ کەس نەمرد، نە منداڵ نە گەورە.

**پ: ئەی ئەو دوانزە ڕۆژە منداڵ لە دایك بوون، نەخۆش کەوتنی مەترسیدار نەبوو؟**

**و:** ئەویش نەبوو، نەخۆشی تیابوو، یەکێکی کوڕەکەی خۆم بوو، یەعنی بمانیانبردایە بۆ نوگرە سەلمان بۆ مردن بوو لە ڕێگا

بەرگەی گەرماو برسێتیان ناگرت لەو ڕێگا دوورو درێـژە، لاوازو بێ هێز بووبوون .

**پ: ناو نووسین، جـەردکردن، ئـەڵێم جـەرد کـردن نـەبوو ؟ ناو نووسین، لە تکریت جارێکی دیکە جەرد نەکرانەوە؟.**

**و:** نا نا نەبوو.

**پ: کـە هێناتانیـان بـۆ تکریـت هـەر نـەبوو، کـە ویسـتیان بتانبەن بۆ زیندە بەچاڵکردن هەر نەبوو؟**

**و:** با با چۆن لە هـاتن و بـردن جـەرد کـردن هـەبوو، دەورو تەسلیم کراین بەس ڕۆژانە نەبوو.

## گەڕانەوە لە مردن

**پ: چۆن ئاگادار کرانەوە بۆ بردن؟**

**و:** ئاخر کەڕەت هەشتەم ڕۆژمـان لـەوێ وتـی بـە مـن پێیـان بڵی ئێمە دێین ئەوەی پـارەی پێیـە ئـەوەی ئـاڵتونی پێیـە گشـتی ئێمـە ناوتان ئەنووسین، زەرف دائەنێین، ئاڵتون و پارەکەتان دانێن لە بان مێزەکە، ئەیکەنە ناو زەرفێك لە بـانی ناوتـان ئەنووسـین، مەسـەلەن ئەم زەرفە هی ڕەسمییەیە بۆتان هەڵیئەگرین.

**پ: کێ پێتی وت؟.**

**و:** معاون مودیر ئەمن.

**پ: معاون ئـەمن نـەیوت سبەی بۆ کوێتان دەبەن؟**

**و:** وتی ئەتانبەین بۆ مجەمەع.

**پ: ئەی بۆ تەفتیش کردنی ژنان چی وت؟**

**و:** هەڕەشەی کرد بۆ تەفتیشکردن بە ئافرەتی ئەمن، وتی ئەیانهێنم هەمووتان تەفتیش بکات، هیچ مەشارنەوە، بەڵام نەیهێناو بەس ترساندمانی، بەینمان کەمبوو لە گەڵ دائیرەی ئەمن، تەنها دەرابەیەك لە نێوانمان بوو، قابیلە ئەوێ ژنی تیا نەبووبێت.

**پ: دوای ئەوە ئەشیاکانتان دانا ؟**

**و:** ئەشیاکان بۆ بەیانی مێزو کورسییان دانا، ئیتر ڕۆیشتمە لای مێزەکە موترەجم بووم، هەبوو گوارە لە گوێچکی ئاوها ڕایانئەکێشا بە زۆر دایانئەکەند لە گوێچکەیان خوێنیان لێ ئەهات ئەیانکردە برین، ئیتر من وتم دەستی لێ مەدەن، خۆم دەری ئەکەم لە گوێچکی، ئیتر هێواش هێواش گوارەکانم دائەکەندو ئەوەی لە گوێچکەی بووایە، هەندێکیان بە مووس گوارەکانم لە گوێیان دەرئەهێنا عەیب نەبێت.

**پ: ئەی باشە ئاڵتوونیان لە تۆپزاوە لێتان نەسەندبوو یان لە دووبز؟**

**و:** نا نا لێمانیان نەسەندبوو، هەتا هاتینە تکریت، لەوێ لێمانیان سەند.

**پ: هەموو شتەکانتان پێ بوو؟**

**و:** گشتیمان پێ بوو.

**پ: جنسیەو شتیش؟**

**و:** هـەمووی هـەموویمان پـێ بـوو ئەوانـەی لـە گیرفانمـان جێگایان بووبووەوە .

**پ: ئەو شتانەی لێتانیان ئەسەند ئەیانیان نووسی؟**

**و:** بـەڵێ ئەیاننووسـی، ئـەیانکردە نـاو زەرف و لـە بـانی ئەیاننووسی نموونە رسمییە نەجمەدین محێدین، هـەر نەفـەرێك بـە جیا زەرفی هەبوو، گشتیان ئەکردە ناو گونیەیـەك، بۆ ئـەوەی ئێمـە شك نەخەینـە سـەریان، توومـەزە ئەمـە بۆ ئەوەیـە ئێمـە نەبـەن بۆ مردن، ئەمانـە بۆ خۆیـان دوایـی لـە بـەین خۆیانـا دابەشـی ئەکـەن، گشتی سەرتاپا ئەوەی پێمان بوو کرایە نـاو زەرف و گونییـەوە هـی هەموومان، ئەنجا ئەو خەڵکە ئەو کاتە هاتنە لام وتیان چی بکـەین؟، ئەو ئەیوت من ئەوەنە پـارەم پێیـە، یـەکێ دیکـە ئـەیوت مـن ئەوەنـە پـارەو ئەوەنـە ئـاڵتونم پێیـە چـی بکـەم؟، کێشـەکە قـورس بـوو چارەسەری هەموو ئەمانە، زۆریشـی داوای ڕێنوێنییـان لـێم ئـەکرد کە ڕێگایان پێ نیشان بدەم، پێی بڵێم ئەوەنە پـارە مـەدە، دوایـی پێـی بگرن و بڵێ وەڵا باجی ڕەسمییە وای وت، ئێ مـن تـەعزیب ئـەدەن لە جیاتی ئەو، وا نییە؟

**پ: بـەڵێ وایـە، ئـێ چیـت کـرد، کێشـەکەت چـۆن بۆیـان چارەسەر کرد؟**

**و:** بـە ناڕاسـتەوخۆ پێیـانم وت، وتـم وەڵـڵا ئێـوە خۆتـان بەرپرسن لە سەر خۆتان، بەس ئەوەی ئێمە وتم هەر یەکی دە دینـار دائەنێین حەڵقەکـەی دەستمیش دیـارە، حەڵقەکـەش دائـەنێم لـە گـەڵ

سەعاتەکە، ئیتر ئەوەی دیکە پارەو مارەت پێ بێ هەڵی ئەگرین، ئێوە خۆتان تەحەمول مەسئولیات ئەکەن، هەڵی ئەگرن، هەڵی ناگرن خۆتان ئەزانن، بەو شێوەیە پێیانم وت، ئیتر ئەوەی عەقڵی بێ هەڵیگرتبوو، ئەوەشی عەقڵی نەبووە ڕێك کردویەتییە ناو زەرفەکە تەواو، وەڵا دەرپێ کورتمان دروستکردووە بە پارچە گونیەو پارچە خێمە لەو ناوە کەوتبوو بۆ شاردنەوەی پارەی خەڵك، هەڵیان دەکێشا دەیانکردە پێیان پارەیان تیا دەشاردەوە.

**پ: هەستتان بە هیچ نەکرد ئەم شتانەتان لێ ئەسەنن شتێك بێت ڕوو بدات؟.**

**و:** من ئەمزانی .

**پ: ئەو دوانزە ڕۆژە وەجبەی دیکەیان لە دووبزەوە نەهێنا بۆ ئەوێ؟**

**و:** نا نا نابێت ئێمە بڕۆین تەواو بین، ئەنجا وەجبەی دیکە بێنن، وەڵا ئیتر ئێمە لە ڕۆژی نۆیەم قەرارەکە دەرچوو عافوو کراین، نا هیچ نەهات، بەینەکانم نازانی، لەوانەیە بۆ جێگای تر بردرابێتن، مەرج نییە تەنها بۆ تکریت هێنرابێتن، لەو جنووبە سەحرا زۆر بوو بۆ زیندە بەچاڵکردنمان، دوای نەقڵکردنمان من ئیتر ئاگام لە دووبز نەما.

**پ: کەی سەیارەکانیان هێنا؟**

**و:** ڕۆژی دوایی بۆ عەسرەکەی سەیارەیان هێنا.

**پ: کاتژمێر چەند سەیارەکان هاتن؟**

**و:** دوای عەسرەکەی بوو بەرەو خۆرئاوا بوون ئەچوو، چونکە کە گەڕاینەوە ئەوجا خواردنی شەومان بۆ هات.

**پ: ئێوە ئەڵێن ناوتانیان خوێندۆتەوە ئەو وەجبەیە بۆ بردن.**

**و:** نەك هەر ئەوەندە، چوومانە ناو سەیارەکەش بۆ ئەوەی بمانبەن بۆ ئەو جێگایەی دیارییان کردبوو بۆمان زیندە بەچاڵ بکرێین، دیارە چاڵەکەشمان بۆ حازر کرابوو، یەکێك لە ئافرەتەکان پەروینی ناو بوو، خەڵکی جەباری لای خۆمان بوو، ناو باوکی غەڵەت بوو .

**پ: خەڵك کوێ بوو ئەو پەروینە؟**

**و:** خەڵك جەباری بوو شێخ جگیری، ناوەکەیان پێوانە و کێشانەیان ئەکرد، یانی هێنان و بردنیان بۆ ئەکرد.

**پ: ئەتناسی؟.**

**و:** ناوەڵا وەك شەخصی نایناسم، پێوانەو کێشانەیان کرد بۆ ناوەکەی بۆ باوکی دەڵێن خەڵکی شێخ جیری بووە، سجنیان هاوردو سجنیان برد لەم هینە بووین دواکەوتین، سەیارەیەك لە دائیرەی ئەمن لە دەرگاکە هاتە ژوورەوە، سەیارەیەك سپی بوو هاتە ژوورەوە، وەك وتم پێش خۆرئاوا بوون هاتن .

جماعەتەکە پەروینیان لەوێ جێهێشت چوونە لای ئەو سەیارەیە، لەوێ وەرقەیەکیان دەرکرد پێشانیان دا وتیان ئەوانەی وا

نەیانتان بردووە با بگەڕێنەوە، هەتا لە ناو سەیارە بووین، وتیان دابەزن بگەڕێنەوە بەیانی قەرارتان بۆ دەرچووە.

**پ: پەروین لە دووبز لە قاعەکەی تۆ نەبوو؟**

**و:** نا لە قاعەکەی ئێمە نەبوو

**پ: دەبووایە پەروینتان بدۆزیایەتەوە، ئەو 750 کەسی لە مردن رزگار کرد، ئێستا چیرۆکی مردنتان بۆ ئێمە دەگێڕنەوە، با هەموو پێکەوە بیدۆزینەوەو ڕێزلێنانی بۆ بکەین.**

**و:** ئێمە کە هاتینەوە کەوتینە ناو موشکیلەی خۆمانەوەو بیریشمان لەوە نەکردبووەوە.

**پ: دوای ئەوە چییان لێتان کرد؟**

**و:** ئیتر دابەزیمان، هەندێکی لە هۆش خۆی چوو بوو، کەسمان ئاسایی نەبووین، هەموو ڕوح لە گیانمان نەمابوو.

**پ: ئەوانە بۆ لە هۆش خۆیان چووبوون؟**

**و:** زۆریان لە ترسا ، کە دامانیانگرت بینیمان هەر ژنەو لە هۆش خۆی چووە، ئیسعافیان هێنا بردیانیان بۆ خەستەخانە شەو هێنایانیانەوە، مغەزیان بۆیان دەبەست، فەریدەمان لەگەڵا بوو هەر زمانی بەسترا.

**پ: ئەدی تۆو جەماعەتەکەت؟**

**و:** وەڵا سەیارەکەی ئێمە دیسان زیاتر لە 65 کەسی تیا بوو، بەلآم ئەشیامان هیچ پێ نەبوو، جەماعەت خۆمان من و چوار منالەکەم و سەدریە هاوسەری ئەمین شوبرام و مندالەکانی قەدریە

و شـەیماو سـەبری و سـالار، رەحـمە خوشـکی ئەحـمەدو نەسـرین هاوسەری مەحمود و منداڵەکانی مهاباد ئاوات و گۆران و چۆمـان، هەروەهـا نوسـرەت و مناڵەکـانی و نەهیـد خـۆی و مناڵەکـانی هاوسەرەکانیان خاڵۆزاو میمکزای من بوون ، عەتیەو سـێ کچـی و نەسرینیش خۆی کوڕەکەی، شتێکم لە یاد کـرد لە قـاعەکەی ئـێمە لە دووبز 3 منداڵ لە دایك ببوون، دوو منداڵیش مردن بـۆ ئاگاداریـت، نەسـرین هاوسـەری ئیبـراهیم عەزیـز منـداڵی بـوو، لە گەڵ عەتـیە پیاوەکانیان بران، ئێمە هەموو لە ناو ئەو سەیارەیە بووین.

**پ: کـەی نـاوی تۆیـان خوێنـدەوە بـۆ بـردن بـۆ گـۆڕە بـە کۆمەڵەکان؟**

**و:** یەکەم کەس من و منداڵەکانم ناومان خوێنرایەوە بۆ مـردن لە تکریت.

**پ: کــە عەفوەکــە هــات، دەم و چــاوی ئەمنــەکانت چـۆن خوێندەوە؟، پێیان خۆش بوو، یان توڕە بوونیان پێوە دیار بوو؟.**

**و:** زۆریـان پـێ نـاخۆش بـوو، بـە تایبـەت ئەوانـەی پـارەو شتەکانیان لێمانسـەند، خۆیـان بـۆی حـازرکردبوو تـاڵانی بکـەن. کە دابەزیمان حەمەد ئەو ئەمنەکە کە دەیان وت مفەوەزە، هاتە لام وتـی (خالە انشائەالله تتلعون من سجن قرار من صدام حسین بـاجر او عكبه) .

**پ: ئەو هەموو تەرجەمەو خواردن دابەشکردن و دەرزی لێدان و مامانی و پەرستارییەی کردت، دادتی نەدا یەکەم کەسیش سوارکرایت بۆ مردن؟**

**و:** ئەرێوەڵا.

**پ: لە کام زیندان بە تەواوی یەکلا بوویتەوە ئێوە بۆ مردنن؟**

**و:** لە زیندانی تکریت بە تەواوی یەکلا بوومەوە چارەنووسمان مردنە، بەڵام ڕۆژمان تەواو نەبووبوو.

**پ: دوای ئەوە هێناتانیانەوە بۆ کوێ؟**

**و:** دوای ئەوە هێنامیانیانەوە بۆ قاعەکان خۆمان، بەڵام ئیتر شەوو ڕۆژ دەرگا کراوە بوو، ئەو ژنانەشی بوورابوونەوە ئیسعاف بردبوویانی بۆ خەستەخانە شەو گەڕاندیانیانەوە بۆ قاعەکان، هەندێکیان موغەزی بە قەدیانەوە هەڵواسرابوو.

**پ: ئەو ئێوارەیەی گەڕاندتانیانەوە، خواردنیان بۆتان هێنا؟**

**و:** هێنایان بەس من دابەشم نەکرد وەك چۆن دەڵێن وەك مانگرتنێك، بۆیە کەمی کرد.

**پ: کە دابەشت نەکرد تووڕە نەبوون لێت؟**

**و:** تووڕە نەبوو، بەڵام وتی بۆ ناتوانی دابەشی بکەیت، وتم ئێوە ئێمەتان کوشت، وتی ئەگەر ئێوەمان ببردایە بۆ مجەمەع چیتان ئەکرد، وتم مجەمەعی ئێوە عەرعەرە.

**پ: دوای ئەوە تەلەفزیۆنیان بۆتان دانـەنا، یـان جەریـدەتان بۆ بهێنن بڕیاری لێبووردنە گشتییەکەی تیا بێت؟**

**و:** حەمــەد ڕۆژی دوواتــر جەریــدەی بۆمــان هێنــا، وتــی خزمەکـەی تـۆ شـمولی ناکـات ئـاخر لـە جنسـیەکەم نووسـرابوو تاڵـەبانی، منـیش وتـم بـا شـمولی تاڵـەبانی نـەکات، ئـەمجا ئـەو لـە ئەمەریکا پای ناوەتە سەر پێوە.

**پ: چەند ڕۆژ دوای جەریدەکەی حەمەد ئازادکران؟.**

**و:** دوو ڕۆژ دوای جەریدەکە بەردراین.

## ڕزگاربوون لە ئەنفال

**پ: کەی ئۆتۆمبیل هات بۆ بەردانتان؟**

**و:** دوای نانی بەیانی، پاسەکان هاتن بۆ ئەوەی بمانبەنەوە بـۆ کوردستان.

**پ: بۆ بەردان جەردتانیان کردەوە؟.**

**و:** ئەرێوەڵا، بە نـاو خێـزان خێـزان خراینـە نـاو سـەیارەکە، عەسـکەرێکیش بــە چەکـەوە لەگـەڵمان سـوار بـوو، تـاکو گەیشـتینە عەربەت لە لای سایەقەوە سوار بووبوو.

**پ: بە سەیارەی چی ئێوەیان بردەوە؟، هەمووتانیان پێکەوە بردەوە بۆ بەردان؟**

**و:** هەمووومان هەر 750 کەسەکە، سەیارەیەك گەورە هەموو چوار دەوری جام بوو، سەیارەکە لە پاسە سوورە مەسڵەحەکان جاران گەورەتر بوو، نازانم چەند سەیارە بووین، هەموومانیان پێکەوە برد.

**پ: ئێوەیان هێنایەوە بۆ تۆپزاوە کە بەردران؟**

**و:** نا تا گەیشتینە عەربەت پاسەکە رانەوەستا.

**پ: تۆ چەنەم کەس بۆ بەربوون سوار بوویت؟**

**و:** وتیان گەردنمان ئازا بکە، بۆ ناردنەکە یەکەم کەس بوویت، ئێستاش یەکەم کەس سوار ببە.

**پ: چەن سەیارە بوون ئێوە؟**

**و:** نازانم چەند سەیارە بووین .

**پ: عەسکەرەکە چییان وت؟**

**و:** داوایان کرد چەپڵە لێبدەین بۆ بەربوونمان.

**پ: کەس چەپڵەی لێ دا؟**

**و:** هەبوو زیاتر منداڵەکان، هێشتا نامانەزانی قورمان بۆ گیراوەتەوە، ئاگامان لەوە نەبوو چ کارەساتێك قەوماوە.

**پ: یەکەمجار ئێوەی هێنایەوە بۆ کوێ ؟**

**و:** یەکسەر بردمانیان بۆ کەرکووک، لە کەرکووکەوە بردمانیان بۆ چەمچەماڵ، لە چەمچەماڵەوە بۆ سلێمانی، لە سلێمانییەوە بۆ عەربەت، لە عەربەت دابەشمانیان کرد، ئەوەی خەڵکی کەلار بوو بۆ کەلار ڕۆیی، ئەوەی خەڵکی چەمچەماڵ و

کەرکووک بوو بۆ چەمچەماڵ بردیان، ئەوەی زەڕایەن بوو بۆ زەڕایەن، ئاخر یەك دوو ماڵی زەڕایەنیشمان لەگەڵ بوو، نازانم لە کوێ گیرابوون.

**پ: زۆربەی ئەوانەی ئازادکراون هێنراونەتە تۆپزاوە؟**

**و:** ئێ ئاخر وەجبە وەجبەیە ئیتر هەر کەس خۆی و هینی خۆی.

**پ: وەرەقەی بەربوونت ماوە هی ئەو کاتە؟**

**و:** نا وەڵاهی ئەو کاتە لە 1991 گشتی تەواو بوو، بە ماڵەوە بە هینەوە گشتی ڕۆیی و فەرهود کرا، لەوانەیە ئەوانەی لەگەڵم بوون مابێتیان.

**پ: کێی تر لەوێ لەگەڵتانا بوو لە ناو پاسەکە لە کاتی بەربوونەکە؟**

**و:** ئەی ماڵ خەزوورانم گشتیان لەگەڵما بوون.

**پ: کاك ئەحمەدت بینییەوە؟.**

**و:** تۆ بزانە لە چەمچەماڵ ئەحمەد سەیارەی گرت بە 40 دینار کەوتە دووامان، بەرگ عەسکەری لەبەر بوو، لەوێ لە عەربەت گەیشت پێمان، لەگەڵمان هاتە ژوورەوە .

**پ: کە منداڵەکانی بینی چی کرد؟**

**و:** ئەو کاتە جلی عەسکەری لەبەر بوو، دەوامی خۆی ئەکرد، باوەشی دا لێیان، تەوقەی لەگەڵ هەموومان کرد.

**پ: چۆن زانیبووی ئێوە بەردەبن؟**

**و:** عافو عام بوو بۆیە زانی.

**پ: لە خێزانەکەی ئێوە چەند کەستان نەگەڕانەوە؟**

**و:** 13 کەسمان نەگەڕانەوە، جگە لە خزمانی دیکە زۆر نەگەڕانەوە، کاکە ئەمین (49 ساڵ)، کاکە مەحموود (37 ساڵ) ، فەهیمە و منداڵەکانی، خەجێ و منداڵەکانی، حەمەجان عەزیز نەجمەدین (19 ساڵ)، ئەمەنە لە خێزانەکەی خۆمان نەگەڕانەوە.

**پ: ئیتر دوای ئەوە ژیانتان لە چەمچەماڵ بردە سەر.**

**و:** ناوەڵا من هاتمەوە کەرکووک .

**پ: چۆن هاتیتەوە بۆ کەرکووک؟**

**و:** خانوو حەوشمان حجز بوون، چووینە ماڵ خوشکمان، چوومە ماڵ شێخ عەتا، شێخ عەتا تاڵەبانی پەیوەندی کرد بە کاك موکەڕەم تاڵەبانییەوە، بەو قەرارەی ناو ئەحمەدی تیایە خانووەکەیان بۆمان گەڕاندەوە، ئیتر دوای زیاتر لە مانگێك گەڕاینەوە ماڵەکەی خۆمان لە کەرکووک.

**پ: ئەی ماڵی ئاغای خەزورت کەوتنە کوێ؟**

**و:** کەوتنە چەمچەماڵ، چەشمە بەردینە لای خانووی مەڕەکە، زەوییان دا پێیان، بە بلۆك خانوویان بۆ خۆیان دروست کردو چوونە ناوی.

**پ: وەك ئەو عالەمە؟، ئەنفال جیاوازی چینایەتی نەهێشت، ئاغا و جووتیار پێکەوە بۆ گۆڕی بە کۆمەڵ.**

**و:** وایە .

## گەڕاندنەوەی ئاڵتون و ئەشیاکانمان

**پ: ئەشیاکانتان ئەوانەی ناو زەرف و گوونییەکەی تکریت، خوران، یان وەرتانگرتەوە؟.**

**و:** ئینجا بزانە بۆ ئاڵتوونەکان کە چۆن دەرم کرد بۆیان، هاتین بۆ چەمچەماڵ بۆ بەیانییەکەی ڕۆیشتین بۆ بینایەی قایمقام، خەڵك هەبوو ئەیووت باجی ڕەسمییە چی بکەین بۆ ئاڵتوونەکان، چی بکەین بۆ پارەکانمان، سێ چوارێکم هاندا وتم بڕۆن بە قایمقام بڵێن ئەی ئاڵتونەکەمان کەی ئەدەنەوە، کەی پارەکانمان؟ ئیتر ئەو تووڕە ئەبێت ئەڵێ ئاڵتون چی، پارەی چی؟، من ئەڕۆم قسەی لەگەڵ ئەکەم و تێی ئەگەیەنم، وەڵڵا ئیتر ئاوا وەستابووم، ڕۆیی پێیانی وت ژنێك، ئیتر خۆت ئەزانی عەشایەر چۆنە، یەکسەر چووە لای، وتی جەنابی قایمقام کەی پارەکەمان ئەدەنەوە، کەی ئاڵتونەکانمان ئەدەنەوە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: پارەی چی؟، ئاڵتونی چی؟ بڕۆ دەرەوە، منیش وتم: جەنابی قایمقام ڕووخسەت ئەدەی چوار قسەت لە گەڵا بکەم؟ وتی: فەرموو وەڵا ئیتر یەکسەر چوومە پێشەوەو وتم: بابە لە تکریت ئاڵتون و پارەیان لێمان سەند، کردوویانەتە ناو زەرف و لە بانی ناو خاوەنەکەی نووسراوە، نەیانزانی ئێمە بەر ئەبین، وایان ئەزانی ئێمە ئەڕۆین ئەمانکوژن، بۆ ئەوەی ئەو پارەو ئاڵتونە بۆ خۆیان بە جێبمێنێ، وتی: لە تکریت؟

وتم: بەڵێ، وتی: باشە ئێوە بڕۆن ئەگەر هاوردمانەوە بانگەوازتان بۆ ئەکەین، وەڵا دوای هەفتەیەك بانگەوازیان كرد كێ ئاڵتون یان پارەی لە تکریت لێسەنراوە با بێت بۆ قائیمقامیەت، وەڵا کاتێ چوومان چۆن کردبوویانە ناو زەرفەکە ئاوها یەك بە یەك دایانەوە پێمان.

**پ: هیچ نوقستانی نەبوو؟**

**و:** هیچ نوقسانی نەبوو گشتی لە ناو زەرفەکە بوو، ئەمەنە نوقسانی نەبوو هەر بە گونییەکەوە وەك خۆی هاوردبوویانەوە.

## کۆتایی

گەڕانەوەی زیندانیانی ئەنفال بۆ کوردستان، کارەساتەکەی گەورەتر بوو لە زیندانی بوونەکەیان، ئەگەر لە زیندانەکان ژیان لە سەر زەوییە ڕەقوتەقەکەش بووایە، بێجێگای بن و بان، بە تەنها نانە ڕەق و ئاویش خواردنیان بووایە، ئەوا ئومێدێکیان هەبوو ڕۆژێك کەسوکارەکەیان ببیننەوە، جێگایەکیان هەبوو ژیانە مەرگاوییەکەی لێ ببەنە سەر، ئەگەر زیندانیش بوو لە ژێر ڕەحمەتی قامچی حەجاجیش بووایە، وەلێ کە هاتنەوە نە پیاو، کوڕ، باوك ، خوشك، منداڵ و برا مابوو، نە بستە زەوییەکیش هەبوو لە سەری درێژە بە ژیان بدەن، لە گەڵ هاتنەوەکان ئومێدو هیواکان کووژانەوە، هەر ئەوەندە بوو بڵێین بەخێر بێنەوە بۆ مەرگ بە ئێش و ئازارەوە.

تاکو لەوێ بوون منداڵەکان نایانزانی پێیان دەڵێن هەتیو، ژنەکانیش بێوەژن، باوکەکان تاقانە و بێ ماڵ و حاڵ، نایانزانی ڕۆژێك دێت ئەوانەی باوك و برا و کەسوکاریانیان ئەنفال کرد دەبنە خاوەند دیوەخان و دەسەڵاتیان سەدان جاری سەردەمی ئەنفالکردنەکە زیاد دەکات، نەیانئەزانی دەبێت دایکیان دەسکەنە بکات، سواڵ بکات، ڕۆژانە بیست کاتژمێر کار بکات بۆ ئەوەی تەنها ئەوان سەموونەکەو ئاوەکە بخۆن، نەیانئەزانی ئیتر قوتابخانە

نابیننەوە، جەژن ناکـەن، گۆشـت و جلـی تـازە نـابینن، لـە ڕۆژانـی باوکـدا بـە دیـار وێنـە کۆنـەکانی باوکیانـەوە دەگـریێن، نایـانزانی نەنکیان ئیتر سەموون و خەیار و تەماتە قەت ناخوات، نەیانئـەزانی دێنەوە بۆ دۆزەخی ئەنفال ..... بەخێر بێنەوە ئازیزانم بۆ جەهەننەم، ئەنفال ئەگـەر زیندانەکـەی لـە تـۆپزاوەو دووبـزو تکریـت و نـوگرە سـەلمان بـوو، دۆزەخەکەشـی لێـرە لـە ڕزگـاری، شـۆڕش، کۆیـەو جێژنیکـان و بەرحوشـترو بـەنی سـەڵاوەو دارەتـووو قوشـتەپە و باینجانە.

## پێرست:


| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | پێشەکی | 7 |
| 2 | ڕەسمییە کێیە؟ | 11 |
| 3 | تێکەڵاوبوونی مامساڵەح بە سیاسەت | 16 |
| 4 | سەرکەوتنی شۆڕش | 19 |
| 5 | چوون بۆ قوتابخانە | 22 |
| 6 | سەرپەرشتی کردنی ماڵەوە | 29 |
| 7 | بوومە ئەندامی حیزب | 31 |
| 8 | تەتەرەکەی حیزب | 47 |
| 9 | هاوسەرگیری | 52 |
| 10 | بارکردن بۆ قەزای موسەیەب | 58 |
| 11 | چوونی مام ساڵەح بۆ شاخ | 65 |
| 12 | هاتنەوەی کاکەم بۆ ناو کەرکووک | 70 |
| 13 | چۆن فێری دەرزی لێدان بووم؟ | 74 |
| 14 | مامە ڕیشە داڵدەیانی دا | 75 |
| 15 | بەرەو لادێ | 76 |
| 16 | نەفرەت لە براکوژی | 80 |
| 17 | بەرەو ئەنفال | 86 |
| 18 | دەرچوون لە کەریم باسام | 89 |
| 19 | گەیشتنە قادر کەرەم | 100 |
| 20 | لە ناو قادر کەرەمین | 102 |
| 21 | ئەوانەی لە بیر ناکرێن | 105 |
| 22 | چوون بۆ مجەمەعەکەی قادرکەرەم | 109 |
| 23 | لە بەر ئەوان ئەنفالکراین | 116 |

| | | |
|---|---|---|
| 118 | ڕێگرتنی شێخ موعتەسەم لە بردنمان | 24 |
| 123 | لیواکەی چەمچەماڵ | 25 |
| 124 | بەرەو کەرکووک | 26 |
| 126 | گەیشتنە جەهەنەمی تۆپزاوە | 27 |
| 141 | بەرەو سەربازگەی دووبز | 28 |
| 145 | کارەبا کووژاندنەوە | 29 |
| 148 | یەکەم شەومان لە قاعەکەی دووبز | 30 |
| 153 | یەکەم وەجبە بووین لە دووبز | 31 |
| 156 | خواردنمان | 32 |
| 159 | مردن | 33 |
| 165 | خۆ شووشتن | 34 |
| 167 | مامانی | 35 |
| 172 | پەرستاری | 36 |
| 184 | ڕابەری مانگرتنەکەی دووبز | 37 |
| 190 | جەژنی ناموورادیمان کرد | 38 |
| 191 | منداڵە بێسەرپەرشتەکان | 39 |
| 194 | بردن بۆ ئەمنی کەرکووک | 40 |
| 200 | شت فرۆشتن لە دووبز نەبوو | 41 |
| 204 | ناومان نەخوێندرایەوە | 42 |
| 205 | وەجبە بردن بۆ مەرگ | 43 |
| 212 | گواستنەوە بۆ ئەمنی تکریت | 44 |
| 221 | گەڕانەوە لە مردن | 45 |
| 229 | رزگاربوون لە ئەنفال | 46 |
| 233 | گەڕاندنەوەی ئاڵتون و ئەشیاکانمان | 47 |
| 234 | کۆتایی | 48 |
| 239 | وێنە و بەڵگەنامەکان | 48 |

# ئەلبوومی وێنەکان:



خەڵات ئەحمەد نەجمەدین



ئومێد ئەحمەد نەجمەدین



هەژار ئەحمەد نەجمەدین



بەشدار ئەحمەد نەجمەدین



هاوڕێ مام ساڵح



کەماڵ مەجید



هاوڕێ شوانە



فەریق عەبدوڵا



ڕەسمییە، ئیلهام و ئەمیرە





نەجمە عەزیز



سەعدیە عەزیز

عەزیز نەجمەدین و حەمدیەی هاوسەری



ڕەحمە
نەجمەدین



خەجێ
نەجمەدین


قادر كەرەم



نەجمەدین مەجید



ئەمین نەجمەدین



مەحموود نەجمەدین



ئەحمەد نەجمەدین




وزارة الصحة

صورة قيد وفاة

١٩٨٩/٩/٢٤


دكتورة



« استمارة الى العصي بموجب قرار مجلس قيادة الثورة الصادر برقم »

٦/٩/١٩٨٨

١. الاسم الكامل لرب العائلة :

٢. المواليد : ٩٦٩

٣. [illegible]

٤. عنوان السكن قبل الهروب :

٥. منطقة التواجد أثناء الهروب : وتاريخ ذلك :

٦. أسباب الهروب : عمليات الأنفال

٧. الجهة التي حلت بها أثناء الهروب :

٨. أسماء أفراد العائلة — المواليد — العلاقة

١.
٢.
٣.
٤.
٥.
٦.
٧.
٨.
٩.
١٠.

ملاحظة : [illegible]



MEDECINS SANS FRONTIERES asbl
ARTSEN ZONDER GRENZEN vzw

22.7.1991

TO WHOM IT MAY CONCERN

WE HEREBY CERTIFY THAT MR/MS [illegible]
WORKED FOR 7 YEARS AS HEALTH ASSISTANT IN [illegible] CAMP
SITUATED IN [illegible] PROVINCE.
[illegible] INSTALLED A HEALTH [illegible] IN THIS CAMP WHICH [illegible]
[illegible] WELL DUE TO THE HIGH QUALIFICATION OF THE [illegible]
HEALTH ASSISTANTS AND THEIR [illegible]. I CAN [illegible]
[illegible] THAT THESE PEOPLE CAN ONLY CONTRIBUTE TO THE
[illegible] OF ANY ORGANISATION, [illegible]
[illegible] THEM.

MEDECINS SANS FRONTIERES
M.S.F.
BELGIQUE

[illegible]




Qadr Karam